# مامۆستای کورد

٦

بەهاری ١٩٨٨

# MAMOSTAY KURD

6

BEHAR -1988

بۆ کاک ناسۆس
لەگەڵ رێز و سپاس
[illegible]

فەرهاد

# مامۆستای کورد

ژماره -٦- بەهاری ١٩٨٨

سەرنووسەر: فەرهاد شاکەلی

**ناونیشان**

Mamostay Kurd
Box 615
191 26 Sollentuna
SWEDEN

# ناوەڕۆک


مامۆستای کورد | ژمارە ٦ | بەهاری ١٩٨٨



| | | |
|---|---|---|
| ئەمجارەش ئازادیی بیروباوەڕ | فەرهاد شاکەلی | ٣ |
| پەنجەرە | کوردان | ٦ |
| «کتک و مشکی» عوبەیدی زاکانی | قازی ئەحمەد | ١٠ |
| گفتوگۆیەک لەگەڵ لازاریڤ | ... | ١٢ |
| سوتماک | شێرکۆ بێکەس | ٢٠ |
| گەڕانەوە | مووسا گەرمێنیێ | ٢٢ |
| حەوانەوەی دوای سەرکەوتن | مارف عومەر گوڵ | ٢٢ |
| دەربارەی دۆخی ئێستای سیمبۆلیزمی رووسی | ئەلیکساندەر بلۆک | ٢٣ |
| ئایە دەزانن «کۆپی رایت» چییە ؟ | خولە شارەزووری | ٣٠ |
| «گۆران» شاعیری نەتەوەی کورد | لاش بیکسترۆیم | ٣١ |
| بلویرژەنی بۆ کێ ؟ | پێکوڵ موکریانی | ٣٦ |
| حەسەنپوور چۆن لە خەم دەگا ؟! | سەیوان عەلی رەزا | ٤٠ |
| یارەژیکەلانەکەم | قاسمی موئەیەدزادە | ٤٤ |
| نامە | د. رەحیمی قازی | ٤٦ |
| بەیانی ئەکسا | | ٥٠ |
| هونەر و حیزب | رزگار عەبدوڵڵا | ٥١ |
| دۆزی کورد و هەڵوێستی شوورەوی | کەمال | ٥٥ |
| بەرهەمێکی دووڕەگ | ل. کۆچەر | ٥٨ |
| تۆ ناوی بنێ | ئاشتی | ٥٩ |
| دوو کۆمەڵە شیعر و چەند سەرنجێک | بەمۆ | ٦٠ |
| بانگەوازێک | کۆمیتەی ئازادکردن | ٦٨ |
| هەڵەبجە، هیرۆشیمای کوردستان | هەیاس | ٦٩ |



پیتچنین و مۆنتاژکردنی:
نووسینگەی تارا – سوێد

Tara Sätteri
Box 2068
172 02 Sunbyberg


# ئەمجارەش ئازادیی بیروباوەڕ


فەرهاد شاکەلی


با خوێنەری خۆشەویست ببەخشێ کە ناچارم هێندێ لەو باسانەی لێرە و لەوێ لەسەریان دەنووسم و قسەیان لێوە دەکەم، گەلێ جار لە نووسینەکانمدا دووبارە و چەند بارەش دەکەمەوە. ئەمە لە کاتێکدا کە بۆ خۆی شێوازێکی پێداگۆگییە، بەڵام ئەوەش پێشان دەدات کە باسەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی ئەمڕۆماندا گرنگن و لە گەرمی و تازەیی بەرخوردارن. دیارە ئەوەشم لە بیرە کە بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی مامۆستای کورد، وەک گۆڤارێکی سەربەخۆ و تاکە سەکۆی کوردیزمانی دیموکراسی و ئازادیی بیروباوەڕ، هۆیەکی لەبەرچاوی گەرمبوونی ئەو جۆرە باسانەیە.

لەو رۆژەوە کە یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارە بڵاوبۆتەوە و تا ئەمڕۆ بەسەدان جار رووبەڕووی بیروڕا و دیتنی جۆربەجۆری کەسانی جیاواز بووینەتەوە. بەشێکی گرنگی ئەمانە بێ پێچ و پەنا پشتی گۆڤارەکە دەگرن و بە ئامرازێکی بێوێنەی گەشە کردنی بیری دەزانن. بەشێکی دیکەش، کە وام نیازە لەم نووسینەدا بیاندوێنم، ئەوانەن کە چ بە ئاشکرا و چ بە نهێنی دەرچوونی گۆڤارەکەیان پێ ناخۆشە و لە خۆیانەوە جۆرە ترسێکیان لێ نیشتووە و پێی سەغڵەت دەبن. زۆربەی ئەمانە کەسانی سەر بە پارتی و هێز و گرۆ سیاسییەکانی کوردستانن، سا ئیدی ئەندام و لایەنگر، یا بەشێوەی دیکە پێبەندیان بن، و بناخەی بەڵگە و بۆچوونەکانیشیان خەیاڵ و فەنتازیایەکە، نقیشکەکەی ئەوەیە کە ئەندامەتی و هاوڕێیایەتی و هاوبیرایەتی ئەم حیزب یا ئەو گرۆ مافی ئەوەیان دەداتێ خۆ بە تاکە نوێنەری بەرژەوەندی نەتەوەی کورد بزانن و هەمیشەش هەق بەلای ئەوانەوە بێ. پێچەوانەی ئەمەش دیارە چ دەگەیەنێ و چۆن تەرجومە دەکرێ.

نەبوونی دیموکراسی و رێنەدانی دەربڕینی ئازادانەی بیروباوەڕ دەردێکە زۆربەی هەرە زۆری گەلانی دنیا بەدەستیەوە دەناڵێنێ و تووشی بووە، بەتایبەتی گەلانی ئەو وڵاتانەی لە سێبەری **(رەشی)** دیکتاتۆریدا دەژین، ئیدی دیکتاتۆری ژەنەراڵ و تاکە کەس بێ، یا هی ژونتا و تاکە حیزب (دیکتاتۆری بەهەر رەنگێکیش بۆیەی بکەیت هەر دیکتاتۆرییە و بە حەفتا ئاویشی بشۆیتەوە گلاویی دەرناچێت). بێگومان گەلی کوردیش هیچ ریزپەڕ نییە و هەر یەکێکە لەو گەلانە. بەشێکی گرنگی خەباتی ئەم گەلانە بۆ بەدەسهێنانی دیموکراسییە. بەڵام هەموو جارێ لەگەڵ رزگاریدا (رزگاریی خاک) دیموکراسی دەسگیر نابێ (دەیان نموونە هەن: ئەورووپای رۆژهەڵات، ڤیێتنام، کامبۆچیا، جەزائیر، پاکستان، بەنگلادیش و ... هتد). گەلانی خۆشبەخت و بەکام گەیشتوو ئەوانەن کە لەگەڵ هەڵهاتنی خۆری ئازادی و رزگاریدا، دیموکراسیش دەبێتە سیستێمی فەرمانڕەوای وڵاتەکەیان (دەکرێ ناوی فینلاند، نۆرویژ، هیندستان، سینیگال، لوبنانی جاران و تا رادەیەکیش زیمبابڤێ .. هتد ببەین).

ئێمە ناتوانین ئەم جیاوازیی پاشە رۆژ و سەرئەنجامە بەوە لێک بدەینەوە کە هەر لە خۆوە روودەدات، یا بەشە، یەکێک بۆی دێت و یەکێک بۆی نایێت. ئەمە پرۆسێسێکە کۆمەڵێ هۆ و فاکتۆری جیاواز رۆڵی تێدا دەبینن و بڕیاری دەدەن:

سرووشتی دەسەڵاتی داگیرکەر، رادەی شارستانێتی و پێشکەوتنی وڵاتەکە، پلەی خوێندەواری و هۆشیاریی گەل، بیروباوەڕی سەردەست لەناو کۆمەڵدا، سرووشت و بیروباوەڕی هێزی رزگاریخواز، رادەی بەشداربوونی روناکبیران لە خەباتی رزگاریخوازیدا و ...هتد.

رژێمەکانی دیکتاتۆری و کۆلۆنیالیست، ئەگەرچی تۆوی مردن و لەناوچوونی خۆیانیان لەگەڵدایە، بەڵام هەروا لە خۆوە لەناو ناچن و لانابرێن. کۆمەڵێ هۆکاری ئابووری و سیاسی و ئەتنی و دینی و تەنانەت کەسییش پاڵ بە تاکەکەس و خێڵ و گرۆ و تاقم و پارتی و گەلی جیاوازەوە دەنێن رووبەڕووی رژێمەکە راوەستن، هەوڵی

گۆڕین یا ڕووخاندنی بدەن و بەرنامەی ئاڵتەرناتیڤی خۆیان بخەنە کار. ئەم ڕووبەڕووبوونە دەیان پلەی جیاوازی هەیە؛ هەر لە نامە نووسین و ئیمزا کۆکردنەوەوە بیگرە تا دەگاتە کودەتای سەربازی، ڕاپەڕینی جەماوەری یا شەڕی چەکداری درێژخایەن. هێزی ڕووبەڕووبوونەوەکەش (بەرامبەر، بەگژاچوو، بەرەنگاربوو opposition) شێوەی جیاوازی هەیە؛ لە تاکە کەسەوە تا کۆمەڵ و گرۆ و پارتی و بەرەی یەکگرتوو. ئەم هێزی ئۆپۆزیسیۆنە ڕۆڵێکی یەکجار گرنگ و بڕیاردەری هەیە بۆ پاشەڕۆژی گەل، وڵات، نیشتمان و دۆز. کلۆڵی و بەدبەختییەکە لەوەدایە کە گەلێ جار (بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵات) ئاکار و ڕەوشت و هەڵس و کەوت و بیرکردنەوەی هێزی ئۆپۆزیسیۆنەکەش، لەگەڵێ ڕووەوە هەروەکوو هی دەسەڵاتدارە ملهوڕە کاربەدەستەکەیە. ئەگەر جیاوازییەک لە نێوانیاندا هەبێ هەر ئەوەیە کە ئەمیان دەیەوێ ئەو لەسەر تەخت لاببات و بۆ خۆی جێگەکەی بگرێتەوە. گەلانی دنیا لەم بوارەدا گەلێ ئەزموونی تاڵیان هەیە. زۆر جار وا ڕووی داوە کە هێزێک بۆتە ئاڵاهەڵگری خەبات دژی سیستێمی دیکتاتۆر یا کۆنزێلیالیست و بە بەرنامەیەکی جوانی ڕەنگاوڕەنگی پڕ لە زریق و باقەوە هاتۆتە پێشەوە و کۆمەڵانی خەڵکی هێناوەتە جۆش و خرۆش. سەرئەنجام بەوە شکاوەتەوە کە هێزەکەی دژی دیکتاتۆری تەخت و تاجی چنگ کەوتووە و دیکتاتۆر و فاشیستێکی وای لێ دەرچووە، کە خەڵکەکە هەزار ڕەحمەتیان بۆ دیکتاتۆری پێشوو ناردبێ. بێگومان ناسینی ناوەڕۆک و شێوەی هێزی / هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن ئاسان نییە، بە تایبەتی بۆ زۆربەی خەڵکی ڕەمەکی، کە بەدەست ڕژێمێکی خوێنڕێژی دیکتاتۆرەوە، بەدەست داگیرکەرێکی ملهوڕی دڕندەوە ژیانی وا لێ تاڵ بووە، دەیەوێ هەرچۆنێک بێت لێی ڕزگار بێت و پاشان گرنگ نییە هەرکێ دێتە جێگەکەی با بێت. هەتا پلەی هۆشیاریی کۆمەڵگە و مەردم بەرزتر بێت و ڕووناکبیری چاوکراوە زۆرتر بن، دەرفەتی پەیدابوون و سەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆنی دیکتاتۆر کەمتر دەبێت، پێچەوانەکەشی بەپێچەوانەوە.

ناوەڕۆکی دیموکرات یا نادیموکراتی ئۆپۆزیسیۆن و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلان لە هەڵسوکەوت و ڕەوتار و ئاکاری جۆربەجۆردا ڕەنگ دەداتەوە و شێوەی دەربڕینیشی لە هەموو کات و شوێنێکدا وەک یەک نییە. بەڵام لە هەموو سەردەمێکدا و لە گەشت لایەک تاکە پێوەرێک دەمێنێتەوە کە هەرگیز ژەنگ هەڵناهێنێ و نرخی خۆی، بۆ پێوانی ڕەوشت و ناوەڕۆکی دیموکراسی، لەدەست نادات؛ ئەویش ئازادیی بیروباوەڕە.

پێم وایە چ نهێنێکی سەیرم ئاشکرا نەکردووە ئەگەر بڵێم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد ئەمڕۆ لە هەموو دەمێکی کە زیاتر، دوورە لە بنەماکانی دیموکراسی و سەربەستیی بیروباوەڕ. لە کاتێکدا دەبوایە بوونی ئەو هەموو ڕێکخراو و گرۆ و پارتییە جۆربەجۆرانە ببوایەتە هۆی جێگیربوونی پلوورالیزم و دیموکراسی، کەچی، بەداخەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، دیاردەی وەکو تەسکبینی و دژایەتی کردنی بیروباوەڕ و چەوساندنەوە و ڕاونانی بیروباوەڕی جیاواز و گومانکردن و ترسان لە

ڕووناکبیرانی ئازادەبیری سەربەخۆ زۆرتر دەبێ و لەملاولەولاوە سەرهەڵدەدات. سەرەڕای ئەوەش پارچەپارچەبوون و «چارەسەرکردنی ...» ناکۆکییەکانی نێوان خۆیشیان بەشێوەی توندوتیژی بەکارهێنان و تەنانەت لە زیندان توندکردن و لەناوبردن و خوێنڕشتن مەودایەکی ڕەشتر و خەتەرناکتر دەداتە سەرجەمی هەلومەرجی سەردەست.

لە بواری ژیانی فەرهەنگیدا دیاردەی هەرە بەرچاو، کە ئەنجامێکی ئەو هەلومەرجەیە، دوورکەوتنەوەی ڕووناکبیرانە لە ژیانی سیاسی. لە هەموو مێژووی گەلی کورددا هەرگیز هێندەی ئەمڕۆ ڕووناکبیری کورد لە دەرەوەی چوارچێوەی بزووتنەوەی سیاسیی کورددا نەبوون (مەبەستم کاری چالاکانەی پارتایەتییە). لە کۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای ئەم سەدەیەدا چاکترین ڕووناکبیرانی کورد ئەو ئێلیتە بوون کە ئەستەموڵ بووبووە نێوەندی چالاکی و کاریان و ڕۆڵێکی گرنگیان هەبوو لە ژیانی سیاسیی کورددا. لە سەردەمی پێشەوایانی نەمری گەلی کورد شێخ مەحموودی حەفید و پێشەوا قازی محەمەد و سەرۆک بارزانیدا دیارترین و پێشکەوتووترین ڕووناکبیران و خوێنەوارانی کورد **لەناو** بزووتنەوەی سیاسیی کورددا بوون و بەدڵ و بەگیان بەشدارییان تێدا دەکرد. بەڵام ئەمڕۆ ڕووناکبیران و خوێنەوارانی هەرە دیاری کورد ئەوانەن کە لەگەڵ هیچ



پارتی و ڕێکخراوێکدا نین و بەشێکیان بە شێوەی سەربەخۆی خۆیان کوردایەتی دەکەن. ئەمە ئەنجامێکی ڕاستەوخۆی جۆری بیرکردنەوە و ڕەوتاری هێزە سیاسییەکان و بەڕادەی یەکەمیش سەرکردایەتی و سەرکردەکانی ئەو هێزانەن. ئەگەر نیاز وابێ گلەیی لە کەسێک بکرێ لەبەر ئەم ئەنجامە، ئەوا دەبێ گلەیی لە سەرکردە و سیاسەتمەدارانی ئەمڕۆی کورد بکرێ کە، پێ‌بزانن یا نەزانن، بوونەتە هۆی بێبەشکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کورد لە هەزاران وزە و توانستی بایەخدار بۆ بزواندن و پێشخستن و هۆشیارکردنەوە. جێگەی ڕووناکبیری سەربەخۆ و لێهاتوو نە بە ئەندامی زۆروزەبەندی کۆمیتەی ناوەندی و کۆمیتەی سەرکردایەتی و بیرۆی سیاسی پڕ دەبێتەوە و نە بە کۆلکە خوێندەواری هەلپەرستی کوڕی ڕۆژ.

لە هەلومەرجێکی ئاوادا مەسەلەی هۆشیارکردنەوەی گەل و پێگەیاندنی تەگەرەی تەواوی تێدەکەوێت و هەرگیز ناگاتە ئاستی ئەو پێویستییە کوتوپڕەی باری دواکەتن و چەساندنەوە و ترکزە (خەتەر) ی لەناوچوون پەیدای کردووە. هەرچەندە لە گوتوبێژ و نووسینی هەر هەمواندا باسی گرنگیی هۆشیار کردنەوە و ڕووناکبیری دەکرێ، بەڵام وا پێ ناچێ هیچ لایەنێک بەڕاستی بێت، وا پێ ناچێ چ ئەزموونێکمان لە ڕابوردووی خەباتی گەلی کورد، لەم بوارەدا، وەرگرتبێ. من کە ئێستا بیر لە مێژووی سەد و پەنجا ساڵی ڕابوردوومان دەکەمەوە، وای بۆ دەچم کە لە نێو هەموو سەرکردە و ڕێبەرەکانی گەلی کورددا، **تەنیا پێشەوا قازی محەمەد** بەڕاستی لە گرنگیی ئەم باسە تێگەیشتبوو و بەدڵ کاری بۆ دەکرد.

ئێستاش، دوای ئەو هەموو شکان و هەرەس و ژێرکەوتنە، هیچ نیشانەیەکی ئەوە لە ئارادا نییە کە سەرکردەکانی ئەمڕۆ بیرێکی جیددی و دڵسۆزانەیان لەم کارە کردبێتەوە.

هۆشیارکردنەوە پرۆسێسێکی درێژخایەنە. مەرجی پێشبینیکراوی سەرکەوتنی ئەوەیە خوێنەواران، بەتایبەتیش ئێلێتی ڕووناکبیران، چالاکانە بەشداریی تێدا بکەن، بەڕێوەی ببەن و بە ئەنجامی بگەیێنن. ڕووناکبیرانیش کاتێ دەتوانن وزە و توانستی داهێنەرانە بخەنەکار کە دەست و دەمیان نەبەسترابێت.

لە نووسینی دیکەمدا، هەر سەبارەت بەم باسە، کاتی خۆی ئاوام نووسیبوو: *«سیاسی و خۆ بەپێشڕەوزانەکانی کورد دەیانەوێ نووسەر و ڕووناکبیری کورد ببنە مەیموون و خۆشیان مەیموونەوان بن، چۆنیان ویست ڕووناکبیران ئاوا هەڵپەڕێنن و پێشانی خەڵکیان بدەن. ئەوان بۆئەوەی ئەمەیان بۆ بچێتە سەر کۆڵێ قسەی زریقوباقیش دەدۆزنەوە و نێوی تیۆریی لێ‌دەنێن. بەڵام ڕووناکبیری کورد دەبێ بڵێ نەء ... دەبێ بڵێ قوربان تۆ لەمن دڵسۆزترنیت بۆ گەل و وڵات، ئیدی بۆچی دەبێ تۆ ڕێگە بە من نیشان بدەیت ؟! دەبێ وەکو ئەحمەدی خانیی نەمر بن، پەنجە بکەن بە چاوی میری جەزیرەدا و سەر بۆ هیچ هێزێک دانەنەوێنن.»*

بەڵام پێم وانییە ڕووناکبیری ئاوهامان زۆربن. ئێستاش **بەناو** ڕووناکبیر و نووسەری وامان هەن کە بەردەسی کردنی سیاسەت و سیاسەتمەداران بە کوردایەتی دەزانن.

ڕووناکبیرانی کورد دەبێ پێش هەموو شتێک خۆیان بناسن. خۆناسینی ڕووناکبیری کورد، بە هەرچییەک دەست پێ بکات، بەوە پایەدار دەبێت کە لە ڕەوتی مێژوویی نەتەوە و نیشتمانەکەی بگات و هەموو لێهاتوویی و وزە و توانستی خۆی لەپێناوی وەدیهێنان و ڕێخۆشکردن بۆ وەدیهێنانی ئامانجە پیرۆز و بەرزەکانی نەتەوەکەیدا بخاتە کار. تەرجومەی ئەم خۆ تەرخانکردنە هەرگیز بەوەوە نەبەستراوەتەوە کە لە چوارچێوەی جیهانبینیی سیاسیدا جێی ببێتەوە. هەروەهاش هەرگیز مەرج نییە، ئامانجە بەرز و پیرۆزەکانی نەتەوەیەکیش لەگەڵ پێڕەو و بەرنامەی هێزە سیاسییەکانیدا هاودەنگ و هاوڕەنگ بن.

جیهانبینیی ڕووناکبیران – بەتایبەتیش هونەرمەندان – زادەی هۆشیارییەکە، لە بەرەبەیانی پەیدابوونی مرۆڤایەتییەوە سەری هەڵداوە و ڕووەو داهاتوویەکی دوور، تا ئەو ئەندازەیەی خەیاڵ بڕبکات، پەل و پۆ دەهاوێژێ. بەڵام جیهانبینیی سیاسی بە کۆت و زنجیری نیگەرانی و بەرژەوەندی ڕۆژانەی سنوور بۆ دانراو و – لەوەیە –خۆخۆزی بە جۆرێک شەتەک دراوە، کە بواری دەرچوونی لە بازنەی کۆمەڵێ هاوکێشەی ماتماتیک – ئاسایی بۆ یارۆ نەهێشتۆتەوە. مەبەستم ئەوەش نییە بیژم ئەم دوو جیهانبینییە هێند لێک دوورن کە لە هیچ چوارڕێیانێکیشدا یەکناگرن و وێکڕا ملی ڕێگەیەک، کە جێگەی هەردوویانی لەسەر ببێتەوە، ناگرن.

# پەنجەرە !

بۆ کاک دکتۆر دەروێش،
یاری بەوەفای شۆڕش و پێشمەرگە.

**کوردان - پایزی ٨٧**

دوگمەی زەنگی شان قەڕەوێلەکەی داگرت، ئیستێک پێ چوو، بەڵام کەس نەهات بەلایەوە. جارێکی تریشی داگرت کەس نەبوو. ئەمجار پەنجەی خستە سەر گۆپکەی زەنگەکە و دەستی لەسەر هەڵنەگرت.
جرینگەی کزی دەنگی زەنگ لە دالانی دووروودرێژدا، ئافرەتێکی بالا بەرزی بە پەرتاو کێشایە ژووری نمرە (١٤٧) موە.
- ... ئێ سیروان ئەمجارە چت گەرەک بوو؟! ... خواردەمەنی؟ ... ساردی؟ ... بتبەمە حەوش و تاوێک پیاسە بکەیت؟ ... چی!
- ساردی ؟! ... گەرمی؟! ... پیاسە؟!... نا، نا... لە ساردی و لە گەرمی، لە پیاسە و گەشت و لە هاتن و چوون مەدوێ نینا، کە من گەلێکم سارد و گەرم چێشت و زۆرم پیاسە و پێ کوتە کرد، بەڵام بە چ جێ نەگەییم و چم پێ نەبڕا. نینا ئیتر من لە ساردی زویرم، لە گەرمی زویرم و لە پیاسەی پەنا بووکەشووشەکانی ئەم وڵاتەش تێرم ...
- سیروان چت گەرەکە ... من بەدەنگی زەنگتەوە هاتووم ... گەر چت گەرەک نییە، دەبا کاتی یەک نەگرین ...
- نینا؟ نینای بووکەشووشە ... وەرە بنواڕە ... وەرە بنواڕە و گوێ رادێرە. وەرە تاوێک ترووسکەی چاوە شینەکانت بەسەر شینایی ئەم روبارە نەرم و نیانەدا بخشێنە. ئەرێ نینا تۆش لەنجەولاری بەلەم و لۆتکە سپیلکەکانی سەر ئەم چەم و زرێیە هەر بەم کەشمە دەبینی کە من دەیبینم؟ ژینی سەربەستانەی بۆرچین و سۆنە و مراوی سەر شەپۆلان چی؟ ئەرێ ژینی سەربەستانەیان هەر ئەو حەزەت بە دڵ دەبەخشێ، کە دیتنیان بە چاوی من، تەرمی لە تینووا خنکاوی ئاواتەکانم لە دڵدا ئاوەشێن دەکەن؟
نینا! وەرە لە پشت شووشەی بێگەردی پەنجەرەوە، سەرێک بەسەر ئەم چەم و پارک و بوولوارەدا بنواڕە ... سەیرێکی ئەم شەقامە پڕ حەشیمەتە بکە و پێم بڵێ، کە هامووشۆکەرانی ئەم هاتن و چوونە بێ پسانەوەیە کێن. ئەرێ ئەم پۆلە ئاپۆرانەی کەوا کۆبەکۆ لێک هاڵاون، گشتی ئەندامانی خۆشەویستی یەک بنەماڵەن؟ دایک و باوک و خوشک و برا و دێد و پووری یەکن؟ بڕبڕەی پشتی یەکن؟ ئایا سەربەسەریان گیرفان پڕ و دارا و تاسەلن؟ یان هەمووی رووت و برسی و هەژار و نەدارن؟ ئەرێ نینا! کۆمەڵگای ئێوەش هەر وەک کۆمەڵگای وڵاتانی تر، چین چین و توێژ توێژن؟ هەندێکیان خاوەنی کۆشک و تەلار و کارگە و فابریکن و زۆربەیان یەخسیر و بەندە و بەستەی بارەگای زۆردارانن؟ ... پێم بێژە نینا... پێم بڵێ... پێم بلێ گەر ئەم کۆگا بێ ئەژمارە لە دووبەرەی دژ بەیەکن، و هەر لایەکیان بەر هەقە و لای تر ناڕەوا، ئەدی نینا ئاگر و ئاو، خودا و شەیتان، پاکی و پیسی و ... بۆچ لێک نادەن؟ بۆچی لێکی دەرناکەن؟ ئاخر نینا لە وڵاتەکەی ئێوەشدا تەقەیەک! زرمەیەک! ئاگرێک! ئاسنێک! خوێنێک! شینێک! شەپۆڕێک! ... ئەی بۆچی ئەم نەگبەتییانە لێرە نە دەنگیان هەیە و نە رەنگ و نە بۆن؟! ئایا نینا لە وڵاتی ئێوەدا، کەس دوژمنی کەس نییە و هەرچی هەیە دۆست و برادەری یەکن و گشتی سوێند بە سەری یەک دەخۆن؟ تەنانەت کرێکاری رەنج بە خەسار و خاوەن کاری خوێن مژیش دەست لە ئەستۆی یەکن و شەو لە دانسینگەکاندا بادە لە دەستی یەک دەگرن و لە گەڕی سەمادا پێکەوە خۆ بادەدەن؟ ... گەر وتە و گفتی مامەی ریشپانمان راستە نینا، کە راستەگۆڕەپانی بورژیوازی ئاخر قۆناغی مانەوەی یەکێک لەم دووبەرەیەیە، ئەی کەی دێ ئەو رۆژەی لێک دەرکردنیان نینا؟! نەکا رۆژی لێکدەرکردنی ئەم دوو



دوژمنە خوێن زادە، لەبەر نەبوونی چەک کەوتبێتە دوواوە نینا!! دەک ماڵی بێ چەکی کاول نینا !! ... مەخرۆشێ نینا! نە! نە! ... نەخێر نینا؛ ئەو گەمێ و پاپۆڕە زلانەی کەوا باری چەکیان بارگەیە و بۆ سەرداوەتی رۆژهەڵاتی ئەفسانە دەچن، مەبەستی قسەم نین. ئەز باش دەزانم کە ئەم چەکانە چەکێک نین کە لە ناو خۆتانا بتەقنەوە. ئەوانە چەکی تایبەتن کە هەر لە ناو رەش و روتەکانی مەڵبەندی زێڕی رەشدا دەتەقنەوە. چ باش!! ئافەرین بۆ دەستکردی شارەزایانەتان!! نینا ئێوە هەڵۆن، هەڵۆ قەت دوژمنی خۆی لەبەر دەرگای خۆی ناکوژێ
- سیروان وازبێنە! ... چت گەرەکە ... من بەدەنگی زەنگتەوە هاتووم ... چی تر کاتم مەگرە ... ئای خودای مەزن ئەز چبکەم؟ ...
- خودای مەزن؟! ... ئێ، ئێ، نینا! ئێوەش رووی نیازتان بەرەو بارەگای سەروو کلدەکەن؟ بەڵام کەی؟ کەنگێ؟ ئەو دەمەی کە دێمە کارەکانتان چاو لە رێی پەڵە بارانە و خوناوەکەتان لێ قاتە؟ یان ئەو دەمەی کە تاقانەی دایێ و بابان، دێ بە دێ، بە پێی پەتی و بە ورگی خورێن روو دەکاتە شار بۆ بەرمیلێ نەوت، بۆ کەللە قەندێ، بۆ مشتە چایێ، بۆ دوو گەزە کوتاڵێ، و خۆ بە ئاگر و ئاودا دەکا؟ ... نەخێر نینا، لە قامووسی ئێوەی حەساوەدا، ناوی خودا هەر کێشی هۆنراوەی کورتە کەلامەکانتانە و بەس. پاشکۆی قاقای پێکەنینی کاتی سەرخۆشیتانە و بەس. چوونکە ئێوە بە کۆمەڵ قڕ ناکرێن، بە کۆمەڵ لە نان و ئاو ناکرێن، بە کۆمەڵ بە کۆڵی کۆچی زۆرەملێدا و بە کۆمەڵ رەهەندەی چۆڵ و قاقڕان ناکرێن.
نینا! لە هۆدەکەی من، لە پشت پەنجەرەکەمەوە، هەرچی هەیە سەربەستە، ئازادە و بێ دەرد و مەراقە. پەپوولە بە بەر پەنجەرەکەما دێت و دەفڕێت. پەلەوەر لەم سەری ئاسۆوە باڵ دەکاتەوە و بۆ ئەوسەر دەفڕێت. کارمامزە شەنگەکان دەگەڵ کارژۆڵە شیرینەکانیان بێ ترس لە تەق و رەو، دێن و دەچن. دار و دەوەنەکان پڕ بار و بەرن. کەژ و کێوەکان ئەهوەن و ئارامن. هەرچی هەیە بەختەوەر و بەختیارن. هەر دەڵێی لەناو ئێوەدا نینا، کەس خەفەتبار نییە، کەس لە کەس مزر و رووگرژ نییە ... ئەدی بۆچی ... ئەدی بۆچی نینا هەر من ناشادم؟! نینا ئەژماری ساڵ و مانگ و رۆژ، ئیتر لە دەستی من دەرچووە. تۆ پێم بێژە ... پێمی بێژە بزانم چەندە، کە من یەخسیری چواردیواری پشت ئەم پەنجەرەیە کراوم ... نا، نا، پێمی بڵێ نینا بزانم چەندە کە وڵاتەکەی تۆ منی لە خۆم کردووە و پەڕ و باڵی کێشاوم؟!...
- سیروان بەس کە! ... تۆ ناسازی دەرگای بیر و خەیاڵی خراپ بەسەر خۆتا مەکەرەوە. تۆ یەخسیری پشت پەنجەرە و چوار دیوار نیت. تۆ سەربەستیت وەک ئینسانی ئازاد. ئازادیت وەک پەلەوەر، وەک پەپوولە ... وڵاتەکەی من ئەڵمانیا، داڵدەتە و پەناگەتە. چۆنی دەیتوانی و چەندی کە پات دەیگرێ، باڵ بکەرەوە و هەرێم بە هەرێم بە سەریا بگەڕێ ... ئێمە خەریکین قەفەس بشکێنین سیروان، ئەی کەی دڵمان دەیەلێ پەڕوباڵی مەلی بێ وڵات بشکێنین؟!...
- ئەی، ئەی ... نینا! نینا بەو چاوە شینانەت بلێ فرمێسکەکانت کۆبکاتەوە. پێی بڵێ ئەسرین بۆ مەلی ئاوارە دانەتکێنێت ... بەڵێ، بەڵێ!! ئێوە لە ناوەوە باڵ و پەڕی مەلی ئاوارە ناشکێنن ... بەڵام باشە سەر خۆش نینا،کەرەم کە و بە کۆشی تەنیاییم پسپێرەوە دیسان ... من چم لێت ناوێ ... چم گەرەک نییە ... هیچ! ... هیچ!

* * *

دیسان دەستەکانی بە دوو بەری کورسییەکەدا شۆڕبوونەوە. شان و پێل و مەچەکەکانی وەک تۆ بڵێی لە ژێر فەرمانی مێشکیدا نەمابن، توند راتڵەکین. قاچەکانیشی لە ناخی رانەوە تەزووی لەرزیان پێدا گەڕاو دەگەڵ راتڵەکینی شان و باسک، راتڵەکین. چاوەکانی بەرەو پشتی سەر هەڵگەڕانەوە و رەشێنەکانیان لە ژێر پێلووی سەروودا ونبوون. لەرز و موچڕک هات و بۆ سەر چوو. مێشکی گەرم داهات. رەنگی شین هەڵگەڕا. لەرزی، راتڵەکی و لە سەر کورسییەکەیا بە لادا کەوت. لنگەفرتەی کرد، کەفی هەڵخڕاند، ددانەکانی بەسەر یەکا سووتن و لە هۆش چوو.
ماوەیەکی پێچوو تیشکی هەتاو، ئارام ئارام لە بەری راستەوە بەسەر سنگی لووسی شووشەپەنجەرەکەدا خزی و لەبەری چەپەوە تیشک و گەرما خۆیان بەسەر بەژنی بێحاڵی سیرواندا کێشا. گەردن و گۆنا سارد و

ڕەنگ بزرکاوەکەی نەرمە نەرمە گەرم داهاتن و خۆرەتاو چاوی پێکردەوە. لە جێ هەستا و لەسەر کورسییەکە دانیشتەوە. سەیرێکی شادەماری زەق و زۆپ دەرپەڕیوی باسکەکانی کرد. نیگای نائارامی، بەسەر پشتی دەستیشیدا خزین، دەمارەکان وەک چڵ و پۆپی داری بێ گەڵا تێک هاڵابوون.

«... داخەکەم!... نەماوم ... لە دەست چووم ... لە دەست و باسکی توونێد و بەتوانای جارانم بڕوانە، کە هەر لوولاکە ئێسقان و پێست و چەند ڕیشاڵە دەمارێکیان لێ جێماوە ... سنگ و کەمەر و ڕان و بەلەکیشم تواونەتەوە ... هەرچی بووم، هەر هەموو وەک حاجەتی لاباری بە ئەمانەت خواستراوەوە، زۆر بە پەلە لە دەستم چوون ...»

سەری بەرزکردەوە. نیگای چاوەکانی تێکەڵ بە تیشکی تاو کرد و بەسەر دیواری شان پەنجەرەکەیدا ڕژاند. تروسکانەوەی شەبەقی تاو لەسەر دیواری سپی و پڕ وێنە، ئاویان بە چاویدا گەڕاند. تۆزکاڵێک خۆی بەرەو سێبەر کل کرد و وێنەکانی سەر دیواری یەک بە یەک بەسەر کردنەوە. چاوی لە سەر وێنەیەک مات مایەوە:

«... ئای داوێنە سەرسەوزەکەی ئاسنگەران!... ئەرێ شنەی سروەکەت لەکوێیە بم گاتێ و تۆزێ گیانم پێبداتەوە؟ هۆ یارانی هاوپەیمان، کە دەستەکانمان تێک هاڵاندووە و لەسەر گۆڕ و گڵکۆی یاری سەنگەرمان، تروسکەی سوێند و پەیمانێکی پیرۆزمان لە چاودا دیارە، ئێستا ئێوە لە کوێن و من لە کوێم؟ ئێوە چۆنن و من چۆنم؟ ئای سەرکۆ، شەماڵ، ڕۆستەم، باپیر! ئێوە چیتان لێهات و من چیم بەسەر هات؟

تۆ سەرکۆ؟ تۆ کە لەشی کاڵ و گەنجت لە خاکەکەی بازیاندا خەوتووە. شەماڵ؟ تۆ لە داوێنەکەی سلەمان بەگی بانە، لەناو گوڵزارە زەرد و سوورەکەیا نێژراوی. تۆ ڕۆستەم! تۆش لە چیایی بەهەزار خڕ و دۆڵی قەندیلی سەر بە تەم کەوتیتە بەر ڕمی (میگ) و بەژنی ڕۆستەمانەت دەگەڵ هەر ئەو خاکە لێکدرا، کە ڕۆژ نەبوو خۆت بەقوربانی هەر مشتەخاکی گەرمیان و کوێستانی هەر چوار پارچە لەتوکوتکراوەکەی نەکەی. بەڵام باپیر! هۆ باپیرەکەی تاقانە کوڕی باو و باپیر! تۆ لە کام جێ، لە کام شوێن، لە چ جێگایەک سەرت بە گۆمدا کرا؟ بە پەت خنکاندیانی؟ لە ژێر زەرب و زەختی ئەشکەنجەی زیندانەوانانی سەرمایەدا لەشی نەوتوولت لەتوپەت کرا؟ بەژێر نینۆکەکانتدا تەڵەزمی شووشەیان هەتا سەرپەڕی جومگەکانت برد؟ بە برغوی ئەلەکتریکی ڕان و بەلەکتیان کونکون کرد؟ یان بە شەقە مشار لە خوار بەرەوسەرتیان توێتوێ کرد؟ چبو، چیان لێکردی باپیر؟! بۆچ وەرامم نادەیتەوە؟ ... نەکا لێم دڵمەند بی کە جێم هێشتی؟ نە! نە! تۆ بەجێهێشتن ئەبەد ناکرێ. تۆ بەجێهێشتن خەڵک بەجێهێشتنە. تۆ بەجێهێشتن، ئاوات، هیوا، شەرەف و نامووس بەجێهێشتنە. ڕەشوڕووتانی کوردستان بەجێهێشتنە.

بەڵام باپیر، کاروانەکەت بێتەوە بیر. هەر ئەو کاروانەی کە ڕەوڕەوی نەجاتی گەلی بەرەو ڕێی ڕوون دەبرد. کاروانێک کە جەماوەرانی بن دەستی بۆ ڕزگاربوون لە ژێر دەستی، لە ژێر ستەمی، ڕابەری دەکرد.

ئەرێ باپیر! ئایا تۆ و هەزارانی وەک تۆ لەم کاروانەدا دووبەری فلس و قروش و قران بوون،کە بەرێکتان ڕووی لە ڕۆژهەڵات بووبێ و لای ترتان ڕووی لە ڕۆژاوا؟ کێ شەقشەقی کردین؟ کێ لەبەر یەکی بردین؟ کێ ڕووی ئەم بەرەی کردە ڕۆژهەڵاتەوە و کێ ئەوانەی تری ڕوو بەرەو ڕۆژاوا برد؟ کێ مەتەرێزی دژبەیەکی پێهەڵکەندین باپیر؟ ڕەنجی بەفیڕۆ چوومان، کێ لە بەرەکەی خوارد؟

باپیر! دوور لە کوردستانی کاول کراو، لێرە لە وڵاتی تەکنیک و زانست و پێشکەوتدا، پارتی سوور و پارتی ڕەش نەرمە نەرمە خەریکن بە بەرنامە ژێر پێی یەک دەکۆڵن، ژێر پێی یەک هوڵۆڵ دەکەن و خاک و خۆڵەکەش بە سەر سەری ئێمە وەردەکەن. ئەوان شەڕ ناکەن باپیر، ئێمەین شەڕ دەکەین. شەڕی ئێمەش دژ بە یەک و دووان نییە، دژ بە هەزارین. دژ بە کۆگایەک دوژمن وێستاوین، دژە وشکەساڵی، دژ بە قاتی و قڕی، دژ بە کۆنەپەرستی، دژ بە ستەمگەران و دژ بە داگیرکەران. لە شەڕگەی شەڕیشدا باپیر هەر خۆمانین و بەس. نە یاریدەرێ شک دەبەین و نە پشتیوانێک. سەرەڕای ئەمەش، خوبەخۆیش لێک دەدەین و پێکدا دەدەین. لە کەللەی سەری یەک تەپۆڵکە سازدەکەین، خاکی ماڵی یەک بە توورەکە دەکێشین و لە شەڕنامەکانماندا زۆر بە شانازی باسی سەکەت کردنی ڕۆڵەکانی یەک دەکەین. بەڵام زۆر شوکر باپیر کە جاربەجار پێک دێین و دەستی لە ناو دەستی یەک دەنێین. نە! نە!... دەستمان پێ لە ناو دەست یەک دەنێن. بەڵام کێیە ئەم کارە خێرەمان دەرهەق دەکا؟! ئەرێ گەلی کوردە؟ ئالاهەڵگرەکەی ئاشتیی جیهانییە؟!

نا، نا باپیر! دوژمنی بابە کوشتەمانە!!

باپیر! مێژووی گەلەکەمان پڕ لە هەلی باش هەڵکەوتووی، باش بە فیڕۆ چوویە. هەر دەڵێی شۆرە سوارانی پێشەنگی ئەم کاروانە فێرن هەل بدۆڕێنن و هەل بیانچوخسێنێ. دوێنێ بە چەک یەکترمان لە خاک و خۆڵ دەگلاند، ئیمڕۆ نە با بەسەردا هاتوو نە بۆران، خەریکی تێک و دروومانی تێک لکاندنەوەین، چ باشە یەک گرتن و یەک بوون و خۆی بوون، بەڵام گەر ئاخری خێر بێ باپیر!!

باپیر! نەکا لێم دڵمەند بی کە جێمهێشتی. تۆ بەجێهێشتن ئەبەد ناکرێ. وەرە باپیر! ... وەرە بە مانا لێم بڕوانە. بنواڕە کە سیروان یەخسیری نیوە شێت و ناتەواوی پشت پەنجەرەیە ...»

چاوی لەسەر ئەم وێنەیە هەڵگرت و بەسەر ئەوی تری دا خشاند، گوندێک پڕ لە پێشمەرگە، ئەوی تر گوندێکی کاول کراو. ئەوی دی کۆرپەیەکی لەش داتلیشاوی بێ سەر، بە ئامێزی دایکەوە. خوارووتر، شینی حەوت خوشک لەسەر تەرمی تاقانە بەرخی نێری ماڵ. یەکی دی، ڕەشبەڵەکی خەڵک و پێشمەرگە لە دەوری هەلیکۆپتەرێکی سووتاو و ..وەژێروو تر، وێنەی ئافرەتێکی ڕەزا شیرینی کۆرپە لەباوەش ... ڕووناک! ... پاڵە!

وردەشەپۆلی یادی ڕابوردوو، لەسەر ئەم وێنەیە هەستان و بەرەوڕووی هاتن. وردەشەپۆلی بیرەوەری لە بەریەک کشانەوە. ژووریان لێ پڕ بوو، هەردوو بومیان لێپڕ بوو، و زەمان و مەکانیان لێ داگیر کرد. هاتەوە بیری:

« – ... تۆ چ ئارەزوویەکت هەیە ڕووناک، دڵت چ دەخوازێ ؟

– سەرکەوتن بە کورد ببڕێ و سیروان بە ڕووناک!

– هەردوو نزیکن ڕووناک. بەڵام ڕووناک بە سیروان گەیشتن نزیکتر ... هەر مانگێکمان ماوە. پاش جۆزەردان ڕووناک، پاش جۆزەردان پێک دەبڕێین. مانگ کورت و کەم تەمەنە، هەر وەک تەمەنی دوژمن.

– مانگێک دوور لە باڵاکەت بژیم سیروان، بۆم بە هەزار ساڵە ... پاش جۆزەردان دەم هێنیتە ئەم چیا ڕەنگینە و دەمکەیتە پێشمەرگە؟

– ئەی مانای بەچی ڕووناک! شۆڕش سەدان ئافرەتی تێدایە، دەبا تۆش ببیتە سەدان و یەک ئافرەتی شۆڕشگێڕ. لە شار مامۆستا مەبە و مامۆستای شۆڕش بە ڕووناک ...

– بۆم بڵێ شۆخە کوڕ، بۆم بڵێ ...

– چت بۆبڵێم ڕووناکە نەشمیلانەکەم؟!

– شەرت و پەیمانەکەتم بۆ بڵێ ...

* * * *

چاو بەسەر وێنەوە، بەدەم بیری ڕابوردوو، لێوی بە ورینگە بزووتن:

«ڕووناک بم دوێنە! ... بم دوێنە و پێم بڵێ ئاخۆ تۆ چیم لە باران دا دەڵێی. تۆش میدالیای پاڵەوانانی هەڵاتووم لەپاش سەر هەڵدەواسی؟! تۆش بەکەم شەرت و بێوەفام لەقەڵەم دەدەی؟! ... چی! نەکا پێت وابێ بووکەشووشەکانی ئەم وڵاتە نامۆیە دڵی تۆیان لێم دزیبێ! نەکا لە حاڵم بێ خەبەر، بەرگی بەزیویت بە بەژن هەڵدرووبم! نە! نە! نەکەی ڕووناک دەستی منت بەداوێن! کێ ئەڤینداری خاکی نیشتیمانە، لە ڕێ کل نابێ. کێ باوەڕی بە ژینەوەی ڕەنجبەر و هەژارانی کوردە، لە ڕێ شل نابێ.

ڕووناک! گەر یەکیش لە ڕێبازدا گلا، بێخەم بە خۆشەویستەکەم، کە قەندیل و ئاگری و شاهۆ، قەت قەت بێ ئاگر نامێننەوە. گەر سیروان نەبێ، پاڵە هەیە. پاڵەت گۆشکە، ڕێی ڕاستی سەرکەوتن بدۆزێتەوە ...»

لە جێ هەستا. بەرەو پەنجەرە چوو. چاوێکی بەسەر پارک و بوولوار و شەقامدا خشاند. سەر چەم و زرێی خوارووشی ڕوانی. دیمەنی بەرچاوی، تەم و لێلایی لێ نیشتبوو. هەوا ساف و بێگەرد و مژ بوو.شووشەی پەنجەرەکەش بێ غەور بوو. تەم و لێلایی بەر ڕوانگەی، لە تۆزی هەوا و لە غەوری شووشە نەبوو. ئەسرین بوو بەری بە دەرگای دوو دیدەی گرتبوو. مەنگ و مات و بێدەنگ بوو، بەڵام پڕ بە هەناو، بە دڵ هاواری کرد: «باپیر! ... باپیر! سیروانەکەی تۆ یەخسیری نیوەشێت و ناتەواوی پشت پەنجەرەیە ... پەنجەرە ...»

# «کتک و مشک» ی عوبەیدی زاکانی

قازی ئەحمەد

لە گۆڤاری «مامۆستای کورد» ژمارە (٤ و ٥) دا بۆ چوون و لیکدانەوەیەک بە قەڵەمی دۆستیکی خۆشەویست بە ناوی دوکتۆر بابەک لەسەر چیرۆکی «کتک و مشک» ی عوبەیدی زاکانی (هەڵگێڕوەرگێڕی) ئەحمەدی قازی بڵاوکراوەتەوە کە پێویستی بە جوابدانەوەیەک هەیە تا ئەوەی ڕاست و دروستە لە مەڕ ئەم چیرۆکە روون بێتەوە و خوێنەرانی بەڕێزی «مامۆستای کورد» تووشی ئەو هەڵەیە نەبن کە مامۆستا دوکتۆر بابەک تووشی هاتووە.

پێش هەموو شتێک دوکتۆر بابەک لای وایە واژەی «کتک» داتاشراوە و کوردی نیە! لە کاتێکدا لە کوردستانی ئێران لە سەقز بەرەوخوار تا دەگەیە لوڕستان بە پشیلە دەڵێن کتک! تەنانەت لە ناوچەی موکریان و شیمالی کوردستانیش ئەم واژەیە دەکار دەکرێ. منیش لەبەر هاو وەزن بوونی لەگەڵ «مشک» کەڵکم لێ وەرگرتووە و ئەم ڕایەی دوکتۆر ڕەت دەکەمەوە کە دەڵێ: «لەو هەرج و مەرجەدا کە ئێستا تووشی زبانی کوردی بووە کاک ئەحمەدیش حەقی هەیە پشیلەمان لێ بکا بە کتک».

من نەمویستووە «موش و گربە» مووبەموو بکەمە کوردی، هەر بۆیەش ناوی کارەکەی خۆم ناوە (هەڵگێڕوەرگێڕ) بەڵام لەسەر ئەوەش را کە هێندێکم شتی تازە وەک «سەمای سالوومە» و باسی پاشایەتی ساسانی و هەخامەنیشی لێ زیاد کردووە، کاکڵ و ناوەڕۆکم نەگۆڕیووە.

ئەوەی کە دوکتۆر بابەکی تووشی سەرلێشێواوی کردووە ئەوەیە کە شەڕی «مشک و پشیلە» ی بە شەڕی زۆرلیکراو دەگەڵ زۆردار داناوە! ئەوە هەڵەیەکی بنەڕەتییە.

هیچ گومانی تێدا نیە لەم چیرۆکە تەنزاوی‌یەدا گورپە یان پشیلە یا کتک نوێنەری دەغەڵکاری و زۆرداری و فریوە. بەڵام مشک بە پێچەوانەی بۆچوونەکانی دوکتۆر بابەک نوێنەری خەڵکی زۆرلیکراو و سادەکار نیە. چونکە لە هیچ چیرۆک و داستان و پەندیک‌دا مشک بە نوێنەری زۆرلیکراوان دانەنراوە. بەپێچەوانە ئەو گیاندارە زۆرتر بە نوێنەری دزی و نەخۆشی تاعوون و قاتی و قڕی و ماڵ وێرانی و بەڵای گەورە ناسراوە. دەتوانین سەتان نموونە لە ئەدەبیاتی کۆن و کلاسیک و نوێ دا بۆ سەلماندنی ئەم بڕوایە دەست نیشان بکەین. سەمبولی هێمنی و زۆرلیکراوی و بەستەزمانی لە وێژەی سەمبولیکدا زیاتر کەروێشک و مەڕ و ئاسک و کۆتر و شتی وان، نەک مشکی دزێوی ڕەهەندسازی دیوار بڕ. ئەوە لەباری زەوابیتی وێژەوانییەوە لە وێژەوانێکی بلیمەتی وەک عوبەیدی زاکانی زۆر بەدوورە کە مشک بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێرێ.

ئەوجار نازانم دوکتۆر لەم چیرۆکەدا مشکی بۆ بە زۆرلیکراو داناوە؟ئەو مەزلوومە (مشک) لە مەیخانە مەستی دەکا و پاش سەرخۆش بوون نەعرەی مەستانە دەکێشێ و شورت و شۆی پشیلە دەشوا:

خواردی هێندێک شەرابی تاڵ و ترش
سەری سووڕا و چاوی گرشە گرش
گوتی کوا گورپە تاکوو گوێی ببڕم
سەری لێ هەڵقەنم زگی بدڕم

فارسی:

سر به خم نهاد و می نوشید
مست شد همچو شیر غرانا
گفت گو به گربه تا سرش بکنم
پوستش پرکنم ز کاهانا



پاشان کە گورپە دەیگری دەکەوێتە پاڕانەوە و درۆ و خۆی زەبوون و ڕەزیل دەکا و دەڵێ:

مەست بووم و ئەوەی گوتم پووچە
کاری مەستان تەواوی هەر پووچە

فارسی:

مست بودم اگر گهی خوردم
که فراوان خورند مستانا

بەڵگەی لەوەش گرینگتر کە مشک نوێنەری چینی مەزلووم و زۆرلیکراو نیە ئەوەیە کە پادشای لە خۆی هەیە. خاوەنی لەشکر و سپایە. لە ناوچەی وەک ئیسفەهان و شیراز و ... دەسەڵاتدارە و لەشکری سەت هەزار کەسی بۆ خەبات لەگەڵ گورپە کرمانی دەڕازێنێتەوە! و فەرماندە و ئەمیر و قۆشەنی تەیاری هەیە و لە گورپە ڕادەسپێرن تەسلیم بێ و ئۆلتیماتۆمی دەدەنێ: «یا بیا پایتخت درخدمت یا که آماده باش جنگانا» دیارە ئەم زۆرلیکراوانە پایتەختیشیان بووە! بۆیان بمرم! چ زۆرلیکراوێک!

ئێستا کە بۆمان روون بۆوە بۆچوونەکەی دوکتۆر بابەک واقعی چیرۆکەکەی نەپێکاوە ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئەدی عوبەیدی زاکانی مەبەستی لە بەرەنگار کردنی مشک و گورپە لەم چیرۆکەدا چیە؟

لە سەردەمی ژیانی عوبەیدی زاکانیدا کرمان بەدەست ئەمیر موباریز (امیر مبارز الدین) ەوە بووە کە پادشایەکی خوێن خۆری فێڵباز بووە و بە ناوی دین و ئاین خەڵکی کوشتووە و ترس و هەراسی خستۆتە نێو خەڵک و خەریکی پشکنینی بیروباوەڕ بووە و زۆر شار و گوندی بەم بۆنەوە قەتڵ و عام کردووە.

حافزی شیرازی کە زۆری ئەو خوێنخۆرە، ناخۆش ویستووە ناوی ناوە (محتسب) یانی داڕۆغەی بیانووگر و یانی‌گر.

*(اگرچه باده فرحبخش و باد گل بیزاست ببانگ چنگ محوز می که محتسب تیزاست)*

یانی هەرچەند مەی گیان دەبەخشێ و باش بۆنی گوڵ دەپرژێنێ بەڵام ئاگات لە خۆت بێ دەنگی جەنگ بەرز مەکەوە داڕۆغە گوێی تیژە.

هەر لەو زەمانەدا شاری شیراز بەدەست میر شێخ ئەبووئیسحاقەوە بووە کە پادشایەکی ڕووخۆش و ئەدەب دۆست و شاعیرپەروەر بوو. مەولانا عوبەیدیش هاتوچۆی بارەگاکەی دەکرد و لە بەزمی شاعیرانەی دەربایدا بەشداری دەکرد.

شێخ ئەبووئیسحاق زۆرتر خەریکی ڕابواردن و شەراب خواردنەوە بوو. زۆری ئاگا لە سیاسەت و دەسەڵاتداری و باری ژیانی خەڵک نەبوو. هەر بەو دەلیلەش کاتێک ئەمیر موبارز هێرشی هێنا سەر شیراز و ناوچەکانی وڵاتی فارس، میر شێخ ئەبووئیسحاق خۆی ڕانەگرت و سپاکەی تێک شکا و بۆ خۆشی بە دیل گیرا و کوژرا.

لە کتێبی تاریخی (ال مظفر) دا هاتووە کە ئەمیر شێخ ئەبووئیسحاق بۆ بەرگری لە هێرشی ئەمیر موباریز بە لەشکرێکی قورسەوە بەرەودەشتی فارس کەوتەڕێ بەڵام پشتی کردەوە و بەرەو شیراز هەڵات *(بی جنگی پشت بداد)*.

بەم جۆرە بۆمان روون دەبێتەوە کە چیرۆکی «کتک و مشک» ی زاکانی دەگەڕێتەوە سەر شەڕی ئەمیر موباریزی دەغەڵکار و ئەمیر شێخ ئەبووئیسحاقی شەرابخۆری ترسنۆک. مامۆستا زاکانی بە زبانی تەنز و ڕەمزەوە باسی ئەو شەڕەی کردووە و شاکارێکی بێ وێنەی لە وێژەی فارسی دا خولقاندووە.

بەهیوای ئەوەی کە ئەم نووسراوەیە هێندێکی ڕووناکی خستبێتە سەر باسەکە کۆتایی بە نووسین دێنم و لە کاربەدەستانی خۆشەویستی گۆوار داوا دەکەم بۆ روون کردنەوەی خوێنەرانی بەڕێز بڵاوی بکەنەوە.

# گفتوگۆیەک لەگەڵ کوردناسی سۆڤیەتیی بەناوبانگ م. س. لازەریڤ دا

ئامادەکردنی: فەرهاد شاکەلی

دەربارەی هەندێ لە بیروڕاکانی م. س. لازاریڤ ئێمە بۆچوونی جیاوازمان هەیە. دەمەتەقێ کردن لەسەر ئەو مەسەلانە بۆ دەرفەتێکی دیکەیە. **«مامۆستای کورد»**

*پ ١. حەز دەکەین پێشەکی کورتەیەکی ژیانی خۆتمان بۆ بگێڕیتەوە و ئەوجا ئەوەشمان بۆ باس بکەیت چۆن بوو کە هەوەسی لێکۆڵینەوە لەمەڕ کورد و کوردستانت لا پەیدا بوو، و هۆی چی بوو ئەم بابەتەت کرد بە بابەتی سەرەکیی باس و توێژینەوەکانت؟!*

من مانگی حوزەیرانی سالی ١٩٣٠ لە شاری مۆسکۆ لەدایک بووم. باوکم یەکێک بوو لە ئەندامە چالاکەکانی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕی و جەنگی ئەهلی. دووای ئەوە، لە لەشکری سووردا، کاری سیاسی و دواتریش هی ئیداریی پێ سپێردراوە.

تەمەنم شەش ساڵان بووە، کە باوکم کۆچی دوایی کردووە. بە درێژایی ژیانم هەر لە ئینیستیتووتی رۆژهەڵاتناسیدا کارم کردووە.

ئێستەش لەوێ وەزیفەی توێژەوەی باڵام هەیە. لە ساڵی ١٩٧٠ – ١٩٧٥ لە ئینیستیتووتی میللەتانی ئاسیا و ئەفریقای سەر بە زانکۆی مۆسکۆشدا دەرسم وتووەتەوە.

لێکسییەکانم بە تایبەتی دەربارەی مێژووی کورد بوون. ١١٠ کاری زانستیم بە چاپ گەیاندووە.

ساڵی ١٩٤٧ لە زانکۆی مۆسکۆ وەرگیرام و بە سەرپەرشتیی تورکناسی ناسراوی سۆڤیەتی پرۆفیسۆر «ئاناتۆلی فیلیپۆڤیچ میولەر» دەستم کرد بە خوێندنی مێژووی تورکیا. هەر لەو کاتەوە خولیای زانینی – مێژووی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا – کەوتە سەرم. دیپلۆمەکەم بەم ناونیشانە بوو: «شۆڕشی تورکانی لاو و دەوڵەتەگەورەکان». ئەو کاتە خەریکی مێژووی کورد نەبووم.

کاتێ بوومە قوتابیی خوێندنی بەرز لە ساڵانی (١٩٥٢-١٩٥٦) دا، خەریکی مێژووی دەسەڵاتدارییەتی عەرەبەکان بووم لە ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا.

زمانی عەرەبیم دەخوێند، عەرەبناسی سۆڤییەتی بەناوبانگ «ڤلادیمیر بۆریسۆڤیچ لۆسکۆڤ» یارمەتی دەدام. بابەتی نامەی کاندیداتیم (مرشح علوم)، دەربارەی: داڕمانی دەسەڵاتی تورک بوو لە وڵاتە عەرەبییەکاندا، لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا، ساڵی ١٩٥٦.

ئەیلوولی ١٩٥٦ بوومە کارگێڕی زانستیی ئینیستیووتی رۆژهەڵاتناسیی سەر بە ئەکادیمیای زانستی سۆڤیەتی. لە سەرەتادا خەریکی لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی نێو دەوڵەتی ناوچەی رۆژهەڵاتی عەرەبی دوای جەنگی دووەمی جیهانی – بووم. چەند وتارێکم دەربارەی سیاسەتی ئەمەریکا و ئینگلتەرە لەم ناوچەیەدا و بەتایبەتیش لە وڵاتە عەرەبییەکاندا بڵاوکردەوە.

دوای شۆڕشی تەمووزی ١٩٥٨ لە عیراق، کاتێ دیسانەوە مەسەلەی کورد ژییایەوە، داوایان لە پرۆفیسۆر «ن. ا. خاڵفین» ی هاوکارم و من کرد، کە خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەم مەسەلەیە بین. ئێمە هەر زوو تێگەیشتین، کە ناتوانین باری سەردەم بە تەواوی تێ بگەین، ئەگەر لە مێژووی لە دایک بوون و بەرەوپێشەوە چوونی مەسەلەی کورد نەکۆڵینەوە. ن. ا. خاڵفین خەریکی سەرەتا و ناوەندی سەدەی نۆزدەیەم بوو، ساڵی ١٩٦٣ کتێبێکی دەربارەی «زۆرانبازی لەسەر کوردستان» (مەسەلەی کورد لە پەیوەندیی نێو دەوڵەتان لە سەدەی نۆزدەیەمدا) بڵاو کردەوە. ئەم کتێبە تا هەشتاکانی سەدەی نۆزدەیەم باس دەکات. من لەوێوە دەستم پێکرد و بەرەوژوور هەڵکشام. ساڵی ١٩٦٤ کتێبی ( «کوردستان و مەسەلەی کورد» – نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەیەم تا ساڵی ١٩١٧) م بە چاپ گەیاند. لە دواییدا گەلێ کەرەسە و مەتریاڵم خستە سەر ئەم کارە و هەندێ بەشیم گۆڕی و دەستکاری کرد و ساڵی ١٩٦٩ وەک نامەی دوکتۆری داکۆکیم لێ کرد و ساڵی ١٩٧٢ ش بە ناوی «مەسەلەی کورد (١٨٩١-١٩١٧) ەوە لە چاپم دا.

لە حەفتاکاندا، لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئینستیتووت منی کردبووە سەرەکی ئەو گرووپەی، کە خەریکی لێکۆڵینەوەی مەسەلەی نەتەوایەتیی هەموو رۆژهەڵاتی هەندەران بوو، کوردناسی بووبووە پلانی دووەمم. ئێمە چەند کارێکی گرنگی تیۆریمان بە چاپ گەیاند، کە مەسەلەی کوردیش تیایاندا رەنگی دابۆوە.

لە سەرەتای هەشتاکانەوە، دیسانەوە مەسەلەی کوردناسی بووەوە بە تێمە و بابەتی بنەڕەتیی کاری من. بڕیارم دا، دوای ئەم دابڕانە وەختییە، دەست پێبکەمەوە، بەتایبەتیش لە مەسەلەی کورد لە قۆناغی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا، بکۆڵمەوە.

ئێستە کتێبێکی ترم بەدەستەوەیە – «ئیمپریالیزم و مەسەلەی کورد ١٩١٧–١٩٤٥». هەروەها خەریکی توێژینەوەی باری ئێستای مەسەلەی کوردم و لەم رووەوە چەند بەرهەمێکم چاپکردووە.

بە سەرپەرشتی من پێنج قوتابی خەڵکی کوردستان، داکۆکیان لە نامەی کاندیتاتیی خۆیان کردووە، نامەکانیان دەربارەی لایەنە جیاجیاکانی مەسەلەی کوردە، لە عیراق و تورکیا و سووریا، یەکێکیشیان لە چاپەمەنییە کوردییەکانی رۆژئاوای کۆڵیوەتەوە.

بەم شێوەیە دەبینین، وا نزیکەی ٣٠ ساڵە بایەخی زانستیم هەر بە مەسەلەی کورد داوە، بەتایبەتیش لە روانگەی نێودەوڵەتانەوە، دەمەوێ لە جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کورد بکۆڵمەوە. واتە: من بایەخ بە مەسەلەکە دەدەم وەک کێشەی پەیوەندیی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لە رووی پلانی سیاسەتی دەوڵەتە گەورەکانەوە لە کوردستاندا – بۆ مەسەلەکە دەچم و دیراسەی دەکەم.

لام وایە مەسەلەی کورد زۆر سەرنج راکێشە، هەر وەک بابەتێکی ئیبداعیی رۆژهەڵاتناسیش پڕ بایەخ و دەوڵەمەند و فراوانە. گرینگییەکەی، یەکەم لە رووی خەباتی رەوای میللەتی کوردەوەیە لە پێناوی مافی نەتەوەییدا، لە رووی زانستیشەوە تێکەڵی گەلێ لایەنی مەیدانەکانی عەرەبناسی و تورکناسی و ئێراننناسی دەبێت. مێژووی کورد بەشێکی ئۆرگانیی مێژووی هەموو میللەتان و وڵاتانی رۆژئاوای ئاسیایە. لە لایەکی تریشەوە، بەشێکە کە توند بە سیاسەتی کۆلۆنیالییەتییەوە بەستراوە، واتە پەیوەندی بە مێژووی رۆژئاواشەوە هەیە.

*پ ٢. توێژینەوەکانی ئێوە لەبارەی مێژووی کوردەوەن، ئایا قۆناخێکی تایبەتیتان لەم مێژووە هەڵبژاردووە، یا هەر بەگشتی وەرتان گرتووە ؟*

من خەریکی مێژووی نوێ و هەرە تازەی میللەتی کوردم، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمەوە تا ئیمڕۆ. خەریکی مێژووی لەمە کۆنتر نەبووم، هەرچەندە بە ئاواتم، کە کارێکی گەورە دەربارەی مێژووی کورد لە کۆنەوە تا ئێستا بنووسم و چەمکی (conception) گشتیی ئەم مێژووە روون بکەمەوە.

*پ ٣. لێکۆڵینەوەکانی کوردناسی لە پێشدا بەوە دەستی پێکرد گەشتنامە (سیاحەتنامە) بنووسرێ، لە رووسیا و لە وڵاتی دیکەی ئەورووپا. پاشان توێژینەوەی ئانترۆپۆلۆژی لەمەڕ کۆمەڵگەی کوردەواری بڵاودەکرانەوە و ئەمڕۆش بەشی زۆری لێکۆڵینەوەکان بۆ هەل و مەرجی سیاسی تەرخان دەکرێن. هۆی ئەم جۆرە گەشەکردنەی توێژینەوە بەلای ئێوەوە چییە ؟*

ئەمە پرۆسێسێکی ئاسایی و سروشتییە، کوردستان خاکێکی نەناسراو بووە. بەشێوەیەکی گشتی هەر زۆر کەم دەربارەی کورد زانراوە. لەبەر ئەوە سەیرنییە، کاتێ زانا ئەورووپییەکان ویستیان بزانن کورد کێیە، دەستیان

کرد بەفێربوونی زمانەکەی، ئەرکیۆلۆگیا و باری کۆمەلایەتی و ئەنترۆپۆلۆگیا و ... هتد، هەروەها بایەخ بەباری ئێستای کوردستانیش درا. پرۆسێسی توێژینەوە کە – بە شێوەیەکی راستەوخۆ – هاوجووتی گەشە سەندن و بەرەوپێشەوە چوونی جوولانەوەی کورد خۆی بوو. من لام وایە، بە شێوەیەکی گشتی، چاودێری کردنی راستەوخۆ، ریگای راستی توێژینەوەی هەر میللەتیکە. ئەمە پرۆسێسیکی راستەقینەی ئاشنابوون و زانینە، دەربارەی میللەتانی کەم ناسراوی وێنەی میللەتی کورد، یان تەنانەت عەرەبیش. بۆ نموونە زانستی ئەوروپایی، زۆر کەم دەربارەی عەرەب و نیوە دورگەی عەرەبی دەزانی.
گەشت و پشکنینی ئەرکیۆلۆگی ... هتد، دوایی دەستی پیکرد. پاشانیش دەستیان کردە لیکۆلینەوەی بار و زرووفی ئێستای.

*پ ٤. تۆژینەوەی کوردناسەکانی سۆڤییەتی بە زۆری لە بارەی مێژووی کوردەوە دەکرێ، یا هەرباسی تیۆریی رووتن، مەبەستم ئەوەیە بلێم لیکۆلینەوەی مەیدانی نین، بۆچی ؟*

لێرەدا گیروگرفتیکی خۆیی هەیە. زانا و کوردناسەکانی ئەمڕۆ، ناتوانن یەکسەر و راستەوخۆ خەریکی کوردناسی بن. مەبەستم لە لیکۆلینەوەی مەیدانییە، چونکە لە پارچەکانی کوردستانی عیراق و ئێران و تورکیادا بەردەوام شەڕ هەیە، سەربای ئەم شەڕی ئێران و عیراقەش، کە وەزعەکەی ئالۆزتر کردووە. دەولەتەکان ریگای زاناکانی ئێمە نادەن بچنە کوردستان.
ئێستا، تەنیا لە کتێبخانەکانی ئەوروپا و یەکێتی سۆڤیەتدا دەرفەتی خەریک بوون بە لیکۆلینەوەی مەسەلەی کوردەوە هەیە. کاتێ کوردستان هێمنی و ئاسایشی تێدەکەوێ و میللەتی کورد، هەر هیچ نەبێ ئۆتۆنۆمییەک بە دەس‌دێنێ، (باس لە ئازادیی تەواو ناکەم)، من یەکەم کەس دەبم، کە هەگبەکەم دەدەم بە کۆلمدا و دەچمە کوردستان، (لە .لاویدا حەزم لە شاخەوانی دەکرد).

*پ ٥. کوردناسەکانی سۆڤییەتی لەماوەی پەنجا سالی رابوردوودا گەلێ بەرهەم و لیکۆلینەوەی بەنرخیان پێشکێش کردووە و کوردناسییان پێ دەولەمەند کردووە. پێتان وایە کوردناسان توانیبێتیان کاربکەنە سەر سیاسەتی سۆڤییەتی لەبارەی مەسەلەی کوردەوە ؟*

سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت لە بارەی مەسەلەی کوردەوە، زادەی روانگەی ئینتیرناسیۆنالیزمی مارکسی لێنینییە، کە پشتگیرییە لە جوولانەوەی ئازادیخوازیی هەموو میللەتان. لەلایەکی تریشەوە، ئێمە دەبێ رەچاوی بەرژەوەندیی دەولەتی سۆڤیەت و مەسەلەی خەبات لە پێناوی ئاشتیدا بکەین. ئێستا ئەرکی کوردناسە سۆڤیەتییەکان ئەوەیە: زانیاریی بابەتی و راست، سەرئەنجامی زانستی ورد دەربارەی زرووفی واقیعی کوردستان پێشکەش بکەن. ئاشکرایە، کە سەرکردایەتیی سیاسی ئێمە لەم رووەوە بڕیار لەسەر چۆنێتی سیاسەتمان دەدا. بۆیە پێویستە مەعلووماتی راست و بابەتی بخرێتە بەردەستیان.

*پ ٦. بیری نەتەوایەتیی کوردی، یا ناسیۆنالیزمی کوردی – بە چەمکی تازەی ئەمڕۆ – بەلای ئێوەوە، کەی دەستی پیکردووە ؟*

قۆناغی چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدەیەمە، کاتێ یەکەمین جوولانەوەی ئازادیخوازیی کورد بە سەرکردایەتی بەدرخان، یەزدان‌شێر ... هتد، دەستی‌پیکرد. ئێمەی مارکسی لامان وایە، ئەمە قۆناغی جوولانەوەی فیۆدالی جیابوونەوەخوازە، چونکە هەندێ لە خێزانە فیۆداله گەورە کوردەکان رابەرایەتیی ئەم جوولانەوەیەیان لە دژی زۆروستەمی تورک و فارس دەکرد. ئەوسا، هێشتا بیری دامەزراندنی تاقە دەولەتیکی کوردیی سەربەخۆ نەبوو، بەلکو هەر مەبەست لە دامەزراندنی میرنیشینیەتی بوو. هێشتا کوردەکان هۆشیاریی ئەوەیان لا پەیدا نەبووبوو، کە پێویستە هەموو کورد یەکبگرێ. بۆ یەکەم جار و بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا، ئەم ئامانجە لە راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدەللای نەهریدا، لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابووردوودا، بە روونی دەرکەوت. شێخ بۆ یەکەم جار بانگی یەکێتی کوردەکانی ئێران و ناو دەولەتی عوسمانیی دا. بەلام ئەم راپەڕینە سەرکوت کرا و



کوژێنرایەوە. ناسیۆنالیزمی کوردیی خەملاو، لە سەرەتایی سەدەی بیستەمدا، دووای شۆڕشی «تورکانی لاو» و بە تەئسیری شۆڕشی رووسیای ١٩٠٥-١٩٠٧ پەیدا بوو. لەم قۆناغەدا بیری دامەزراندنی دەولەتیکی کوردی، بێ ئەوەی کە بە سەرکردایەتیی میرەکانەوە ببەسترێتەوە، هاتەکایەوە.
دوایی ناسیۆنالیزمی کوردی بە چەند قۆناغیکدا تێپەڕی: هی بورژوازی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی دیموکراتی، کەمن ئێستا خەریکیم.
لە بیستەکان و سییەکاندا ناسیۆنالیزمی کوردی تووشی هەندێ ئالۆزی بوو بوو. هەندێ لە سەرکردە کوردەکان دەیانویست ببنە سەرۆکی دەولەتیکی کوردی و زۆر جاریش بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە بەدەنگی ئیمپیریالیزمەوە دەچوون.
بەشێوەیەکی گشتی دواکەوتوویی کۆمەلی کوردەواری، کۆسپی گەشەسەندنی بیری نەتەوەیی کورد بووە. ئێستا جوولانەوەی ئازادیخوازیی کورد تووشی کێشەیەکی سیاسی گەورە بووە. ئەمەش وەنەبێ زۆر ترسناک بێ. دوای ئەمە ئاسایی‌یە کە قۆناغیکی نوێی گەشەسەندنی خەباتی ئازادیخوازی دێتە ئاراوە.
سەرنەکەوتنی شۆڕشەکەی مستەفا بارزانی، مانای کۆتایی هاتنی قۆناغیکی تەواوی جوولانەوەی ئازادیخوازیی کورد بوو. ئەو قۆناغەی کە سەرکردە تەقلیدییەکان و نوێنەرانی بنەمالە ناسراوەکان رابەرایەتییان دەکرد.
ئەمڕۆ جوولانەوەی کورد بە قۆناغی لیک ترازان و پارچەپارچە بووندا تێدەپەڕێ. کۆمەلێ حیزبی بچووک درووست بوون، ئەوەندە زۆرن، مرۆڤ تێیان ناگات و بەزەحمەتیش لە زۆر رووەوە لەیەکدی جوێ دەکرێنەوە. میللەتی کورد هیچ بە هیچ ناکات ئەگەر یەکنەگرێ. بۆیە ریگای سەرکەوتنی میللەتی کورد لە دامەزراندنی بەرەیەکی نەتەوەیی فراواندایە؛ لە پێشدا با لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا: خواروو، رۆژهەلات، رۆژئاوا و ژووروودا بەرە دروست ببێ و ببێتە بناغەی بەرەیەکی کوردستانیی فراوان. کوردەکان دەبێ لە چوارچێوەی ئەم بەرەیەدا، لەپێش هەموو شتێکەوە و بە هەموو شێوەیەکی سیاسی بۆ ئەوە تێبکۆشن، کە دان بە مافی چارەنووسیاندا بنرێت.
مەسەلەی بڕیاردانی چارەنووسیش دەبێ بە قۆناغ جێبەجێ بکرێت. هەر یەکسەر داوای سەربەخۆیی کردنی تەواو وەختی نییە. ئێستە پێویستە ئەم پارچەپارچەیی‌یەی جوولانەوەی کورد چارەسەر بکرێت. بەدیهێنانی ئەمەش وەنەبێ کارێکی یەکجار گران بێت. دوژمنەکانی بیری نەتەوەیی ناو کوردستان لاوازن. بێگومان کەسانێک هەن، کە خزمەتکاری کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزمن، بەلام ئەوانە دروستکەری کەش و هەوا و باری سیاسی کوردستان نین. نیشتمان پەروەرانی کورد پێویستە ئەمڕۆ بێ گوێدانە جیاوازیی چینایەتییان یەکبگرن.

*پ ٧. لای پارتییەکانی کوردستان دوو ئامانج و دوو درووشم باوە؛ یا دەولەتی نەتەوایەتیی کورد، یا ئۆتۆنۆمی (خودموختاری)، لە چوارچێوەی دەولەتەکانی ئەمڕۆ کورد تێدا دەژی. ئێوە جیاوازیی نێوان ئەم دوو درووشمە چۆن دەبینن و پێتان وایە کامیان زیاتر گونجاو و لەبارە بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد؟*

ئێمە مافی چارەنووس و ئۆتۆنۆمی بەرانبەر و دژ بەیەک دانانێین. دیاریکردنی مافی چارەنووس چەند قۆناغیکی هەیە. قۆناغی سەرەتایی ئەوەیە، کە میللەت مافی کولتووری هەیە و دەتوانێ بە زمانی خۆی بخوێنێ و زمان و رۆشنبیری خۆی پەرەپێبدا و ... هتد، قۆناغی کۆتاییش جیابوونەوە و سەربەخۆیی تەواوە.
ئۆتۆنۆمی وا هەیە کولتووری و سیاسیشە. سەربەخۆیی تەواویش ئۆتۆنۆمییەکە لە هەرە بەرزترین قۆناغیدا.
ئێمە لەگەلْ مافی سەربەخۆیی کورددایـن، بەلام هەر قۆناغە مێژوویی‌یەش شێوەی سەربەخۆیی خۆی هەیە. ئێمە ئەزموونیکی گەورەی چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەییمان هەیە (بڕیاردانی مافی چارەنووس و ئۆتۆنۆمیش) ... دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر، ئێمە لە یەکێتی سۆڤیەت، دانمان بە مافی سەربەخۆیی تەواوی پۆلۆنیا و فینلەنددا – ناو بە یەکجاری لە ولاتی سۆڤیەت جیابوونەوە. پارچەکانی تری ئیمپراتۆرییەتی رووسی، کە نەتەوەی جیاجیایان تێدا دەژی، ئۆتۆنۆمییان وەرگرت. ئۆتۆنۆمیش پلەی جیاوازی هەیە. ئێمە یەکێتی کۆمارەکانمان هەیە. میللەتی ئۆتۆنۆمی‌دار و ناوچەی

ئۆتۆنۆمیشمان هەیە. بە قەولە درەوشاوەکەی لینین: «لە چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەییدا پلانی ئێمە ئۆتۆنۆمییە». ئۆتۆنۆمی گەرەنتییەکە بۆ ڕێز لە مافی نەتەوەیی نان. ئەمە نەک دەرگا لەسەر سەربەخۆیی تەواو داناخات، بەڵکو بەپێچەوانە، والاکردنی نزیک دەکاتەوە.

لەم ڕۆژگارەی ئێستادا بارێکی نێودەوڵەتی زۆر ئاڵۆز پەیدا بووە و من لام وایە – ئەمڕۆ دروشمی سەربەخۆیی تەواو هەڵگرتن، ڕەنگە وا بکات، کۆنەپەرستانی ناوخۆ و ئیمپریالیزم، میللەتانی ناوچەکە لە دژی میللەتی کورد هان بدەن و بکەنە دەسکەلا. ئەمڕۆ من لە هیچ یەکێک لە پارچەکانی کوردستاندا هەل و مەرجی سەربەخۆیی تەواو نابینم. ئەمە ئەمڕۆ وایە، سبەینێ دەشێ ئەو هەل و مەرجە بێتە کایەوە.

*پ ٨. زۆرجار دەگوترێ کە شەڕ و ناکۆکیی نێوان بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بۆتە هۆی ئەوەی دەوڵەتێکی کوردی درووست نەبێ، واتە مەسەلەی کورد بۆتە قوربانیی ئەو هەلومەرجەی ئەو ناکۆکییە بەرپای کردووە. با ڕوونتر قسە بکەین، هیچ یەکێک لەو دوو بەرەیە بەرژەوەندیی لەوەدا نییە و نایەوێ مەسەلەی کورد چارەسەر بکرێ، ئێوە چۆنی دەبینن؟*

ناکۆکیی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات، نەگبەتییەکە بۆ هەموو مرۆڤایەتی و بێگومان بۆ کوردیش، کە گەورەترین و چەوساوەترین نەتەوەی جیهانی سێیەمە. هەر هەنگاوێک لە مەیانی چەک داماڵین و هێمن کردنەوەی باری نێودەوڵەتیدا بنرێ – ئەگەر گەورەش نەبێ – کاردەکاتە سەر دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کورد. لە کاتی ئاڵۆزیدا، لایەنە بەگژیەکدا چووەکان بیر لە کورد ناکەنەوە. کورد دەبێتە چەکی خزمەتکەر و بەدیهێنەری ئامانجی ئەوان. ئێستە مەترسیی جەنگی ئەتۆمی و جیهانی هەیە، کێشەکانی جیهانی سێیەمیش، بە تایبەتی هی ئابووری، ئاڵۆز و توند بووە. دەوڵەت و حیزبی ئێمە خەباتێکی بەربلاو و فراوان بۆ چارەسەرکردنی هەندێ گیروگرفتی گەورەدەکەن. ئەگەر بەڕاستی چەکداماڵین بێتە دی و ئەم ئاڵۆزی و گرژییەی پەیوەندی نێو دەوڵەتە گەورەکان خاوبێتەوە، ئەگەر پێک دادان و شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نەمێنێ، ئەو کاتە میللەتی کورد دەتوانێ بە ڕاشکاوییەوە، مەسەلەکەی خۆی بێنێتە ئاراوە. کورد هاوکاری هەیە، بۆ نموونە میللەتی تورک، کە ڕووبەڕووی دەسەلاتی میلیتاریستە فاشی و شۆڤینییەکان وەستاوە. میللەتی کورد و تورک هەموو دەمێ دەتوانن یەکبن و هیچ نەبێ لەسەر مەسەلەی ئۆتۆنۆمی ڕێک بکەون. دەتوانن ئەگەر کەسێ تێکیان نەدا و خۆیان تێهەڵنەقورتێنێ – تەبابن.

ئەئاوا! وەک دەردەکەوێ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، پێویستی بە زروفێکی لەبار هەیە. من خەریکی لێکۆڵینەوەی قۆناغەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانیم. کێ میللەتی کوردی دا بەشوو و فرۆشتی؟! هەر ئەو هێزانەی، کە درووشمی کوردستانێکی سەربەخۆیان هەڵگرتبوو. ئینگلیزەکان دروشمی کوردستانێکی سەربەخۆیان بۆ ئەوە هەڵگرتبوو، تا ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست، کە بووبووە مەیانی شەڕ – لە فەرەنسایی و ئەمریکایییەکان بهێننەوە یەک. هەر کە ئەمە بەدی هات، دروشمەکەیان لەبیرچووەوە. لە کۆتاییشدا ڕۆژئاوا پشتی تورکە شۆڤینیستەکانی گرت.

*پ ٩. یەکێک لەو باسانەی گەلێک جار دەمەتەقێی لەسەر دەکرێ ئەوەیە ئایا کوردستان کۆلۆنییە (مستعمرە) یان نەء. ئێوە چ دەڵێن؟*

لێرەدا مەسەلەکە پەیوەندی بە زاراوەگەرییەوە هەیە. ئێمە وا ڕاهاتووین، کاتێ باس لە کۆلۆنی دەکەین، مەبەستمان ئەوەیە، کە سنوورێکی دیاریکراو، بکەوێتە ژێر دەسەلاتی دەوڵەتێکی ترەوە. هەروەها زاراوەی کۆلۆنیالیزمی ناوخۆ هەیە. هەرچەندە هێشتا لە زانستی سۆڤیەتیدا زۆر دانی پێدا نەنراوە، بەلام بنەمایەکی وای هەیە، دوور نییە کە دوای بەکارهێنان جێی خۆی بگرێ. مەبەستیش لێی ئەوەیە، کە سنوورێک (خاکێک) کەمینە دانیشتووانێکی ئیتنیکی – کەوتۆتە بەر شالاوی کۆلۆنیالیستانەوە و نەتەوەی گەورە و دەسەلاتدار، بە قۆناغ قۆناغ دەیەوێ لە بۆتەی خۆیدا بیتوێنێتەوە. بەم مانایە دەتوانین باس لە کۆلۆنیالیزم بکەین و کوردستان بە کۆلۆنی دابنێین. هەرچەندە ئەمە شتێ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت.



*پ ١٠. ئەمڕۆ لە ئەورووپای ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا گەلێ زانا خەریکی لێکۆڵینەوەن لە بواری کوردناسیدا. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ئەم کوردناسانە لە چوارچێوەی کۆمەڵەیەک یان یەکێتییەکدا یەکبگرن، یا کۆنگرەیەکی هاوبەش ڕێک بخەن بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلە گرنگەکانی ئەمڕۆ؟*

بێگومان ئەم کارە زۆر پێویستە. دەبێ کوردناسەکانی هەموو جیهان: ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا، هی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی تریش کۆببنەوە، بۆ ئەوەی لە مەسەلەی کورد بکۆڵنەوە. کوردەکان خۆیان دەتوانن دەسپێشکەر و سازدەری ئەم کارەبن. مەڵبەندی کوردی لە پاریس، ئەڵمانیای ڕۆژئاوا، سوێد و گەلێ شوێنی تر هەن. ئەوان پێویستە داوا لە ئەکادیمیای زانستی ئێمە بکەن. ڕووسیا هەموو کاتێ لە مەیانی کوردناسیدا پێشڕەو بووە. جاران تەنانەت دەیانوت، کوردناسی زانستێکی ڕووسییە. ئەی گوایە بۆ ئینستیتووتێکی جیهانی بۆ کوردناسی لە ڕۆژئاوادا دانامەزرێت، بەتایبەتی، کە لە کوردستاندا ئێستە ئەم هەل و مەرجە نییە ؟!

*پ ١١. کورد تەنیا وەک خەڵکێکی زانا تەماشای کوردناسەکان ناکات، بەڵکوو وەک دۆستی گەلی کوردیش. ئەمەش ئەرکێکی دیکە دەخاتە ئەستۆی کوردناسان، کە بریتییە لە پشتگیریکردنی خەباتی گەلی کورد لە لایەکەوە و تاوانبارکردنی ئەو زۆرداری و چەوساندنەوەیەی دژی گەلی کورد دەکرێت لە لایەکی دیکەوە. لەم بوارەدا دەنگی کوردناسەکان کەم دەبیسترێ، بۆچی؟*

من لەتەکتام، کوردناسیی سۆڤیەتی سوورە لەسەر مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەموو میللەتان و لەوانیش میللەتی کورد. بۆ نموونە ساڵی ١٩٦٣، کە بەعسییەکانی عیراق شالاویان بردە سەر میللەتی کورد، ئێمەی کوردناسی سۆڤیەت، دەنگی ناڕەزایی خۆمان هەڵبڕی، بەلام ئێستە زروفی کوردستان دیار و ڕوون نییە. من ماوەیەک لەمەوبەر نووسیم، کە ئۆتۆنۆمییەکەی کوردستانی عیراق هەر بە ناوە و لە ڕاستیدا هیچ نییە (دەنگی هەیە و ڕەنگی نییە).

هەروەهاش ئێمە لەگەڵ مافی سەربەخۆیی هەموو میللەتانی ئێرانداین، بە کورد و ئازەربایجان و ئەوانەی تریشەوە ... ڕامان دەربارەی تورکیا و سوریاش هەمان شتە.

*پ ١٢. ئێستا چ کار و پرۆژەیەکتان بەدەستەوەیە؟*

وەک وتم من خەریکی نووسینی کتێبێکم دەربارەی: «ئیمپریالیزم و مەسەلەی کورد لە نێوان جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا».

*پ ١٣. ئایا لە داهاتووشدا هەر بەردەوام دەبن لەسەر تەرخانکردنی لێکۆڵینەوەکانتان بۆ کورد و کوردستان؟*

بێگومان.

*پ ١٤ زۆربەی کوردۆلۆگەکانی وڵاتی ئێوە هاوتەمەنی ئێوەن، واتە لەو نەوەیەن کە لە ساڵانی پەنجاوە چالاکانە کار دەکەن. ئایا کارێکی واتان کردووە نەوەیەکی نوێی کوردناس پەیدا ببن، بۆ بەردەوام بوونی ئەم کارەی ئەمڕۆتان؟*

بەداخەوە زۆربەی کوردناسە سۆڤیەتییەکانی نەوەی من، هەیانە تۆزێ لەمن پیر تر و هەیانە تۆزێ گەنج ترن. لاوانی کوردناس بە زۆری لە کوردستانەوە دێن. جێگەی داخە، لە مەیانی کوردناسیدا کەم و کووڕی هەیە. لای ئێمە پێگەیاندنی کادیری کوردناسی باش چارەسەرنەکراوە. تەنیا چەند قوتابییەکی خوێندنی بەرز لە مۆسکۆ، یەریڤان و لینینگراد هەن.

*پ ١٥. لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورددا پارچە پارچەیی و دابەشبوونێکی زۆر هەیە، ئێوە چۆنی بۆ دەچن؟*

لەم بارەیەوە ووتم، کە ئەمە گیروگرفتێکی گەورەی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کوردە. دەتوانین « نەخۆشی منداڵانە» ی ناولێبنێین. هەرچەندە دەبێتە هۆی دڵ یەشاندن و زیزکردنی کوردان، بەلام لە ڕاستیشدا دیاردەیەکی زۆر خراپە. هیوادارم بە زوویی چارەسەربکرێت.

*پ ١٦. مێژووی گەلی کورد لە نێوان ١٩٤٠ و ١٩٧٥دا بە «قۆناخی بارزانی» ناودەبرێ. پێتان وایە «قۆناخی پاش بارزانی» دەستی پێ کردووە؟ ئەگەر ئا سیمای ئەم قۆناخە نوێیە چییە؟*

من ریزی بێپایانم بۆ یادی مستەفا بارزانی هەیە. پێم وایە لە چلەکانەوە تا حەفتاکانی سەدەی بیستەم، بارزانی هەرە دیارترین سەرکردەی جوولانەوەی ئازادیخوازیی کوردە. ئەو نەک هەر رەمزی جوولانەوەی ئازادیخوازیی کورد، بەڵکو هی هەموو میللەتانی ئازادیخوازی دنیایە. بەڵام سەردەمی ئەو کۆتایی هات. ئێستا جوولانەوەی ئازادیخوازیی کورد پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. ئەم قۆناغە پێویستی بە یەکگرتنی هێزە جیاجیاکانی جوولانەوەی ئازادیخوازیی کوردە. ئەمەش دەتوانرێت چاربکرێت. ئەم دووبەرەکی و سێبەرەکییە هیچ زەمینە و بنەمایەکی کۆمەڵایەتی و ئابووریی نییە. لێرە، مەسەلەکە لەوەدا نییە، کە هەر پارتییە نوێنەری چ چین و توێژاڵێکی جودای کۆمەڵە، کار لەوەدایە، کە پیلانی کۆنەپەرستان و ئیمپریالیزم بە هەموو توانایەکییەوە نایەوێ کورد یەکبگرێ و جوولانەوەکەشی یەک ریز و بەهێز ببێ. یەکگرتن – تەنیا چارەسەری راستەقینەی جوولانەوەکەیە و رێگایەکی تریش نییە.

*پ ١٧. کاری مێژوونووسان ئەوەیە باس لە رابووردوو بکەن، بەڵام، بێگومان دەتوانن تەماشای داهاتووش بکەن. ئێوە کوردستانی ساڵی ٢٠٠٠ چۆن دەبینن؟*

من خۆم بە پێغەمبەر نازانم، نازانم ئەمڕۆ ئێوارە چی روودەدا. کەچی تۆ دەتەوێ پێشبینی ئەوە بکەم، ساڵی داهاتوو چی دەبێ. من وای بۆ دەچم، کە لە داهاتوودا، لە هەر یەکێ لە پارچەکانی کوردستاندا، هەنگاوێکی چاک لە رێی گەیشتن بە مافی سەربەخۆییدا دەنرێت، بەشێوەیەک، کە لەوەی ئێستا لە کوردستانی عیراقدا هەیە – چاکتر بێت.

*پ ١٨. ئێوە کوردی سۆڤییەت لە رووی ئەتنیکی و مێژوویی و جوگرافیاییەوە بە بەشێک لە کوردستان دادەنێن؟*

نەء! لام وانییە. لە یەکێتی سۆڤیەت نەتەوە هەیە، کە بنەچەی بێگانەیە، زۆرن، لەوانە: سێسەد هەزار کۆریایی هەن، زۆربەیان لە کازاخستان دەژین، مۆسکۆش زۆری لێیە، هەشیانە ئەندامی ئەکادیمیای زانستیی سۆڤیەتین. کوردەکان لە یەکێتی سۆڤیەت، لە کوردستانەوە نزیکترن، تا کۆرییەکان لە کۆریاوە، بەڵام ئەو ناوچانەی لە سۆڤیەت کوردی لێ دەژین، بەشێکی جوگرافی کوردستان نین. خاکی کوردستان نزیکەی ١٠٠ تا ٢٠٠ کیلۆمەترێ – بەتەواوی لە بیرم نییە – لە یەکێتی سۆڤیەتەوە دوورە. بە کورتییەکەی کوردی کوردستانی و هی ناکوردستانیش هەن. ئەوانەی سۆڤیەت کوردستانی نین.

*پ ١٩. دەتانەوێ هەر لەم دەرفەتەدا شتێکی دیکە بڵێن ؟*

هیچ کارێکی ناو کتێبخانە و ئەرشیف و پشتی مێزی نووسین جێی ئەو شادی و کامەرانییە ناگرێتەوە، کە مرۆڤ لە کاتی پەیوەندیی راستەوخۆدا لەگەڵ رۆڵانی ئەو میللەتەدا هەستی پێ دەکات، کە هەموو ژیانی خۆیی لەگەڵدا بەسەر بردووە.
منیش لە کار و ژیانی زانستیی خۆمدا، وەختێکی زۆرم بۆ مەسەلەی کورد تەرخان کردووە. زۆر سوپاسی ئەو برادەرانە دەکەم، کە ئاوا بەگەرمی دێنە لام و وتووێژم لەگەڵدا دەکەن، هیوادارم لە داهاتووشدا ئەم پەیوەندییە بمێنێ و بەهێزتر ببێ.
لە کۆتاییشدا دەمەوێ بڵێم، با لاوانی کورد بێ ئومێد نەبن و بە ئارام و نەفەس درێژ بن، ئەو کاتە ئەنجامی چاکتر بەدەست دێنن. هیوامە کە لاوانی کورد لە ئێمە و میللەتانی ترەوە فێرببن، میللەتی خۆیان خۆش بوێ، خەبات لە پێناوی ئازادی و کامەرانی میللەتەکەیاندا بکەن، هەروەها ئینتەرناسیۆنالیستیش بن، چونکە زۆر گرنگە و بێ ئەمە هیچ ناکرێ.

**ئەنوەر قادر محەمەد**

لە رووسییەوە کردوویەتی بە کوردی



## لیستەی کارە زانستییە چاپکراوەکانی
## م. س. لازەریڤ

١– دارمانی دەسەڵاتی تورک لە رۆژهەڵاتی عەرەبیدا (١٩١٤–١٩١٨). مۆسکۆ، ١٩٦٠.
٢– سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی عەرەبیدا (فەسڵەکانی: «عێراق»، «عەرەبیی سعوودی»، « یەمەن و میرنیشینتیی نیوەدوورگەی عەرەبی»). مۆسکۆ، ١٩٦١.
٣– کوردستان و مەسەلەی کورد (نەوەدەکانی سەدەی نۆزدەیەم – ١٩١٧). مۆسکۆ، ١٩٦٤.
٤– سیاسەتی ئینگلتەرا لە رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا، فەسڵەکانی : «کۆلۆنیالیزمی بریتانی لە رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا» و «وڵاتەکانی نیوە دوورگەی عەرەبی». مۆسکۆ، ١٩٦٦.
٥– عەرەبیی سعوودی دوای سعوود (لەگەڵ ڤ. ل. بۆدیانسکی). مۆسکۆ، ١٩٦٧.
٦– مێژووی نوێی وڵاتە عەرەبییەکان (بەشی «خواروو و رۆژهەلاتی عەرەبی» – لەگەڵ ڤ. ل. بۆدیانسکی دا نووسراوە). مۆسکۆ، ١٩٦٨.
٧– هەندێ سەرنج و تێبینی دەربارەی کوردناسی (مێژوو، ئابووری، سیاسەت) گۆڤاری «میللەتانی ئاسیا و ئەفریقا»، ١٩٦٨، ژ ١.
٨– مەسەلەی کورد (لە کتێبی: پرۆسێسی نەتەوەیی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاستدا»). مۆسکۆ، ١٩٧٠.
٩– مەسەلەی کورد (١٨٩١ – ١٩١٧). مۆسکۆ، ١٩٧٢.
١٠– وڵاتە ئازادبووەکان و مەسەلەی نەتەوەیی. گۆڤاری «ئابووریی جیهانی و پەیوەندیی نێو دەوڵەتان»، ١٩٧٢، ژ ١٠.
١١– دەربارەی باری نەتەوەیی لە رۆژهەڵاتی ئێستادا (بۆ چوونێکی میتۆدیکی). لە نامیلکەی «کێشەی نەتەوەیی رۆژهەلاتی ئێستادا». مۆسکۆ، ١٩٧٦.
١٢– جوولانەوەی نەتەوەیی و گیروگرفتی ئێتنیکی لە رۆژهەڵاتی ئەمڕۆدا. گۆڤاری «ئابووریی جیهانی و پەیوەندیی نێو دەوڵەتان»، ١٩٧٨، ژ ١٢.
١٣– مەسەلەی نەتەوەیی لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقادا (لێکۆڵینەوەی کێشەکان). گۆڤاری «میللەتانی ئاسیا و ئەفریقا»، ١٩٧٩، ژ ١.
١٤– قۆناغی ئێستای گۆڕانی نەتەوەیی وڵاتانی رۆژهەڵاتی هەندەران*. گۆڤاری «ئاسیا و ئەفریقای ئەمڕۆ»، ١٩٧٩، ژ ١٢.
١٥– رۆژهەڵاتی هەندەران و سەردەم. کێشە بنەڕەتییەکان و رێبازی گەشەسەندنی وڵاتانی رۆژهەڵاتی دەرەوە. بەرگی ٢، بەشی چوارەم، «مەسەلەی نەتەوەیی»، (لەگەڵ دانەرانی تردا). مۆسکۆ، ١٩٨٠.
١٦– مەسەلەی نەتەوەیی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتدا (پێشەکی و فەسڵی ١). مۆسکۆ، ١٩٨٢.
١٧– کورد و مەسەلەی کورد. گۆڤاری «ئاسیا و ئەفریقای ئەمڕۆ»، ١٩٨٢، ژ ١٢.
١٨– کورد و کوردستان، (فاکتەرەکانی درووست بوون و چەسپاندنی کێشەکە). لە کتێبی «مەسەلەی نەتەوەیی لە وڵاتە ئازادبووەکانی رۆژهەڵاتدا» مۆسکۆ، ١٩٨٦.

* لە سۆڤیەت بۆ جیاکردنەوەی ناوچە رۆژهەڵاتییە سۆڤیەتییەکان، بە رۆژهەڵاتی لای خۆمان دەڵێن: هی دەرەوە (هەندەران).

لە پاداشی قسەی سەردا هەمە ئاه و هەناسەی گەرم
کەسێ شێتانە بەردم تێگرێ، من بەرقی تێ دەگرم

**مەحوی**

# سوتماک

شێرکۆ بێکەس

ئاسمانێکی: خۆڵەمێشیی.
شەقامێکی: وەنەوشەیی.
تەنیاییم: زەرد.
ئاوارەییم: تارمایی پەرت.
هەواڵ: ڕەش ... ڕەش!.
ئەی شین پۆشی کەمانچە ژەن،
ئەی گوڵی یەخە، پەمەیی!.
وا لێرەوە:
لە سێبەری قژ تەنکی، سەوزی کاڵی،
ئەم دارلیمۆ گۆشەگیر و تەریکەوە
خۆم و خەمی ئەرخەوانیم، ڕاوەستاوین
ملمان لار و
لە پۆپەوە تا بەری پێ
زەنگۆڵ ... زەنگۆڵ
خۆرنشینمان لێ ئەتکێ!.
کزکز و مات
کرکڕ و مات
هەر بە پێوە، لە گۆشەی نیوە ڕوناکی
ئەم جێیەوە
خۆم و خەمی ئەرخەوانیم، پەردەی ئاڵی گوێمان ناوە
بە پەنجەرەی، بەر هەناسەی، ئەو «ژێ» یەوە
کە بە جووڵەی بێ سرەوتی
سەری پەنجەی بلوورینت،
ئاوازێکی تەلیسماویی، باڵ زیوینی، لێ هەڵئەسێ!.
ئەی شین پۆشی کەمانچە ژەن!
ئەی ڕۆح سپی!.
بۆ ئەم ئێوارە کسپەیەم.
بۆ چزەچزی هەواڵی،
تازەی ئەم شیعرە بە سوێیەم.
بۆ باڵی ئاگر تێبەربووی،
جوانووی ئائەم کۆچە نوێیەم،
هاوڕێم بە!

بمخەرە ناو کزەکزی هەڵقرچانی کەمانتەوە
وەکوو پەپوولە پایزە،
بمدە بەدەم بای زایەڵەی هەڵوەرین و پژانتەوە!
خەون بکە بە ڕێبینم.
شەپۆل بکە بە سەرینم.
هەور بە چرپای برینم.
دوور دوور بمبە، بمبەرەوە
بۆ وڵاتی ساڵ دوانزە چاو، فرمێسکاویی.
بۆ لای درەختی مل بە کوێن.
بۆ لای بەفری پرچ خوێناویی.هاوڕێم بە!
بمبەرەوە، بمفڕێنە
وەکوو هێشووی سەرما بردوو
لە ژێر کەپری ئاخەکانتا،
دەنک ... دەنک ... بموەرێنە!.
دە دەی توخوا بمبەرەوە!لێرە پەڕەی ڕۆژژمێرێکی دڕاوە
ئەم تەمەنە!
بە دیوار و بە بنمیچی دەروونی خەڵکی ئێرەوە،
ئەوین گڵۆپی سووتاوە!.
زەریا ... تینوو
لەم بیابانی ڕۆحەدا، ئاو خنکاوە!.
هاوڕێم بە!.
شەقام ... شەقام
پێش تۆ گەڕام
تاق تاقکەرەی چاوی تەڕم
چووە بەر هەر پەنجەرەیەک، هەڵیانفڕان!.
لەم چۆڵەوانی ڕۆحەدا، یەکێ نەبوو، کەسێ نەبوو
لاکاتەوە و ئاوڕ لە کڵپەم باتەوە و
گوێیە بگرێ و بێتە زمان!
هاوار! هاوار!
لە کوێیە ڕۆح، لە کوێیە دەم، لە کوێیە گوێ؟!
ئەی کۆستی نوێ!.
خۆ من ئەسپێکیشم نەبوو

تا وەک هاوڕێکەی «چیخۆف»
بچمە لای و هەر هیچ نەبێ،
ئەو گوێ لە شیوەنم بگرێ!.
دەدەی توخوا
لەسەر باڵی نەغمەیەکی گریاناویت بمبەرەوە
بمبەرەوە ئەی شین پۆشی کەمانچە ژەن
قژ قەترانیی!.
دیارە کە تۆیش هەر وەکوو من
درەختێکی گۆرانیت و لە بەستەی خۆت هەڵکەنراوی!.
دیارە کە تۆش هەر «ئاخ» ێکی کۆچەریت و
وەکوو شیعری هەجیجی من
لەم وێستگەوە بۆ ئەو وێستگە
لەم فڕگەوە بۆ ئەو فڕگە
پایز بە کۆڵ، هەڵوەریوی و، ڕاونراوی!.
ئەی شین پۆشی کەمانچە ژەن بمبەرەوە
هەواڵی نیگا بە شەونم وای پێ وتم:
ئێستە لەوێ
لە ناو تابووتی نارنجیی خۆرنشینی شارەکەمدا
چل ... منداڵم.
چل ... جگەرم.
هەشتا ... چاوم.
هەشتا ... گوێچکەم.
هەشت سەد پەنجەی،
هەردوو دەست و هەردوو قاچم
بە یەکەوە هەڵئەوەرێن!.
پێکیشەوە بە جاجمی خەزانێکی ئەم پایزەم
هێواش ... هێواش، دا ئەپۆشرێن.
ئەی شین پۆشی کەمانچە ژەن، بمبەرەوە
وەکوو هەناسەی من و تۆ
لە شاری خەم نزیک نزیکم کەرەوە.
ئێستە لەوێ گەڕەک هەواڵم ئەپرسێ!.
شەقام چاوم بۆ ئەگێڕێ!.
کۆڵان بەدوامدا ئەگەڕێ!.
کۆستی تەتەر، بە هەردوو دەست
لە دەروازەی ماڵە کۆنەکەمان ئەدا.
ئێستە لەوێ سەیوانەکەم
چل نێرگزی شەهیدی تر ئەدا لە سەر.

چل کراسی هەلاڵەی تر ئەکاتە بەر.
چل جووت گوارەی گوڵەباخم ئەکاتە گوێ.
لە سەر چل قووبەی هەیاسەی،
چل نقێمی سوور دائەنێ.
لە سەرسەری چل ئەرخەوان
چل چرا دائەگیرسێنێ.
چل مۆمی تر ئەسووتێنێ.
ئێستە لەوێ سەیوانەکەم
چل سوێسکە، چل چۆلەکەی
باخچەی خوێنم
لە یەکەم شەوی باوەشیا ئەخەوێنێ!.
ئاسمانێکی: خۆڵەمێشیی.
شەقامێکی: وەنەوشەیی.
تەنیاییم: زەرد.
ئاوارەییم: تارمایی پەرت.
هەواڵ: ڕەش ... ڕەش!.
ئێوارەش: شین، وەک بەرگی تۆ
ئەی شین پۆشی کەمانچە ژەن،
شیوەنیشم: مۆر وەک جەستەی
ئەو چل ئاسکە و ئەو چل کۆترەن!.
دە لۆ لۆ لۆ لە منی وشە سوتماکێ.
لە منی قەڵەم غەمناکێ.
دە لێ لێ لێ
لەمنی شیعر خەزانێ
لە منی دیوان وێرانێ!!.

ستۆکهۆلم
١٩٨٨/٣/٣

# گەڕانەوە

مووسا گەرمێنی

دێمە لای تۆ
دێمە لای تۆ، گەزیزەی ناز
هەموو ساڵێ وەبووژێوە لەسەر خاکم
بلاوێوە بە بای شەماڵ
ڕەنگی نایابت بنوێنە
گیانم بەرێ کەوە بۆ ماڵ
ئاخ! گەزیزە،
بەڵکوو لە گیانم شنەیەک،
یا لە نیگام تروسکەیەک
قەتیس مابێ لە ناو لەشم
بۆن و بەرامەت هەڵمژم
ژانی ئەمانی خۆم کەم کەم، گەزیزە نازەنینەکەم!
دێمە لای تۆ
دێمە لای تۆ، گوڵی نەجیبی بەهاری
پەسندی هەرد و بەردی کورد
بەرامەت تێکەڵی گیانم
شینایی تروسکەی چاوم
لەگەڵ عەتری تۆ
دەچمەوە
لەنێو ڕەنگت دەتوێمەوە
جا یارانی خۆشەویستم
یادم بکەن بە هاتنت.
دێمە لای تۆ
دێمە لای تۆ
گوڵی وردی بەنەخش و بۆ
نازداری نێو کوردەواری
دێمە لای تۆ
دێمە لای تۆ ...

# حەوانەوەی دوای سەرکەوتن

* مارف عومەر گوڵ

دەستە دەستە بەڕێوە،
چەند کەسێکمان بریندار
کە ڕۆیشتین سی کەس بووین، بیست وهەشتمان
ماینەوە
هەرچەندە سەرکەوتوو بووین،
خوێن ڕێچکەی لەدوا بەستین
دوژمنمان بەدەر نابوو، لە شەر دەگەڕاینەوە.

*

لە ڕێگە دوانی ترمان،
بە شاخێکی بەرز سپارد
یەکی چوار ئەستێرەی سوور، بەسەر نێوچەوانەوە
غەمباری چوار شەهید و،
دڵخۆشی سەرکەوتن بووین
گەڕاینەوە ئاوایی، بۆ تۆزێ حەوانەوە.

*

تەپ و تۆزاوی و ماندوو،
غەریب و نامۆ دیاربووم
ئێوارە دابەش کراین، بەر ماڵی ئێوە کەوتم
نەمزانی بێمە ژووری،
ئاشنای هەمووتانم
پێش ئەوەی چایی دەم کەن، من بۆخۆم تۆزێ
خەوتم.

بناری قەندیل
ئەیلوول ١٩٨٧



# دەربارەی دۆخی ئێستای سیمبۆلیزمی ڕووسی

نووسینی ئەلێکساندەر بلۆک
ئەنوەر قادر محەمەد لە ڕووسی‌یەوە کردوویەتی بە کوردی

ئەرکی ڕاستەوخۆی هونەرمەند ئەوەیە؛ پیشان بدات نەک بسەلمێنێ بەلام کاتێ دەست بە وەلام دانەوەی وتارەکەی ڤ. ئی. ئیڤانۆڤ دەکەم[1]، لە ئەرکی ڕاستەوخۆی هونەرمەندێک لادەدەم. باری ئێستەی وشەی هونەریی ڕووسی، بە ئاشکرا دەری دەخات کە ئێمەی ڕەمزییەکانی ڕووسیا، بەشێکی زۆری ڕێگای خۆمان بڕیووە و ڕووبەڕووی هەندێ ئەرک و کاری نوێ بووینەتەوە. لە ساتێکی ڕاگوزاریی وێنەی ئەم ڕۆژانەی ئێمەی تێدا دەژین، زۆر ئاشکرا و دیارە، کە ئێمە هانا بۆ یادگارەکانی خۆمان دەبەین و بەهۆی جەمسەر و تاڵە دەزوویانەوە، پێش هەموو کەسیش بۆخۆمان تا خەڵکی تر، بڕیاردەدەین و ئاماژەی ئەوە دەکەین، کە بنەچە و بنەمای ئێمە کێیە و لە چ وڵاتێکەوە هاتووین. لە کەناری زەریای ژیان و هونەرەوە سواری کەشتی بووین و گەلێکیش لێی دوورکەوتووینەتەوە، بەلام هێشتا ئەو کەنارە بەتەواوی جیاناکەینەوە، وا خەیاڵمان، هێز و بڕوای داهێنانمان بەرەو لای بەکێشمان دەکا؛ چەند کەسێکی کەمین و بە دوژمنیش ئابلووقە دراوین. لەم ساتی گەورەی نیوەڕێیەدا ڕوونتر یەکتری دەناسین، دەستی تەزیووی یەکدی دەگوشین و ئالای نیشتمانمان هەڵدەکەین.

(ڤیتە) واتەنی: مەسەلەکە ئەوەیە، هەموو هونەرمەندێ مەبەستییەتی «بەگیان و بێ وشە بدوێ»،. لە بەجێ هێنانی ئەم ئەرکە گرانەدا، کە گرتوومەتە ئەستۆی خۆم، نیازمە باسی ئەو ڕێگایە بکەم وا بڕیومانە و پێشبینی داهاتووشمان بکەم. هەر بۆیە، بێ ئەوەی خۆم بمەوێ، زمانێکی تایبەتی هەڵدەبژێرم. لەبەر ئەوەی بیروڕا بنەڕەتییەکانی، مێتۆد و پێناسە گونجاوەکەی ڤ. ئیڤانۆڤم بەدڵە، بۆیە زمانەکەی خۆم ناودەنێم زمانی بە وێنەوە ڕوون کراوە «ئیلۆستریشن». کوت ومت ئامانجی من ئەوە نییە – ئەو شتانەی ڤ. ئی. ئیڤانۆڤ دەیانڵێ بخەمە ڕوو، زاراوەکانی لێک بدەمەوە، هەروەها ئەو «ئیلۆستریشن»، کە بۆ ڕازاندنەوەی دەقەکەی ئەو بەکارم هێناوە، پیشان بدەم. چونکە منیش لەو کەسانەم، وا لایان ڕوونە، چ واقعێک لە پشتی وشەکانییەوە خۆی حەشارداوە. لە یەکەم جاردا بەشێوەیەکی ئەبستراکت (تەجریدی) داواتان لێ دەکەم قسەکانم بەو گیانەوە وەرگرن، کە ئەرکە دەوریان هەیە. هەروەک دەلیلەکەی (بیدیکەر)[2]، ئەوەی گەڕۆک لەبەر پێویستی بەکاری دێنێ. ڕوونتر ناتوانم بدوێم. ئەوانەی قیبلەنوماکەمان بە تەماوی و نادیار دەزانن، وڵاتەکەشمانیان لا هەر وەهایە. کەسێ بیەوێ تێ بگات، تێ دەگات. من جارێک ڕابووردووەکەم سەلماندووە و پەیوەندیی ناوەوەی ڕووداوەکانم گونجاند، بۆیە ئیتر لەم بارەیەوە بەباشی دەزانم بێدەنگ بم.

پێش ئەوەی باس لە تێز و ئەنتیتێزی سیمبۆلیزمی ڕووسی بکەم، دەمەوێ تێبینیەکی تر بخەمە ڕوو؛ بێگومان لێرەدا مەبەستم لە مێژووی ڕەمزییەت نییە، چونکە ناتوانرێت کرۆنۆلۆگیای ئەوە، بە تەواوەتی دیاری بکرێت، بەتایبەتیش کاتێ باسی ئەو ڕووداوانە دەکرێت، کە لە جیهانی واقعیدا ڕوویانداوە و ڕوودەدەن. ئەمە تێزەکەیە: «تۆ لەو دنیا سیحراوییە گونجاوەدا ئازادی!»، ئەو دنیایە هی تۆیە، چیت دەوێ دایبهێنە!، «تێبگە، تێبگە هەموو نهێنییەکان لای خۆمانن، شەوەزەنگ و بەرەبەیانیش!» (برووسۆڤ). «من – خوای دنیای نهێنیم، هەموو دنیا تەنیا لە خەونەکانی مندایە» (سۆڵۆگۆب)، «بە تەنیا تۆ خاوەنی کلوور (خەزنە) کەی، بەلام لە تەنیشت تۆوە کەسانی تریش هەن ئاگایان لێیەتی (یان وا دەردەکەوێ دەزانن، ئەمە گیروگرفت نییە!). ئا لێرەوە: ئێمە چەند کەسێکی سیمبۆلیستی ئاگادارین.

لەو ساتەوە، کە لە گیانی هەندێ کەسدا ئەم بیرانە چەکەرە دەکەن، سیمبۆلیزم لەدایکدەبێ و قوتابخانەکە دروست دەبێ. ئەمە – نۆ لاویەتییە، تازەخوازیی مندالانەی هەوەڵ دۆزینەوەیە. لێرەدا هێشتا کەس نازانێ ئەوەی تر لەکام دنیایەدایە، تەنانەت ئەمە دەربارەی خۆشی نازانێ، هەموو هەر چاودادەگرن و لەسەر ئەوە ڕێکن، کە جیاوازی لە نێوانی ئەم جیهانانە و «ئەوانێکی تردا» هەیە ...

ئەو هێزانەی دۆستن بۆ «ئەو دنیایەی تر، بۆ ئەو جیهانە نەدۆزراوە

و نەبینراوە خەبات دەکەن».
دڵێکی جەربەزە و ناشی دەچێنێ: «تۆ لە دنیا ئەفسووناوییەکاندا سەربەستی!» کەچی تیغی شمشێری نهێنی ئاراستەی سەرسنگ کراوە. سیمبۆلیست هەر لە سەرەتاوە خاوەن (تیۆرگ)[3] پەرجوو (موعجیزە) یە؛ هەڵگری ئەو زانیارییە نهێنییانەیە، وا کاری نهێنییشیان بەدوادا دێ. بە چاوێکیشەوە – وەک بەخۆیدا بڕوانێ – سەیری ئەم نهێنییەی کە دەبێتە هی هەموو جیهان – دەکات. ئەو کلوورێکی تێدا دەبینێ، کە لە نیوەشەوێکی حوزەیراندا گوڵی وەنەوشەی بەسەرەوە دەپشکوێ و دەیەوێ لەو نیوەشەوە شینەدا «گوڵووکی شین»[4] بچنێ.
لە ئاسۆی ئاسمانیی نیگای تیشکداری کەسێکدا پەرجوو پەیدا دەبێ، ئەم نیگایە وەک شمشێر وایە، بە هەموو جیهانەکاندا، بە «دەریا و ڕوبار، دارستانی دوور و لووتکەی بەفرینی شاخەکاندا»[5] ڕۆدەچێ ... بەناو هەموو ئەم جیهانانەشدا لە سەرەتادا – تەنیا بریسکەی زەردەخەنەی هێمنانەی کەسێکی – دەگاتە لا.

به ڕۆژ وەنەوز دەدەی، یا کە نیوەشەوێ،
بێداردەبیتەوە،
کەسێ لێرەیە، ئێمە هەردووکمانین، –
یەکسەر نیگای لازوردیی چاوێک،
لە شەوێکی تاریکدا، یان بە ڕۆژ،
بە قووڵی دەڕوانێتە گیانت،
سەهۆڵ دەتوێتەوە،
باهۆزەکانی دڵ ئارام دەبنەوە،
گوڵاڵان دەپشکوێن و دەکرێنەوە،
تەنیا ناوی کچێکی؛ تیشکدار هەیە،
تۆ پەی پێدەبەی ؟!
(ڤ. سۆلەڤیۆڤ)

ئەو دنیایانەی، کە نیگایان لە تیشکی لازوردیی شمشێرە، زیاتر پڕبانگ و هاوار دەبن و لە قووڵاییانەوە دەنگە پڕ هەراو و مۆسیقاییەکان دێ؛ بانگ، چپە، تەنانەت وشەش! لەگەڵ ئەمانەشدا ڕەنگ دەگرنە خۆ (لێرەدا بۆ یەکەم جار زانیارییەکی تەواو دەربارەی گوڵ پەیدا دەبێ)، لە کۆتاییدا دەبێتە خاوەنی ئەو گوڵەی (هەرچەندە ڕەنگە وەک من ناوی دەبەم وا نەبێ) بەڵام حەزدەکەم پێی بڵێم ئەرخەوانی – سۆسەنی.
شمشێری زێڕین بە ناخی دنیای ئەرخەوانی – سۆسەنیدا ڕۆدەچێ، بە شێوەیەکی چاو بە شەوارەخەر گڕی تێبەردەبێ و دڵی پەرجوو دەسمێ. ڕووخسار دەچێتە ناو گوڵەباخە ئاسمانییەکانەوە، دەنگەکە دەناسرێتەوە، گفتوگۆیەک دێتە ئاراوە، لە بەرهەمەکەی ڤ. سۆلۆڤیۆڤ – «سێ ژوان» دەچێ، کە تیایدا دەڵێ: «سێ جار نەبوو، کە تۆ خۆت دایە دەست نیگایەکی زیندووەوە، ڕووخساری تۆ وەدەرکەوت، بەڵام هەر دەمەوێ بتبینم». دەنگەکە دەڵێ: «تەنانەت لە (میسر) یش بێت». ئەمەیە کۆتایی تیزەکە و ئیتر سیحری تەنیا گۆڕانەکە دەست پێدەکات.
ئەو ساتە گۆڕانی سیماکە بە ڕوونی دەردەکەوێ، وەکو ئەوەی هەست بکرێت، کەسێک کۆمەڵێ دەستی زۆری هەبن و لە تاریکییەتی ئەرخەوانی – سۆسەنیدا، دەستەکانی لە شانی خۆی بکەون – تاریکییەک، کە لە ئاڵتوون هەڵدەکێشرێ و پێشبینی ناشتنێکی گەورە دەکرێ – پەرجوو وەڵامی هاوارەکە دەداتەوە:

لەو شەوە ئاڵتوونییە ئەرخەوانییەدا
دیارە ئیتر پێکەوە نابین،
لە نێوانی گوڵەباخە ئاسمانییەکاندا،
شتێکی زریان ئامێز هەیە،
کە لە نیگاکانی تۆدا بەدیم کردووە[6]

زریان ئەوەتا هاتووە بە ڕووی سیما پڕ تیشکەکەدا، وا کەوتۆتە بڵاوبوونەوە و درەوشانەوە، واتە – ناوە پەی پێبراوەکە. ڕەچاوی هەموو شتێ کراوە، تەنیا: خاڵی مردووی تەدارەک نەبێ. ئەمە ئاڵۆزترین ساتی تێز بە ئەنتی تێز بوونە و پێشتر لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و کارامەیی گلێربووەوە، دروست بووە، کە دەتوانم واهیمەی دەست تێوەردانی کەسێکی نامۆ و (لای من نەناسراوی) بە بەڵگە بۆ بهێنمەوە. هەر لەسەرەتاوە هەست دەکرێ، هەموو تابلۆی ژانەکە بە شێوەیەکی بنەڕەتی لە «ئەنتی تێز» ەوە تا «گۆڕانی ڕووخسار» دەگۆڕێ، ئەم ڕووداوانەش بەڵگەو گەواهی ئەمەن.
چۆن بتوانی پەرجوو بگێڕیتەوە بۆ ڕوونیی بەیانیان. کەسێ لە پڕێکدا هەنگاو بەسەر دەزووی زێڕینی پەرجووە پشکووتووەکەدا دەنێ و تیغی شمشێرە پڕ تیشکەکە دەبریسکێتەوە لە ناو دڵدا هەستی پێ دەکرێ. ئەو جیهانانەی تیشکی زێڕینیان تێدا بڵاودەبێتەوە نرخی ئەرخەوان لە دەست دەدەن، هەر وەک لە نێوانی بەستێکی ڕووخاوەوە تاریکییەکی شینی ئەرخەوانی (چاکترین نیگاری ئەم گوڵانە – لای ڤرۆبیلە)، بە هاوئاهەنگیی دەنگی دڕاوی کەمان و گورانی قەرەجانەوە هەڵدەچێ. ئەگەر من تابلۆی ژاني ئەم ساتەم بکێشایە ئاوەها دەبوو: لە تاریکیی سۆسەنیی دنیایەکی چۆڵدا، تابووتێکی گەورەی سپی جۆلانەدەکات، بووکە– شووشەیەکی بێ گیانی لەسەر ڕاکشاوە، ڕووخساری بەشێوەیەکی تەماوی، سیمای ئەو کەسەت وەبیردێنێتەوە، کە لەناو گوڵە باخە ئاسمانییەکاندا دیاربوو.
ئەم چرکەیە پێویستی بە بیری تیژی ڕوون و بریسکانەوە و ژانی جۆراوجۆر و تایبەتی و دانسقە هەیە. لە تاریکیی سۆسەنیی جیهانە (شەپۆل دەرەکەدا) – هەرچەندەش یاساکان بە جۆرێکی ترن – بەڵام بەپێچەوانەی جارانەوە هاوئاهەنگییەکی تەواو هەیە، چونکە شیرە زێڕینەکە نییە. ئێستە لەسەر بناغەی دەنگی گوێ کەڕەکەری ئۆرکستراکە، لە هەموو شتێ بەرزتر ئەم پەڵەی گریانە بەجۆشە دێ: «جیهان زۆر شەنگە، جیهان ئەفسووناوییە و تۆ ئازادی!»[7].



هەست کردن بەم هەموو شتە – تەنیا یەکێ نییە، پڕە لە (دیمۆن – بەشێوەیەکی تر «دوومان» ی پێدەڵێن)، لەمانەیان خواستی داهێنەری تووڕەی، بە ئارەزووی خۆی، کۆمەڵێ پیلانگێڕی بەردەوام پێکەوە دەنێ و بەردەوام دەشیانگۆڕێ. لە هەموو چرکەیەکدا بە یارمەتی ئەم پیلانە، بەشێکی گیانی خۆی لە خۆشی دەشارێتەوە. بە هۆی ئەم تۆڕی هەڵخەڵەتاندنە بزێوانەوە، هەتا ئەو تاریکییە سۆسەنییەی دەوروپشتی سیحراویتر بێ، ئەو چاکتر (دیمۆن) ەکانی دەکاتە چەکی دەستی، دوومانەکانیشی بەیەکەوە گرێدەدا. هەموویان لەسەر خواستی ئەو لە دنیا سۆسەنییەکەدا بەهادارترین شتی بۆ دێنن، ئەو شتانەی نایەوێن: یەکێ پەڵە هەورێکی بۆ دێنێ؛ یەکێکی تر هالاوی دەریا، سێیەم یاقووتێکی جەمەستی، چووارەم کوەسارەیەکی پیرۆز، چاوێکی باڵدار. ئەم بەڕێزە هەموویان فڕێدەداتە تەنووری داهێنانی هونەریی خۆیەوە و لە کۆتاییدا بە هۆی هێز و خواستییەوە، شتە ئاواتییەکەی – بووکەشووشە جوانەکەی خۆی، بۆ سەیر و ڕابواردن بەدەست دێنێ.
ئاوەها ئەو دنیا ئەفسووناوییەی من دەمویست هاتە کایەوە و بووە مەیدانی کرداری شەخسیی خۆم: «شانۆی ئەنەتۆمی من»، یان شانۆی کۆمیدیم. لەوێ خۆم و بووکڵە جوانەکەم دەور دەبینین (هۆ مرۆڤ!). شمشێری ئاڵتوونی ون بوو، دنیا سۆسەنییەکان لە ناو دڵما بریسکانەوە، زەریا – دڵی منە، هەموو شتێکی سیحراوییە؛ ژیانم بۆ لێک جوێ نابێتەوە، خەو و مردنی ئەم دنیایە و ئەوانەی تریش (بۆ ساتێ ڕاوەستە!) ئاشکرا تر بڵێم، من ژیانی شەخسی خۆمم کردۆتە هونەر (ئەو تەقلیدەی بەشێوەیەکی ڕوون بە هونەری وێرانکارانەی ئەوروپادا تێدەپەڕێ). ژیان بۆتە هونەر، پتەو و کارامە بووم، لە کۆتاییدا لە بەردەمما ئەو شتە قووت بووەتەوە، کە من خۆم ناوم لێ ناوە: «ئافرەتە نەناسراوەکە» – بووکەشووشە جوانەکە، تارماییە شینەکە، پەرجووی ئەم دنیایەیە. ئەمە تاجی ئەنتیتێزە.
ماوەیەکی زۆر شادییەکی باڵدار و دڵ فێنککەرەوە بە دەوری ئەم داهێنراوەدا پەیدادەکا، کەمانەکانیش بە زمانی خۆیان وەسپی دەکەن.
ئافرەتە نەناسراوەکە، بە تەنیا ئافرەتێکی کراسی ئاو دامانی ڕەش لەبەر نییە، کە شەپکەکەی پەڕێکی وشترمەلی پێوە بێت. ئەمە تافی شەیتانانەی گەلێ لە دنیاکانە، زۆر زۆریش شین و سۆسەنییە. ئەگەر توانا و کەرەسەکەی (ڤرۆبیل) م هەبوایە، (دیمۆن) ێکم درووست دەکرد، بەڵام هەر کەسە و ئەوە درووست دەکات (دەڕۆستی دێت) و بۆی دیاری کراوە.
ئەوەی بەم شێوەیە و لە ئەنجامی توانای ئازادیی هونەرمەندەوە و بەیارمەتی هەندێ لە (دیمۆن) ە گچکەکان دروست بووە. ئەو (دیمۆنانەی) لەبەر دەستی هەموو هونەرمەندێکا دەست لەسەر سینە ئامادەن، نە بەراییان هەیە و نە کۆتایی – ئەویش (واتە بەرهەمەکە) نەزیندووە و نەمردوو.

ئەستێرەکان پزیسکیان لێدەبێتەوە،
شین ... شین، نیگایەکی شین،
لە نێوان زەوی و ئاسماندا
بڵێسەی ئاگرێکی بەرزبووەوەیە ...
*«زەویي بەفر گرتوو»*

لەوێ لە شەوی ساردی پڕ دەنگ و لوورەدا،
لە دەشتی ئەستێرەکاندا ئەڵقەیەکم دۆزییەوە،
ئەوەتا، ڕووخسار لەنەخش و نیگارەکانەوە دروست دەبێ،
سیما دەڕسکێ
گۆرانییە زریانییەکان مەلە دەکەن ،
(شەپۆل دەدەن)،
ئەستێرە پرشنگدارە کلک پزیسک دارەکانیش
قەلەندەرانە وێڵن
دەفی فڕیوی زریان،
بە زەنگڵەکانی، بەبێ ئارامییەوە دەزرنگێتەوە،
*«شادیی بێکێشە»*

ئەمە هونەر داهێنانە. بۆ من ئەمە بەڵگەی بەدیهاتووە. من لەبەردەمی ئەو هونەرەدا، خۆم دامهێناوە، دەوستم و نازانم چی بکەم! ڕوونتر بڵێم، ئەوەی دامهێناوە لەگەڵمدا دەژی، نە زیندووە و نە مردووشە، تارماییەکی شینە. بە ڕوونی «لەنێوان هەردوو بڕۆی هەوردا تڕووسکاییەک» دەبینم. شەرابی «ئیرۆس» ی ڤ. ئیڤانۆڤ بە ئاشکرا سەدەفی (ڤرۆبیل – «دیمۆن»، «شاژنی قوو») لێک جیادەکەمەوە، یان گوێم لە خشەی شاڵی «ئافرەتە نەناسراوەکە» یە. بەڵام هەموو تاپۆ و تارمایین.
لەم بارودۆزووفەدا مەسەلەی بەلەعنەت کردنی هونەر – «گەڕانەوە بۆ ژیان»، «خزمەتی کۆمەڵ کردن»، کەنیسە، «میللەت و ڕۆشنبیران» دێتە ئاراوە.
لە چوارچێوەی سیمبۆلیزمدا زۆر ئاساییە؛ گەڕانە بەدوای شمشێرە زێڕینە ونبووەکەدا، کە دیسانەوە ئاودیوی دەبێت و جیهانە سۆسەنییە ژاوەژاوکەرەکان ڕێک دەخا و هێور دەکاتەوە.
نرخی ئەم گەڕان و پەیجۆرە لەوەدایە، کە بە تایبەتی واقعییەتی «ئەو دنیایانە» بە ئاشکرا دەدۆزێتەوە، لێرەدا بە چاکی ئەوە دەسەلمێنرێت، کە هەموو ئەو جیهانانەی ئێمە دیومانە و ئەو ڕووداوانەی تیایاندا ڕوویان داوە، بە هیچ شێوەیەک گەوهەری «بۆچوونەکانی ئێمە نین»، بە واتایەکی تر «تێز» و «ئەنتیتێز» مانایەکی خۆیی وەک یەکیان نییە. بۆ نموونە لە کاتی ئەم پەیخۆرەدا گەوهەری شۆڕشی ڕووسی دەنرخێندرێ، واتە: هەموو هۆ مێژوویی و ئابوری و ... هتد، کە بووەتە نیوە واقعیک و هەندێ لە هۆکانی زۆر بەرز هەڵدەسەنگێنرێن و دەسەلمێنرێن، بە پێچەوانەی ئەو بیروڕا ساکارەوە، کە دەڵێ: «گوایە شۆڕش ئێمەی داگیرکردووە!»، ئێمە دژی ئەم ڕایەین: شۆڕش نەک تەنیا لەم ڕووەوە؛ بەڵکو لە دنیای تریشدا ڕوویداوە، شۆڕش دەرکەوتنی ڕەش بوونی زێڕ و تەدارەکی تاریک و ڕوونی سۆسەنییە. مەبەست

لەو رووداوانەیە، کە لە گیانی خۆماندا روویان داوە و شایەتی حاڵی بووین. هەروەک لە ناخی ئێمەدا ئاوەهاش لە رووسیادا شتێک روویدا، وەک لەبەردەمی گیانی میللیدا، ئاوەهاش لە بەردەمی ئێمەدا تارماییەکی شین قووت بووەوە. رووسیا لەبەر ئەم تیشکە نۆییە میللیەدا (کە زۆر جوانیش نییە، بەڵام بەشێوەیەکی تەقلیدی بە (نیکراسۆڤ) ەوە بەستراوە) بووە گیانی ئێمەش.

ئالەم ساتانەدا مەسەلەکە وا کەوتۆتەوە: بە یاخی بوونی دنیا سۆسەنییەکان هێوردەبێتەوە. ئەو کەسانەی وەسپکەری تارماییەکەن، لە کۆتاییدا سروشتی راستەقینەی خۆیان دەدۆزنەوە. ئەوانە دەتوانن، گوایە بەکوڵ بگرین، لەگەڵ ئەو بڕوایەدا، کە پیرۆزیان‌دەکات بگرین ... هاواری بەرزی بەتەدارەکیان لەسەرەتادا دەنێتە گریان ( گیانی جیهانی (یەزدان) لە دەشتەکاندا بێئارامی دەنێتەوە. نزیکەی هەمووی هێور دەبێتەوە.تارماییە سۆسەنییەکە دەرەوێتەوە، دەشتێکی کاکی‌بەکاکی دەردەکەوێ، خامە گیانی چۆڵکردووە. دەشتێکی دوور و چۆڵ بەسەریشییەوە دووا وریاکردنەوە – ئەستێرەیەکی کلکدار؟. لە هەوایەکی بزێودا بۆنی توندی چواڵە بادەم دێ (بە واتایەکی تر، لەم بارەیەوە بڕوانەرە، شانۆگەرییەکەی من، «گۆرانیی چارەنووس».

ئەو واقیعەی باسم لێوەکردووە، تەنیا شتێکە، کە بیری ژیانم دەداتێ، دنیا و هونەرم دەداتێ، ئەو دنیایانە هەن، یان نین؟ لای ئەوانەی دەڵێن نە، ئێمە دەبینە «دژەهونەر» و دەربڕی هەست و ژانێکی نادیار، بۆیەشە ئێستە باسی مردن دەکەین، چونکە ماندوو بووین.

سەبارەت بە خۆم دەتوانم بڵێم، ئەگەر هەر کاتێک وا بووبێتم، ئێستە بەتەواوەتی تاقەتی ئەوەم نەماوە، شتێ کە لە خۆم دوورتر و بەرزترە، بە کەسێ بسەلمێنم. رێگاش بە خۆم دەدەم، کە بە دڵسۆزییەوە داوا لە رەخنەگران و خەڵکیش بکەم وەختی خۆیان بە تێنەگەیشتن لە شیعرەکانی منەوە بە فیڕۆ نەدەن، چونکە خۆم لەم وتارەدا باسی ئەو شتانەم کردووە، کە لە شیعرەکانمدا بە روونی و فراوانتر باسم کردوون، ئەوانەشی، کە حەزدەکەن لە نزیکەوە، لەو ژان و هەستە دەربڕاوە بگەن، دەتوانم هەر رووبەرووی شیعرەکانمیان بکەمەوە و رەوانەی لای ئەوانیان بکەم.

ئەگەر وایە، واتە ئەگەر ئەم دنیایانە هەن، دەبێ دەربڕینیش هەبێ، یا هەبوایە، (نابێ ئەوەش نەزانم)، کە سەیردەبوو ئەگەر ئێمەیان لە بارودۆخێکی تردا ببینیایە، پێشنیارمان بۆ دەکەن: گۆرانی بڵێن، رابوێرن و باس لە ژیان بکەن، بەڵام ئێمە رووخسارمان هەڵپرووکاو و تێکچووی تاریک و روونە سۆسەنییەکەیە. ئەوانەشی وەک «پەیامبەری خەو و مردن» ناومان دەبەن، دەشێ پرسیاریان لێ بکرێ، ئەوان لە سەردەمی «تێز» و «ئەنتی‌تێز» ەکەدا لە کوێ بوون؟! یان هێشتا لە دایک نەبووبوون، یا گومان لە هیچ ناکەن؟! ئەم روانگەی بینینەیان هەبوو یان نە، ئەوان سیمبۆلیستن یان نا؟!

دەبێ بە سیمبۆلیست لەدایک ببیت، لێرەوەیە ئەو لاوەکییەتی و نەزاندوویەتییەی بەناو «ریالیست» ەکان ئەوانەی بە هەموو توانایانەوە دەیانەوێ ببنە سیمبۆلیست. لێی دەدوێن، ئەم هەوڵدانەیان چەنێ ئاشکرا و دیارە، هێندەش گوناحانەیە! خۆری ریالیزمی سادە و ساکارانە ئاوابووە و لە چوارچێوەی سیمبۆلیزمدا نەبێ، چ بیر و داهێنانێک لە وزەدا نییە. هەر لەمەشەوەیە، کە تەنانەت نووسەرە خاوەن بەهرەکانیش ئەگەر بە «ئاگر و گیان» ی سیمبۆلیزم تەعمید نەکرێن هیچیان لە دەست نایەت.

بە داڵغە و خەیاڵ پلاو نابی بە هونەرمەند. ئەگەر هونەرمەندی راستەقینە بی، ئەوا دەبێ زریانی دنیای هونەر دابین بکەی، ئەو دنیایەی کە لەمە ناچێت، بەڵام زۆر بەهێز کاری تێدەکات. لەو دنیایانەدا هۆ و ئەنجام، رۆژگار و شوێن لەشی بەردار و گیانی بێبەر نییە، ئەو دنیایانە لە ژمارە نایەن. (ڤرۆبیل) چل سەری (دیمۆن) ی دەبینی، لە راستیشدا هەر لە ژمارە نایەن.

هونەر واتە دۆزەخ. لە خۆیەوە نییە، کە (ڤ. برووسۆڤ) مۆچیاریی هونەرمەندی ئاواکردووە: «وەک (دانتی) دەبێ بڵێسەی ئاگری ژێرزەمین گۆناکانت بسووتێنێ». دەبێ بە ئەڵقە لە ژمارەنەهاتووەکانی دۆزەخدا تێبپەڕێ، ئەو کەسەش لەناو ناچێ، کە هاوڕێ و مامۆستا (پیر) و خەونێکی ڕێنومایی‌کەری هەیە، ئەو خەونەی بەرەو ئەوێت دەبا، بۆ ئەو شوێنەی کە تەنانەت (پیر) یش ناتوانێ لێوەی بچێتە ژوورەوە.

ئێمە لە قۆناغی ئەنتی‌تێزدا چیمان لێ بەسەرهات؟! بۆچی شمشێری ئاڵتوونی رەش داگەڕا، بۆچی دنیا سۆسەنییە شینەکان تێکەڵی ئەم دنیایانەبوون، بۆ ئاژاوەی نایەوە و لە ژیان هونەری دروستکرد؟! بۆ لە ناخی چۆڵی خۆیەوە، ئەم تارمایی‌یە شینەی رەوانەکرد؟!

چی روویدا ؟!: «پێغەمبەر» بوون بەنیازبوون ببنە «شاعیر». بە زمانە توند و بەهێزەکەی «ڤ. سۆڵۆڤیۆڤ» ی مامۆستام، ئاوا دەردەبڕدرێ:

خۆشیی گیان – بە درۆ و خەیاڵ‌پلاوەوە،
زمانی کۆیلەیەتی – زمانی زیندووی خواکان،
ئیلهامی پیرۆزی هەرا و هوریای کۆمیدی
ئەو ئاڵشتی کرد و گێلەکانی هەڵخەڵەتاند

بەڵێ، هەمووی وایە، ئێمە لەگەڵ دوومانەکانماندا پیلانی هەڵخەڵەتاندنمان مۆرکرد، ئێمە بە هێزی توندی کۆیلانە دنیامان کردە شانۆیەکی کۆمیدی، سوێندمان بە (دیمۆن) ەکان خوارد – ئەوانەی کە زۆر قۆزیش نین، بەڵام جوانن، (دیارە لە هەموو شتێ لە جیهانیشدا جوانتر ئەوەیە: کۆیلەکان دەبەخشن و هیچیش بۆ خۆیان نابەن). لە کۆتاییدا ئێمە گێلەکانمان هەڵخەڵەتاند، یان کاتێ بووین بە خاوەنی ئەو «ناوبانگە ئەدەبی» یە، کە خیانەتمان لە «ئیلهامی پیرۆز» کرد و باوەڕمان بە تارمایی ئەو «ئەنتی‌تێز» ەی خۆمان دروستمانکردووە، زیاتر لە واقیعی «تێز» ەکە کرد.

ئەوەی بەسەرمان هاتووە، یارای راست کردنەوەیە یان نە؟! پرسیارێکی تریش لە گەوهەردا تێکەڵی ئەمە دەبێ: سیمبۆلیزمی رووسی دەبێ ببێ یان نە؟!».

رەشبینی و گەشبینی ساکارانە، تەنانەت باوەڕ پێهێنانیشیان،



مانای لادانە لە پرسیارە قووت بووەوەکە. گوناهی ئێمە (شەخسی و بەکۆمەڵ) زۆر گەورەیە. هەر لەبەر ئەوەشە، لەم بارەی ئێستاماندا گەلێ ئەنجامی تاڵ هەیە.

بەم جۆرە، یان بەشێوەیەکی تر دنیا سۆسەنییەکان (رژانە) گیانی (لێرمەنتۆڤ) ەوە و ویستی خۆی خستە بەر لوولەی دەمانچەوە، هەروەها (گۆگەل) یشیان گرتەوە، ئەویش خۆی سووتاند و کەوتە پەلەکوتەی بەر چنگی جاڵجاڵۆکەوە، لەمانەش دیار و روونتر ئەوەیە خۆمان دیمان: تێکچوونی (ڤرۆبیل) و لەناوچوونی (کەمیسارۆ ژییەڤسکی)، بەخۆڕایی نەبوون.

لە تەنیشتمانەوە کارەساتی وا لە هونەرمەندەکان روودەدەن، چونکە هونەر دۆزەخێکی سەیر و بریسکەدارە، لە تاریکیی ئەم دۆزەخەوەیە، هونەرمەند وێنەکانی خۆی هەڵدەگۆزێ، (لیۆناردۆ) لە سەرەتادا، بۆ ئەوەی سیمای (دیمۆن) و (مادۆنا) بنەخشێنێ، بنەمایەکی رەشی هەڵبژاردووە، (رامبرانت) یش لە سێبەرە رەش و سوورەکانەوە خەونەکانی خۆی دەنەخشاند، بەڵام (کاڕریر) لە تۆڕداوی سەدیمی خۆڵەمێشییەوە. بەم پرسیارەش «ئەندرێ بێلێ» سەرەتای چیرۆکە درێژە نایابەکەی خۆی «کۆترە زیوینە» کە دەستپێدەکات: «ئا ئاسمان؟! هەوای زەرد هەڵگەڕاوی، هەر لەسەرەتاوە زەردهەڵگەڕاوی، ئەی ئەگەر سەیربکرێت، بە هەموو شێوەیەک هەواکەی رەشە؟ هۆو! تۆ مەترسە، خۆ لە هەوادا نیت!...»

بەڵام خۆ هەر لە هەوای رەشی دۆزەخدا هونەرمەند دەژی و دەکەوێتە بەدیکردنی دنیاکانی دی. کاتێ شمشێرە زێڕینەکە دەکوژێتەوە، ئەوەی کە دەستێکی نادیار – لە نێوانی ئاسمانە رەنگەوڕەنگەکان و هەوای خامۆشی دنیاکانی ترەوە – ئاڕاستەی دڵی ئەوی کردووە. ئەوساکە دنیاکان تێکەڵ‌دەبن و لە نیوەشەوێکی کش‌وماتی هونەردا، هونەرمەندەکە کەللەیی دەبێ و لە ناو دەچێ. بەڵام لە «تێز» دا، لەوێ، پێشبینی تاریک و روونی «ئەنتی‌تێز» کراوە، پێشدان شمشێری زێڕین باسکراوە.

هەست بەتۆ دەکەم،
ساڵەکان بە تەنیشتما تێدەپەڕن،
هەمووی لە سیمایەکدا کۆبووەتەوە،
پەی بە تۆ دەبەم!
ئاگر لە هەموو ئەم ئاقارە کەوتۆتەوە و
ئێجگار روونە ...
بە بێدەنگی چاوەڕوانم؛
بە بێئارامی و سۆزی ئەڤینەوە،
ئەم ناوە گشت بووەتە پارچەیەک ئاگر،
(سەرهەڵدان) و دەرکەوتنیش نزیکە،
بەڵام بۆ من زۆر سامناکە:
تۆ روخسارت بگۆڕی ... تۆ ... و تاد

«شیعر دەربارەی ئافرەتە شەنگەکە»

ئێمە لەگەڵ بێهۆشییەتی دنیاکانی تردا ژیاین، بە نا وەخت داوای پەرجوومان دەکرد، گیانی میللەتیش بە هەمان حاڵدا تێپەڕی: داوای بە گران بەدیهاتووەکەی دەکرد، بەڵام دنیا سۆسەنییەکانی شۆڕش ئەم (ئاواتەیان) کردە سووتوو. لە گیاندا ئەو شتە هەیە لە ناو ناچێ – لەوێ کە منداڵە. لە شوێنێک قەشەکە داوای نوێژی مردوو خوێندن لەسەر منداڵە کە – دەکات، بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێ: «تۆ قوربانییەکی راستەقینەت دا، کە منداڵە شادەکان لە مەملەکەتی تۆدا دەبن!».

لەسەرەتای لاویدا قوربانییەکی راستمان دابوو. دەربارەی گیانی میللەت و هی خۆمان، کە پێکەوە بوونە سووتوو، دەبێ بە دەنگێکی ساکار و پیاوانە بڵێین «زیندوو دەبێتەوە!». رەنگە ئێمە خۆمان لە ناو بچین، بەڵام کازیوەی یەکەم ئەڤین هەر دەمێنێ!.

وەکو ئەوە وابوو ئێمەیان لەسەر شاخێکی بەرز دانابێ، لەوێوە دنیامان لە شینایییەکی نەبینراوی بەیانییەکی ئەرخەوانیدا دەدی. ئێمە خۆمان دایە دەست ئەو بەیانەی، کە لە شاژنێکی جوان دەچوو، بەڵام وەکو شاکان زۆر قۆز نەبوو، لە سەرکەوتنی گەورە هەڵاتین، لەمەوەبوو بە ئاسانی شوێنمان‌کەوتن، لە نەزانینەوە گومان لە سیمبۆلیزم دەکرێ.

ئێمە «مرواری ئەڤین» مان لە جیهاندا تواندەوە، بەڵام (کیلۆپاترا) شای شاژنان بوو، تا ئەو ساتەی جۆش و ئارەزوو خستییە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی مار بەرداتە مەمکەکانی؟. یان بەبێ دەسەڵاتی لە ناوچوون، یان سەرکەوتنی پیاوانە. شمشێری ئاڵتوونی بۆ ئەوە درابوو، کە بوەشێنرێ.

سەرکەوتنی پیاوانە دەبێ لەگوێڕایەڵییەوە دەست پێبکات. کاتێ لە لووتکەی شاخەکە دێنە خوارەوە، دەبێ وەکو زیندانییەکی بەندیخانەی «ریدینسک» بین:

هەرگیز نەمدەزانی، کە رەنگە
نیگا ئاوا نەترووکاوبێ و
بە پارچەیەکی چوارگۆشەیی تەسکەوە و
بە ئەو (پەڵەی) نیگارە شینەوە بئاڵێ،
کە ئێمەی زیندانی بە ئاسمانی ناو دەبەین،
(دەشتی) بەرینیشمان هەر ئەوەیە[10] ...

ئەگەر سەرنج بدەین، لەو ئاسمانە بۆشەدا ئاسەواری ئەو زێڕە دەبینین، کە سەروەختانێک کوژاوەتەوە؟ یان چارەنووسی ئێمەش ئەو لەناوچوونەیە، وا جاروبار هونەرمەندەکان بەترسەوە خەونیان پێوە بینیوە ؟ ئەو لەناوچوونە بەهۆی «رووداوێکی کاریگەر» ەوەیە. وادیارە هەموو ئەو رێگا بڕاوە و گشت گوناهەکان شۆراونەتەوە و بەخشراون، لە کاتێکدا لە ساتێکی چاوەڕوان نەکراودا، لە کۆڵانێکی خامۆشدا، لەماڵێکی نەناسراوەوە یەکسەر خشتێکی قورس بەسەرسەردا بەردەبێتەوە، بەم رووداوە لیریکییەوە لێرمەنتەڤ ژیا:

ئەسپەکە لە شەڕدا وەک تیر،

ئاغای هەڵگرت و رزگاری کرد،
بەڵام گوللەی رقاوی «ئەسیتینی»* یەک،
ئەوی بەناو تاریکیدا راونا[١١]...

سەرئەنجامەکەی من ئەمەیە: ریگای سەرکەوتنی گەورە بەدیهێنان، ئەوەی بۆ کارەکەی ئێمە پێویستە - پێش هەموو شتێک - قوتابییەتی و خۆفێرکردن و قووڵ بوونەوەیە، چەسپاویی گۆشەنیگایە و بوونی خۆراکی گیانییە. پێویستە سەرلەنوێ لە جیهانەوە، لەو کۆرپەیەوە فێرببین، کە هێشتا لە گیانە سووتێنراوەکەدا دەژی.
هونەرمەند پێویستە لە کاتی هەڵچوونیشدا خوگر بێ و بزانێ، کە تێکەڵاوکردنی هونەر و ژیان چ نرخێکی هەیە و لە ژیانیشدا هەر مرۆڤە ساکارەکە بێ. ئێمە پێویستە وەک هونەرمەندی وێنەی (بێلینی) و (بیاتۆ) چاودێریکەری گفتوگۆ پیرۆزەکان و ونبوونی ئەنتی مەسیحەکان بین، زیارەتکردنی (سینیۆریلی)[١٢] مان لە یاد بێ و لا بەنرخ بێ، کە لە هەڵدێری تەمەندا، لە بەردەڵانی غەریبی «ئۆرڤیتۆ» دا، بە ئارامەوە لە هاوولاتییەکانی دەپاڕایەوە، ریگای پێبدەن، خشتەی پارچە مۆسیقا تازەکەی خۆی بنووسێتەوە**.

---

* میللەتێکی قەفقازییە.
** ئە. بلۆک. هونەر و شۆڕش، مۆسکۆ، ١٩٧٩، ل ١٦٧-١٧٧.

ئافرەتە نەناسراوەکە*

شیعری ئەلیکساندەر بلۆک

بەسەر ریستورانەکانەوە،
بایەکی گەرم و کێوی هەیە،
گیانی بەهارەی خوێن جمێنەر،
بە هاواری سەرخۆشانەوە دنیای داگرتووە،
* * *
لەو دوورەوە، بەسەر تۆزی (بەرزەوەبووی) کۆڵانەکانەوە،
لە وەڕسیی بەنگەڵەکانی قەراخ شاردا،
کولێرەی زەرد**، بە ئاستەم دەدرەوشێتەوە و
گریانی منداڵێک دێ ...
* * *
هەموو ئێوارەیەک لە دەری شار،
نوکتەبازە کارامەکان،
بە قەراخی کەناڵەکاندا،
بە شەبقەی لار دانراویانەوە،
لەگەڵ ئافرەتەکاندا پیاسەدەکەن ...
* * *
لەسەر رووی زەریاچەکە، هاشەی سەوڵ و
قریشکەی ژنانە دێ ...
لە ئاسمانیشدا ئەو مانگەی شت نەماوە نەیبینێ و
بە هەموو شت راهاتووە،
بێهودە گلۆردەبێتەوە*** ...
* * *
هەموو ئێوارەیەک، وێنەی تاقانە هاوڕێکەم،
لە پێکەکەمدا وەدەردەکەوێ،****
ئەویش خۆم ئاسا، بە پێکێکی تەڕ و نهێنی،
داماو و کەڕبووە ...
لای مێزەکانی تەنیشتمەوە،
بۆیە خەواڵوەکان لارەلاریانە،
سەرخۆشەکانیش بە چاوی کەروێشکانەیانەوە،
هاواردەکەن: «راستی لە مەی دایە!»
* * *
هەموو ئێوارەیەک لە ساتێکی دیاریکراودا،
(یان هەر من خەو دەبینم!)
بەژنێکی ژنانەی شاڵی ئاودامانپۆش،
لە تەم و مژی ئەو دیو پەنجەرەکەدا، دەکەوێتە جموجۆڵ،
بە ناو سەرخۆشەکاندا، بە هێواشی و
هەمیشەش بێ هاوڕێ و بەتەنیایە و هەنگاو دەنێ،
گوڵاو و تەم لە هەناسەی هەڵدەستێ و
بە تەنیا لە پاڵ پەنجەرەکەدا دادەنیشێ ...
(بای) شاڵە نەرم و نیانەکەی هەڵدەکا و
باوەڕ و (یادگارە) کۆنەکان دەورووژێنێ،
شەپکەکەی سەری پەڕی پرسەی پێوەیە و
دەستە باریکەکانی پڕن لە بازن ...
بەندی خولیایەکم - بە نزیکییەکی سەیرەوە،
دەڕوانمە ئەودیوی چارشێوی تەم،
کەنارێکی ئەفسووناوی و
دوورییەکی دڵگیر دەبینم ...
* * *
نهێنییە کەڕەکان بە من سپێردراون،
هەتاوی کەسێکی دیش،
هەموو دڵم بووە بە تیشک و
مەیی تەڕی تێنراوە ...
پەڕی لاری وشترملیش
لە مێشکمدا دێت و دەچێ،
دوو چاوی شین و بێسنوور و قووڵیش،
لە کەنارە دوورەکاندا دەپشکۆین ...
لەناو دڵمدا کلوورێک هەیە
کلیلەکەشی تەنیا بەخۆمە،
ئەی هاواری غەریبی مەستانە، دەمخۆش!*****
منیش دەزانم: «راستی هەر لە مەی دایە!».
٢٤ نیسانی ١٩٠٦

* لێرەدا ئافرەت و مەی وەک دوو رەمز بەکارهاتوون.
** جۆرە نانێکی چووارگۆشەیی بووە، لەو سەردەمانەدا لە



رووسیا هەبووە.
*** لێرەدا (بلۆک) ویستویەتی مانگ وەک رووخساری کەسێکی لە هەموو شت بێزار بوو، نیشان بدا.
**** مەبەستی رەنگدانەوەی وێنەی خۆیەتی لە پێکەکەدا.
***** ئەگەر کوتومت بیکەینە کوردی، دەبێ بڵێین: «راست دەکەی!» شایانی باسە، ئەم شیعرە لە وتارەکەدا نییە، من خۆم خستمە سەری.. جاروبار - ئەوەندەی وەرگێڕان لەباریدا هەبێ - وردە دەستکارییەکی پێویستم کردووە. ئەو وشانەی ناو کەوانەکان بۆ زیاتر روونکردنەوە نووسیومن. «وەرگێڕ»

## پەراوێزەکان

١. شاعیر و زمانەوان و یەکێک لە ستوونەکانی سیمبۆلیزمی رووسی ڤ. ئیفانۆڤ (١٨٦٦-١٩٤٩) لە وتارێکدا، لە کێشە و گیروگرفتی سیمبۆلیزم (نەک هەر وەک قوتابخانەیەکی ئەدەبی، بەڵکو وەک جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی) دووابوو. ئە. بلۆک تێزەکانی ڤ. ئیفانۆڤی لە دەفتەرەکانیدا تۆمارکردبوو، بەتایبەتی ئەوەی دەڵێ: «سیمبۆلیزم سیحری هەندێ شتی هاوئاهەنگی لاوەتییە. ئێمە شتێکی دی: گەڕانێکی هوشیارانەی ناوەوەی سینتێزی روانگە و بۆچوونی خۆمانمان دەوێ. سیمبۆلیزمی کۆن باوی نەماوە. ئێمە دەچینە قۆناغی سینتێسیکی سیمبۆلیزمەوە. قۆناغی کێشەی رۆژی حەشریش دەستپێدەکا. یان وشە جوان، بەڵام بێگیان دەبێ (یان دەبێتە ئاژاوەی ناوەوە) - یان زیندوو و پراکتیکی دەبێ».
٢- بیدیکەر کارل: دانەری دەلیلێکە هەر بەناوی خۆشیەوە ناسراوە.
٣- تیئۆرگ (وشەیەکی یۆنانییە) - پەڕجووبەدیهێنەر. سیمبۆلیستەکان ئەم وشەیان، لە شێوەی نووسینی خۆیاندا بۆگیانی ئەفسوون ئامێزی هونەرمەند دەرخستن - بەکار دەهێنا.
٤- «گوڵووکی شین»: وێنەیەکی رۆمانی «گێنریخ فۆن ئۆفتێر گیندن» ی نووسەری رۆمانتیکی ئەڵمانی بەناوبانگ (نۆڤالیس) ە. گوڵووکی شین رەمزی نهێنی جوانە.
٥- لە پۆیەمای «سێ ژوان» ی ڤ. س. سۆلۆڤیۆڤەوە وەرگیراوە، کە باسی ژیانی سۆفیانەی شاعیر و «کچە هاوڕێی ئەبەدی» دەکا.
٦- لە شیعرێکی ڤ. س. سۆلۆڤیۆڤ «حوزەیرانە شەوێک لە سایما» وە وەرگیراوە.
٧- لە وتاری «شیرینی و جوانی سیمبۆلیزم» ی ڤ. ئیفانۆڤەوە وەرگیراوە.
٨- لە ئایاری ١٩١٠ دا، دەبوایە رووداوێکی سروشتی گەردوونی رووی بدایە، ئەستێرەناسەکان، پێشبینی کارەساتێکی ناهەمواریان لەم بارەیەوە دەکرد.
٩- وا دەگێڕنەوە، کە کیلۆپاترا جوانیی بێوێنەی مرواری لە شەربەتدا تواندۆتەوە. کاتێ لە شایەتیش کەوت، مەمکی خۆی نایە بەردەم مارێکی ژەهرکوشندە و بەوە لەناوچوو.
١٠- پارچە شیعرێکی نووسەر و شاعیر و تیۆریستی هونەریی ئینگلیز ئۆسکار وایڵدە (١٨٥٦-١٩٠٠). ئە. بلۆک بە نموونە هێناویەتییەوە.
١١- بیللینی ژۆڤانی (١٤٣٠-١٥١٦)، فرابیاتۆ جۆڤانی دا فیزۆلی (١٣٨٩-١٤٥٥)، سینۆریللی لوکا (١٤٥٠-١٥٢٣) نیگارکێشە ئیتالییەکانی سەرەتای ریسانسن، ئەوانەی تابلۆی ئاینیان دەکێشا.
١٢- لە چامەی «دیمۆن»ی م. لێرمەنتەڤەوە وەرگیراوە.

---

## بۆچی ئەترسم

دەرحەقی بۆچی ئەترسم بە خوا تا ئەمرێ
چی لەدەس نایێ، مەگەر بێ گونی ئەسپم بگرێ
بە خەبیسی نییە میسلی کە وەکوو جەوهەری گوو
مەگەسی پێوە بنیشێ وەکوو سەگ پێی دەوەڕێ
پێی بڵێن بەو تەرەسە گەر لە عەلەیهیم بدوێ
بە فوویێ عەزلی ئەکەم نابێ لەوێدا بتڕێ
پدەری نێرەکەر و مادەری وەک ماچەخەرە
کێ دەڵێ ئادەمە، کەربابە، وەکوو کەر دەزەڕێ
وەرە لادە لە شەڕی ئالەتی مەعهوودی رەزا
موقتەزای گرتنە تەبعی بەخوا پێت ئەکرێ

«شێخ رەزای تاڵەبانی»

# ئایا دەزانن «کۆپی رایت» چییە؟

من چیرۆکنووسێکی کوردم و وا ماوەی چەند ساڵێکە لە دەرەوەی وڵات دەژیم. تا ئێستا، ئەگەرچی دەیان چیرۆکم نووسیون، بەڵام هیچم بڵاونەکردۆتەوە و ناشمەوێ بەم زوانە هیچ بڵاوبکەمەوە. هەر ئەم بڵاونەکردنەوەیەش کۆمەڵێ گێچەڵ و دەردیسەریی بۆ سازاندووم. گەلێ لە چیرۆکەکانم لەبارەی کەسانێکەوەن لە کۆمەڵگەی ئاسایی خۆماندا. یا لەبارەی رووداوێکەوە کە زۆربەمان ئاگامان لێیەتی. کەچی بەداخەوە، دەبینم چیرۆکنووسی دیکەش هەر لە بارەی ئەو باسانەوە دەنووسن. گەلێ جاریش چیرۆکەکانیان هەر بە تەواوی لەوانەی من دەچن. بەڵام لەبەر ئەوەی من بڵاویان ناکەمەوە، هەزار سوێند و قورئانیش بخۆم، کەس باوەڕ ناکات پێش ئەوان نووسیومن. خەڵک هەر وادەزانێ دزیم لێ کردوون، یا لاساییم کردوونەتەوە.

دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر هاتمە سەر ئەوەی بەهۆی راگەیاندنێکی لەم بابەتەوە، جاروبار لە گۆڤاری «مامۆستای کورد»داشتێک لە بارەی ئەو بابەت و باسانەوە کە دەمەوێ لەسەریان بنووسم، بڵاوبکەمەوە، بۆ ئەوەی چیرۆکنووسی دیکە توخنیان نەکەون و بۆ منی بەجێ بێڵن و هەر پاوانی خۆم بن. ئەوجا تکام وایە چیرۆکنووسانی کورد ئاگاداری ئەم وریاکردنەوەیە بن و نە من تووشی دەردیسەری بکەن و نەخۆشیان گێچەڵ. بۆ ئەم جارەیان ناوەڕۆکی یەک چیرۆک باس دەکەم کە نیازمە بینووسم:

* پاکژ ئەفەندی دەرگایان هەم پێشکەوتنخواز و چەپڕۆ بوو، هەمیش وەجاخزادە و خانەدان. دوور لە رووتان دەتگووت کەری ناو جۆگایە. کە باسی سیاسەت و هەڵوێست دەکرا، شۆڕشگێڕی دوو ئاتەشە بوو. تەنانەت ئەو ماوەیەشی کە ئەندامی ئەنجوومەنی ناودارانی سەرووی وڵات بوو بۆ خۆی بەخەبات دەژمارد. کە باسی نەجیبزادەیی و رەسەنایەتیش دەکراشانازی بە باب و باپیرانی خۆیەوە دەکرد کە پێش هاتنی داگیرکەران ماوەی سەدان ساڵ فەرمانڕەوای هەموو ئەو کوێستانە بوون. هەر بۆ بەڵگەی ئەوەی کە خانەدانە، کارەکەرێکی پیرێژنی نەخوێندەواری هەژاری خەڵکی ناوچەی قەڵادزراوەکەی لەگەڵ خۆی هێنابووە دەرەوەی وڵات بۆ خزمەتکردنی خۆی و ماڵ و منداڵی. بەڵام خوا هەڵناگرێ، هێندە بە پەرۆش بوو بۆ تێگەیاندن و پێگەیاندنی ئەو باجی ئایشێ هەژارە، شەو و رۆژ، خۆی و خێزانی دەنووکیان بەسەرییەوە بوو. تەنانەت هەندێ جار ناچار بوون تۆزێکیش ئازاری بدەن و پرچی راکێشن و دەسکەنەی بکەن، هەر بۆ خزمەتکردن و پێشخستنی. کەچی پیرێژنی بەدنمەکی نانەجیب لەدەستیان هەڵات. خەریک بوو ئابڕووشیان ببات، بەڵام گیانیان بەوە بوو پاکژ ئەفەندی هەم پێشکەوتنخواز و چەپڕۆ بوو، هەمیش وەجاخزادە و خانەدان. هەموو کەس دەیزانی پیرێژن بە فیتی ئەمپریالیزم و نۆکەرانی ئاوا لەو خانەدانە پێشکەوتنخوازە هەڵگەڕاوەتەوە.

دیسانەوە تکا لە هەموو چیرۆکنووسانی کورد دەکەم کە رێزی ئەم خواستەم بگرن، کەسیان لەسەر ئەو باسە نەنووسن و بەمنی رەوا بینن.

براتان: خولە شارەزووری

عەرەب، ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم، ئەفزەڵن، ئەمما — سەلاحەددین کە دنیای گرت لە زومرەی کوردی بابان بوو،
قوبووری پڕ لە نووری ئالی بابان، پڕ لە رەحمەت بێ — کە بارانی کەفی ئیحسانیان وەک هەوری نیسان بوو.

*«شێخ رەزای تاڵەبانی»*



# گۆران شاعیری نەتەوەی کورد(١)

نووسینی لاش بێکستروێم
وەرگێڕانی لەسوێدییەوە نەجەد شاکەلی

کوردەکان گەلێکی مەزنن، رەنگە بیست ملیۆنێک بن، دەوڵەتی خۆیان نییە بەڵام لە وڵاتێکی یەکپارچە و پێکەوە بەستراودا، لە تورکیا و عیراق و ئێران و بەشێکیش لە سووریا و سۆڤیەت دەژین.

کوردەکان دەوڵەتی جۆراوجۆر و جیاوازیان هەبووە، هەرە دواییەیان ئەوەی پاش جەنگی جیهانی دووەم بوو، بەڵام چەوساندنەوە و بیری نەتەوەیی و داب و نەریتێکی فەرهەنگیی بەهێز، رەوشی راستەقینەی ئەمڕۆی کوردانە. ئەمە پاشخانی ئەو ٧٠٠٠–٨٠٠٠ کوردەیە کە ئێستا لە سوێد دەژین، بێگومان پاشخانی شیعرگوتنی «گۆران» یشە.

«گۆران» خۆی ناوی «عەبدوڵلا سولەیمان – یان سلێمان» ە. ساڵی ١٩٠٤ یان ١٩٠٥ لە دایک بووە و ساڵی ١٩٦٢ کۆچی دوایی کردووە. گۆران لە بنەماڵەیەکی خانەدان و وەجاخزادە بوو، کە بە بنەچە خەڵکی کوردستانی ئێرانن، بەڵام دوایی هاتوونەتە کوردستانی عیراق و لەوێ گەورە بووە. پاش مردنی زووی باوکی، «گۆران» ژیانێکی خۆشی نەبوو. «گۆران» وەکو مامۆستایەکی سەرەتایی و کارمەندێکی دەوڵەتیی بچووک و تێکۆشەرێکی نەتەوەیی کورد و رۆژنامەنووس ژیا – لە سەرەتا و لە کۆتاییدا «گۆران» یەکەم شاعیری نوێ و نوێخوازی و نوێکەرەوەی شیعری کوردی بوو.

پاش شۆڕشی ١٩٥٨ کە کۆتایی بە دەسەڵاتی بریتانی لە عیراقدا هێنا، کارێکی باشیان پێبەخشی و لە زانستگەی بەغدا دەرزی دەگوتەوە. لەو ساڵانەی دواییەدا، «گۆران» کۆمۆنیست بوو و لەکاتی دوا نەخۆشیدا، کە شێرپەنجەی هەبوو، لە نەخۆشخانە و پشووخانەدا، لە ناوچەی مۆسکۆ لێی دەنۆڕدرا و خزمەت دەکرا.

ناوەکەی، «عەبدوڵلا سولەیمان» لە عەرەبی دەچێ، بەڵام نازناوەکەی ناوێکی کوردیی راستەقینە و رەسەنە، کەواتە ناوێکی هیندۆئەوروپاییە. (گۆران) مانای (شارنشین = خەڵکی شار) ە، یان (ئەوەی کە جێگیر و نیشتەجێیە)، ناوێکە یان نیشانەپێکە، کە جێگر و نیشتەجێکانی کورد لە رەوەند و کۆچەرە ئاساییەکان جودا دەکاتەوە. رەنگە وشەی (گۆران) لە کوردیدا هەمان رەگی وشەی (گۆرد) ی سوێدی و (گراد) یان (گۆرەد) ی رووسی هەبێت، کە لە ناوی شاردا هەیە وەک: (لینینگراد) و (نۆڤۆگۆرەد).

داب و نەریتی عەرەبی و تەسەوفی ئیسلامی کاریان کردۆتە سەر شیعرە کۆنەکانی «گۆران» و لەو شیعرانەدا، ژن، بە شێوەیەکی بەرز و پیرۆز لەگەڵ ئاسماندا و لەگەڵ بەهرە و بەخشەندەیی شیعردا دەبێتە یەک (بڕوانە شیعری «ژن» ؟)، پاشان تەسەوفەکە زێدەتر دەبێتە شتێکی دنیایی، بەڵام دەشبێتە جۆرە میتۆلۆژیایەکی کوردی. ژن، زەوی و خاک دەبات و دەبێتە یەکێک لە کچانی گەل، پێش هەموو شتێک شاعیر وەکو بانگدێرێک، بە دەنگێکی گاڵتە ئامێز و بە رووبەڕوو وەستایی و ئارەزووەوە دێتە پێشەوە، دەنگێکی بڕوا بەخۆ بووی گەلێکی بندەست و چەوساوە، دەنگێکی شاعیرانەی سەربەرز و شاناز، کە بۆ دنیا و جیهانی هونەر دەپەیڤێ، ئەو جیهانەی، کە بە گشتی بە ئەتک و سووکایەتییەوە تێی‌دەنۆڕدرێ.

لێرەوە دەتوانین گەشتێک بە نێو شیعرەکانی «گۆران» دا بکەین. گیروگرفتی «گۆران» لەلای میللەتی خۆی و لەبەردەم سەرگەورە و چینی سەرەوەدا ئەوەیە، کە ئەوان بە نرخ و بایەخی شیعر قایل بکات و بۆخۆیشی وەکو کوردێکی هەژار دەرفەت و هەل و توانستی ئەوەی نییە، کە شیعرەکانی دەرخات و بیگەیەنێتە دەرەوە و پیشان دات.

«بۆ گەورەیەکی شیعر نۆست» نێوی شیعرێکی بە گاڵتە و تێزە. ئەو گەورەپیاوە، کە دەسەڵاتدارە یان خاوەنی سامان و موڵکە، «ئاغا» یەکە شیعری جوانی لە «گۆران» دەوێ، ئەدی ئاوایە ئەوانەی خودان دەسەڵاتن فێرن ئەگەر جارێک لە جاران بیر لە شیعر بکەنەوە، ئەوا وەکو بابەتێکی نەخش و رازاندنەوە بیری لێدەکەنەوە. بەڵام «گۆران» کوردە و کارمەندێکی گچکەیە، یەکێکە لەوانەی، کە دەبێ هەتاکو مردن شان بدەنە بەری و کاربکەن و شەکەت بن. ئەوجاش رەنگە یەکێکی وەکو ئەم نەتوانێ شتێکی جوان وەبەرهەم بێنێ و پێشکێش بکات:

لەپێش هەموو شتێکا چونکی کوردم
چۆلەکەی نێو هەزاران داوی وردم
باڵی فڕین، دەنووکی هاوارکردن
زیاتر چەقۆم نزیک ئەخا لە گەردن
هەروەها لە هەمان شیعردا دەڵێ:
لە پاشانا، قوربان رەنگە بزانی،
مەئموورێکی بچووک، وەک من، ژیانی
گەردن کەچی نانە، ...

کەواتە ئەوەی دەدوێ بورژوایەکی بچووکی هاوچەرخە، کە رۆڵی وەک شاعیرێک زۆر بەرز و سەرکەوتوو نییە. ئەو رووەکاتە خەڵک و لەنێو ئەواندا نوێنەری نەریتیی هونەر دەدۆزێتەوە، دەروێش عەبدوڵلا.
دەروێش پیاوێکی ئاینی ئیسلامی گەڕۆک و دەرۆزەکەرە، بەڵام دەروێش لە لای «گۆران» ئەو کوردە هونەرمەندەیە، کە کەلەپووری فەرهەنگی مۆسیقای میللی، گۆرانی بە میللەت رادەگەیەنێ، گۆرانیگەلێک کە «لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە رۆحم ئاشنای، ... لەگەڵ رۆحی کلۆڵم ...»:

بە رەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشاڵی کزا دەروێش
حەزم کرد بەستەیەک بییەم سەراسەر حوزن و ماتەم بێ،
لە سیماتا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش،
وەها دیارە، کە بەختت ئاشیانی بلبلی خەم بێ ...!
بەڵێ دیارە، لەناو قەومی بەسیتا قەدری سنعەتکار
وەکوو عەکسی قەمەر وایە لەناو حەوزێکی لێخندا،
بەڵام تەختی روفاهـ و تاجی حورمەت میللەتی هوشیار
بە ئوستادێ ئەدا وەک تۆ لەناو شمشاڵی کونکوندا
سەحەر بێنێتە گریان و قسە، سیحری پەری نەغمە ...!
. . . . . . . .
بەڵام چی بکەین لەناو چاوی رەشی بەعزێ زەکای گەورە،
وەکوو تووی گوڵی دەم – با لەسەر بەردێکی رەق ئەڕوێن،
ئەگەر خلقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکوومی ئەم دەورە
نەکردایە، خوا عالم، لە کام عەرشت ئەسوو داوێن؟!

دەروێش شمشاڵەکەی بۆ گەل دەژەنێ، «گۆران» یش دەیەوێ بۆ گەل گۆرانی بڵێ. «گۆران» دەیەوێ بەدرێژایی ژیانی ئاوها بکات، وەکو لە شیعرێکی تریدا دەڵێ:
«بە نانی وشک، بەرگی پەڵاس ...» بەڵام گەلێکی داگیرکراو و بندەست، گەلێکی «بە شرینقە خەولێخراو ...» وەکو ئەو باسی دەکات لە هەمان شیعردا، چۆن دەتوانێت گوێ بداتە هونەرێک، کە لەسەر ئەو بەرد و سەنگە ساردانە دەڕوێت؟ «لە بەندیخانەدا».
بەڵێ «گۆران» کوڕە خانەدان و وەجاخزادەیە، مرۆڤ ئەوە دەبینێت، کە نەک تەنێ ئاواتەخوازی ئایندە و پاشەڕۆژێکە، کە گەل نرخ و بایەخ بە هونەری میللی کورد بدات، بەڵکو خەون بە رابووردوویشەوە دەبینێ. چ جیاوازییەک دەبوو، ئەگەر دەروێش یان خودی «گۆران» خۆی لە لایەن بارەگا و تەختێکی پاشایەتیەوە لە رۆژگاری کۆندا بپارێزرابا، یان ئەگەر بهاتبا و خۆی خەلیفەی سەرتەخت و پێشەوایەکی دنیایی و ئایینی بایە، کە دەروێشەکانی خۆی بە فەرمانێکی شایانە بناردایە؟
بەڵێ «گۆران» لە شیعری دەروێش عەبدوڵلادا، ئەو دەروێشەی، کە هەمان پێشناوی هەبوو وەک شاعیر خۆی، عەبدوڵلا سولەیمان، بیری بەرەو لای ئەوە رۆیشتووە.
«گۆران» وەکو شاعیرێکی فرەلایەن، شاعیرێکی فریودراو و ئازارچەشتوو ئاوڕ لە ناوەوەی خۆی دەداتەوە، دەنواڕێتە «رۆحی کلۆڵ» ی خۆی و «من» ە ڤالا پەست و بێزارەکەی خۆی، کە لە کۆتایی شیعری دەروێش عەبدوڵلادا باسی دەکات. «زەنگی پەستی» ناوی شیعرێکی دیکەیە:

ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری
دڵم، هەڵسا زڕەی زەنگی فگاری؛
بە ئەسپایی، بە بێهێزی، بە عاستەم
هەوای رۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم!
بە ئەسپایی، بە لەرزۆکی، هەژاری
ئەناڵێنێ لە شوێنی نادیاری ...!



ئائەم مۆسیقایە، کە لە ناخی خۆیەوە دەیبیسێ، کە پەستی دەکا، بەڵام ئائەمەیە کە دەیەوێ لە «من» ەکەی ناوەوەی خۆیەوە گوێی لێبێ. هەر ئەمەشە، کە دەتوانێ هەستی بێسنوور و بێتەگەرە لە وشە بەرەو پێشتر و زیاتر دەربڕێ، ئەوەش راستییەکەیەتی، لە شیعرێکی دیدا کە نێوی «هەڵبەستی دەروون» ە، گیروگرفتەکە لەوەدایە کە بە وشە ناوەوەی خۆی، کە پان و بەرینی هێندەی دەشتێکە لە هەست و خەیاڵ، دەربڕێ. ئەو دەڵێ:
هەرچەن ئەکەم ئەو خەیاڵەی پێی مەستم،
بۆم ناخرێتە ناو چوارچێوەی هەڵبەستم!

ئەمە گیروگرفتێکی کلاسیکییە، هاندانێکی کلاسیکییە بۆ شاعیر، زمان بەش ناکات و پیاڕاناگات، بەڵام ئەرکی شیعر ئەوەیە کە بە تایبەت ئەوە دەربڕێ و بیگەیەنێ، کە زمان لە کاتی ئاساییدا لە توانستیدا نییە و پێی ناکرێ کە دەریببڕێ.
لە ئامادەبوونی کەسێتی بزێو و چالاکیدا، گۆرانی شاعیر، ئەو کەسەیە کە لە نێوان دوو هەستدا، هەستێک لە پەستی و ئاهینی و هەستێکی شاد و بەکەیف بەڵام تێکەڵ بە رووداوی سەخت لە پەیام و سروشتی بە بەرهەم، ئاڵ و گۆڕ دەکات. ئەو بەشوێن دەشتایی دەرەوەدا دەگەڕێت، ئەم چیا و دۆڵانە، کە دەتوانین بڵێین سروشتی باکوورمان[٢] وەبیردەخاتەوە، ئەو رووەکاتە ژنێک، ژنێک لە شێوە و هێمای جیاوازدا، وەلێ هەموو دەم ژنێک لە گەل، بالابەرز و کاڵ (بەم بۆنەیەوە، شاعیر خۆی کورتە بالا بووە!). ئەگەر ژنەکە دەیەوێ لەگەڵیدا بنوێ، گێڕی و گۆجی نامێنێ، کە ئەویش پەستییەکی نەتەوەییە. شاعیر لە ناخ و ناوەوەی خۆیدا کوردستانی خۆی هەیە، شاخ و کەژ و مێرگ و کانیاو – ژنەکە لە ناوەوە دانیشتووە و توانستی ئەوەی هەیە کە وا لە رۆژ بکات دەشتایی رووناک بکاتەوە و وا لە کانی بکات دیسان هەڵقوڵێتەوە.
گۆران، وەکو زۆربەی شاعیرە مەزنەکانی دی دەتوانێ بەشێوەیەکی زیندەکار و چالاکانە لە مەڕ دەروون و ناوەوەیەکی قسر و نەزۆک و بێبەر بدوێ، ئەو دەتوانێ باسی بێوەری بکات:

سەردەمێک بوو: نەتریفەی مانگی هاوینم،
نە گزنگی هەتاوی سەر لووتکەی بەفرینم،
نە لەرزینی چینی سەر رووی گۆماوی شینم،
نە بریقەی دووری چەمی پاش زۆر بارینم،
نە ورشەی گیای مێرگی سەوزی دەمەو بەهارم،
نە شنەی بای دارستانی چڕی نزارم ...
چەشنی جاران دای ئەخورپان ناخی دەروونم،
ئەیهێنایە سەر هەڵقوڵین سەرچاوەی روونم!

ئەو شیعرەی سەرەوە ناوی «نیازە» ە. شیعرێکی دڵداری کوردییە و ئەو ژنەش کە لە شیعرەکەدا خواستەکانی «گۆران» پڕ دەکاتەوە و وەدی دەهێنێ گەلی کوردە و دەشت و دەری وڵاتی کوردە. لەنێوان شاعیر و وڵاتەکەیدا، گەرەکە شناسنامەیەک گەشە بکات و بەرزبێتەوە و هەڵچێ – وەکو دەڵێ: «لەو رۆژەوە دیومە سیحری زەردەخەنەی تۆ» لەو رۆژەوە وڵاتەکەمم دیوە و هەستم کردووە، کە دڵدارییەکە وەرام دراوەتەوە. یان دەڵێ: «سەرچاوەی عومری جوانیم هاتۆتەوە قوڵ، دنیای دەروون مەلەکانی هاتوونەوە گۆ».
هەمان چەشنە ژن، ئەو ژنەبالابەرزە، ئاوات و هیوایەک بە «گۆران» دەبەخشێ، کاتێک کە «گۆران» وەکو ناسیۆنالیستێکی کورد بەرەو زیندان دەبەن – ئەو لەنێو پاسەکەوە، کە بە پاسەوان و یاساوڵەوە بەرەو زیندانێی دەگوێزنەوە، ئەو ژنە وەدی دەکات:

پرشنگی نیگایەک کە لە رووی رووناک
هەڵئەستێ و تیژ ئەکشێ تا ناخی دەروون،
کڵپەی نوێ ئەخاتە کوورەی عەشقی پاک
دەفری گیان لیپ ئەکا لە خۆزگەی بەربوون!
گۆران وەکو ناسیۆنالیستێک و کۆمۆنیستێک سێ جاران و بۆماوەی دوور و درێژ لە ساڵانی پەنجاکاندا خراوەتە زیندانەوە. ئەمە لە عیراقی کۆلۆنیالیدا بوو، کە بە رەسمی وڵاتێکی پاشایی سەربەخۆ بوو بەڵام لە پراکتیکدا کۆلۆنییەکی بریتانیا بوو، بریتانیاش کۆنترۆڵی نەوتی وڵاتەکەی دەکرد.
لەو شیعرە درێژەدا کە ناوی «لە بەندیخانە» یە و یەکێکە لەو شیعرانەی پاش مردنی لە کتێبێکدا چاپکرا، گاڵتە و

شۆخی و لاقرتێ بەو زەبر و توندی بەکارهێنانە، تەنانەت دژ بە ئازادەکانیش دەکا وەکو (سۆورۆ)[3] ی ئەمریکایی لە ١٨٠٠ ەکاندا، کە بۆ ماوەیەک گیرا لەبەر ئەوەی باجی نەدابوو، لە کاتی جەنگێکدا، کە ئەو بە ناڕەوا دەیبینی، «گۆران» دەگاتە ئەوەی کە زیندان جێگەی کەسانێکە کە بەڕاستی ئازاد و بەشەرەفن. لە دەرەوە خەڵکێکی دەرەکی و کۆلۆنیالیست هەن، کە نەوتەکە هەڵدەلووشن. وەکو ئەوە دەڵێ «جواناوی نەوت» ی وڵات، لە دەرەوە پیاوی گەورە و بەنێو بانگ هەن کە رۆحیان «وەکو ئەم لاشە بەدبەخت و چارەڕەشە چەور و پیسە!» یە ...

ئەی تریفەی مانگی سپی دەرکی دەلاقە،
با پیس نەبی، خۆت مەدە لەم کوردی عیراقە!
وڵاتەکە داگیرکراو، نەتەوە دیلە،
باو لای دوژمن نامەردیتی، مەردی زەلیلە!
کا لەبەر سەگ دانراوە، ئێسقان بۆ ئەسپە،
سەر لە جێی کلک بەند کراوە، کلک لە سەر چەسپە!
شێوێندراوە بە دەستی قەست شیرازەی کاری،
تا ئاسان بێ بۆ سوورفلی چرچ ئیستیعماری؛
وەک بزنمژە دەم بنێتە جواناوی نەوتی،
لێی دەرهێنێ دوا دەنک و فلسی دەسکەوتی!
ئەی مانگی بەرز، سا هانابێ، مل بنێ بۆ دوور.
بۆ وڵاتێک جێی نیزام بێ و سەربەست و رووسوور،
بۆ وڵاتێک هاونیشتمان تیایا ئازاد بێ،
ژێری دڵسۆز باوک بێت و گەلیش ئەولاد بێ!

یان دەقێکی تری شیعری «لە بەندیخانە» – کە خەونی گۆرانە لە بارەی کۆمەڵگەی ئایندە و پاشەڕۆژەوە؛ کۆمەڵگەیەکە ئاگادارییی هونەر دەکا و دەیپارێزێ.

ئەو کۆمەڵەی خواپێداوە، خاوەن بەهرەی فەن
بۆ پیانازین بەخێو ئەکا، نەک ریسوایی و پەن!...
بلبلێ بووم ئامادەبووم هەتا بمێنم
بە نانی وشک، بەرگی پەلاس بۆ گەل بخوێنم
بەڵام گەلی بەشرینقە خەولێخراوم
گوێی نەدامێ هەتا کەوتم، چلکن بوو ناوم!

لێرەدا لەم هاوار و بانگەوازە پڕ لە روو وەستانەدا، کە لە تاڵی و ئاوات پێکهاتووە، دەوڵەتە کوردییە خەونەکەی «گۆران»، دەبێتە کۆمەڵگەیەکی باوکانە پەروەردەکراو، ماڵێکی گەلیی پاتریارکی کە گەل تێدا گەشە دەکات و پێش دەکەوێ، نەوت دەبێتە هی وڵات خۆی، هونەری نەتەوەیی و فەرهەنگیش دەبێتە سامان و دەوڵەمەندی بۆ هەمووان.

دەگوترێ کەوا «گۆران» لە دوا کاتەکانی تەمەنیدا، کاتێک کە لە مۆسکۆ دەژیا وەکو نەخۆشێک، کە شێرپەنجەی هەبوو، لە بیروباوەڕە کۆمۆنیستییەکانی خۆی نائومێد و دڵسارد و هیوابڕاو دەبێت. شاعیرێکی عەرەب کە لە هەمان کاتدا لەوێ بووە، لە «گۆران» یکی سەر بە فەرهەنگێکی داپڵۆسراو و بندەست لە نێو کۆمەڵگەی عەرەبی مەزندا، زێدەتر رێزی لێگیراوە و بایەخی پێدراوە. بەڵێ ئاوها بووە و مرۆڤ ئەوە لە شیعرەکانیدا دەبینێ، کە ئەو ناسیۆنالیست بوو و لەگەڵ گەلدا زیاتر لە وەی کە کۆمۆنیست بێت و، شاعیر بوو زیاتر لەوەی کە سیاسی بێت.

دوا شتێک کە لەم هەڵبژاردەیەدا لە «گۆران» ەوە دەیبیستین شیعرێکە بۆ ئاشتی و لایەلایەیەکی منداڵە، کە مێژووی ١٢ ی ژوونی ١٩٦٢ ی پێوەیە کاتێک لە وچانخانەی «بەرڤیخە» بووە (لە دەرەوەی مۆسکۆ) و هەر ئەو ساڵەش ساڵی مردنەکەیەتی.

وردبوونە و تێگەیشتن و پێوانە کردنی هیوا و خۆزگە و ئاواتەکانی قووڵایی ناوەوەی «گۆران»، لە کاتێکی ساردە جەنگدا، کە گوتوبێژی نوێ لەنێوان سەرکردەی دەوڵەتە زلهێزەکاندا هەیە سەخت و دژوار نییە:

ئای چەن خۆشە: ماڵێک بێ وا
رووی دنیا، ئەم پەڕ تا ئەو پەڕ،
دڵنیا بین بێشکەی ساوا
نابێ بە خۆڵەمێشی شەڕ!...
کۆتایی « بێشکەی منال »

بەهۆی دوو کوردی سوێدەوە، بەختیار ئەمین و فەرهاد شاکەلی، ئەمن وەکو شاعیرێکی سوێدی بۆم هەڵکەوت و لوا کە لەگەڵ شیعرەکانی «گۆران» دا بژیم و تێیبگەم و هەوڵی ئەوە بدەم دەنگە کوردییەکەی بکەم بە دەنگێکی سوێدی.

خۆبەستنەوەی «گۆران» بە شێوە و کێش و قافییەوە تا سەر نەبووە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەیتەکان بەپێی بڕگە ژمێردراون (نەک بەپێی تۆنی دەنگ) مرۆڤ دەتوانی بڵێ کە ئەم ریتم و دەستور و مۆسیقا ئازادە لە وەرگێڕنەکەدا بە شێوەیەکی پرنسیپانە لە رەسەن و بنەچەکەی جیاواز نییە. (تەنێ یەک شیعر نەبێ کە ئەویش «پاییز» ە، کە لە بنەڕەت و بنەچەدا بەتەواوی بێ کێش و ئازادە).(٤)

ئەوەی کە من لە شیعری «گۆران» دا بیستوومە، دەنگێکی ئازاد و هۆشیارە لە جیهانی سێیەمەوە. جیهانێکی شیعرییە، کە لەگەڵ خۆشەویستیدا بۆ سروشتی ئازاد لە شیعری نایاب و سەیری (نورد) ی دەچێت.

بە کارهێنانی وشەی (نورد) ی وەکو شاخ و ئەستێرە هاسانە کاتێ کە مرۆڤ «گۆران» وەردەگێڕێت، هاسانیشە کە دەنگی «گۆران» وەکو کوردێکی هاوتای (دان ئەندەشسۆن)[5] یان نوێخواز و نوێکەرەوەکانی پێشتری دیمان ببیسرێت.

## پەراوێزەکان

١- ئەم گوتارە کە «لاش بێکسروێم» ی شاعیر و رەخنەگر و وەرگێڕی سوێدی نووسیویتی، پێشەکی کتێبێکە بە ناوی «گۆران، فرمێسک و هونەر»، کە «لاش بێکسترۆێم» و «بەختیار ئەمین» و «فەرهاد شاکەلی» بیست شیعری گۆرانیان تێدا وەرگێڕاوەتە سوێدی و کتێبەکە ساڵی ١٩٨٦ لەلایەن «چاپخانەی ئازاد» ەوە، لە سوێد چاپکراوە. گوتارەکە لە گۆڤاری svensk-kurdisk journal ی ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٨٥ یشدا بڵاوکراوەتەوە.

٢- مەبەستی نووسەر لەم «باکوور» ە، ناوچەی «نوورد» ە، یانی باکووری ئەوروپا کە وڵاتانی ئەسکەندەناڤیاش دەگرێتەوە.

٣- هنری سۆورۆ: نووسەرێکی ئەمەریکاییە لە نێوان ساڵانی ١٨١٧-١٨٦٢ دا ژیاوە، داوای لە خەڵک کردووە و هاندەر بووە بۆ گەڕانەوە بەرەو شێوە ساکار و ئاساییەکەی ژیان و تێکەڵاو بوون لەگەڵ سروشتدا و ژیانی نێو دارستان و جەنگەڵ.

٤- راستییەکەی ئەوەیە شیعری پاییز کێش و قافیەشی هەیە و لارش بێکسترۆێم بە هەڵە ئەمەی نووسیوە. (وەرگێڕ).

٥- دان ئەندەشسۆن ١٨٨٨-١٩٢٠، لە وەچەی یەکەمی شاعیری کرێکاران لە سوێد، لە نێو خەڵکدا خۆشەویست بوو، نەک تەنێ لاوان بەڵکو هەموان بایەخیان بە شیعرەکانی دەدا، کرێکاری رەژوو بوو و لەنێو ئەواندا، کە هەژاری و لاتی دەستی بەسەردا گرتبوون، گەورە بووبوو. باوکی بە بنەچە لە فینلەندەوە هاتووە، لە دوانزە ساڵانەوە، لە دارستاندا کاری کردووە. ماوەی هەشت مانگێک لە ئەمەریکا بووە و پاشان گەڕاوەتەوە سەر کاری رەژوو هەرچەندە سەخت بووە. زۆر جۆرە کاری کردووە، ماوەیەک لە کارگەی کاخەز، دەمێ دێوەرە و چەرچی بووە و بەنێو وڵاتدا گەڕاوە و مامۆستایەتی خوێندنگەی بەرزی میللی کردوە. لە رێگەی باوکێوە بووە بە لایەنگری نەخواردنەوە و کۆرسی ئایینی خوێندووە.

لە ١٩١٢دا بووە بە نوێنەری رێچکەیەکی ئایینی و بەنێو خەڵک و لە مەیانەکاندا سوڕاوەتەوە و قسەی بۆ خەڵک کردووە و گۆرانی گوتووە و کەمانی لێداوە. پاشان گەڕاوەتەوە سەر رەژووگەرییەکەی خۆی. لەژیانی پاک و خاوێن وەڕز بووە و کارکردنی لەگەڵ رەژوودا لا خۆشتر بووە و راکشانی لە تەنیشت ئاگرێکی رەژووەوە و روانینی جریوەی ئەستێرەکانی ئاسمانی لا باشتر بووە لەوەی کە پۆشتە و پەرداخت بێ و لە پەنجەرەی دوولایی خەڵکەوە بڕوانێتە ئاسمان. لە رۆژنامەی (کاتی نوێ) دا لە ساڵی ١٩١٧-١٩١٨ دا کاری کردووە. ١٩١٨ ژنی هێناوە بەڵام لە ژیانی بۆهیمی (بەرەڵایی – سەرسەری) نەکەوتووە. یەکەم کتێبی (گێڕانەوە و گەپی کرێکارانی رەژوو) ە و کتێبەکانی دیکەشی ئەمانەن: سترانەکانی پاسەوانی رەژوو ١٩١٥، چیرۆکە رەشەکان ١٩١٧، سێ لانەوازەکە ١٩١٨، وکەلەپووری (مەردەلای) داڤید رامس ١٩١٩. رەخنەگرانی ئەدەب بە شاعیری دەشت و دەر و چۆڵەوانی و شاعیری پرۆلیتاریا نێویان دەبرد و گرنگییان پێدا. شاعیری دەشت و چۆڵەوانی باسی جوانیی تەلیسماوی دەشت و چۆڵەوانی دەکا، نەک هەر ئەوە بەڵکو مرۆڤیش لای وی بەنرخە. ژیانی دارکەر و رەژووگەران باس دەکا و لەمەڕ ژیانی نێو زنج و ئاگر کردنەوە و کار وشەکەتییان دەدوێ.

ستایش دۆستایەتی و هەڤاڵێتی و هاریکاری دەکا.

شاعیری دەشت و چۆڵ بووە بە شاعیری پێویستی و هەژاری و دەست کورتی و لانەوازان. وێنەی هەژارانی گوندەکەی خۆی دەکێشێ و نیشان دەدات و تێکۆشان و شەکەتی و ئازار و بێئایینی و ئایینداری خەڵکەکە وەبەرچاو دەخا. لە سەرەتادا گرنگی بە فۆرمی شیعر داوە و لە خەڵک و شتەکان دوواوە بەڵام پاشتر بەرەو ناوەوە شۆڕ دەبێتەوە. لە چیرۆکە رەشەکاندا و لە مەردەلانی «داڤید رامس» دا زێدەتر و بەتەنێ لە گیروگرفتی رۆحی مرۆڤەکان دەدوێ. هەست بە ئازار و خۆخواردن و دوودڵی و پەستی ژیان دەکا و بە روونی لە شیعرەکانیدا رەنگدەدەنەوە و دەردەکەوێ. خۆی بە خۆی دەگوت سترانبێژی یاریکی و بێدەرەتانی. رۆح و دەروونە سوواو و رزیو و نەخۆشەکەی بە پرسیار و کێشەی مەزنەوە خەریک دەبوو، وەکو خودێ و ئازار و مردن. هێندێ جار ئەو تاریکییە بەهۆی چاکەیەکەوە کە رووناکی دەبەخشی دەڕەوییەوە و دەبووە رووناکی. خۆشەویستی هێزێکی گەورە و داهێنەرە لای (دان). لەپڕ و بەشێوەیەکی سەیر و سەرسوڕهێنەر بە گازی سیانید شەوی ١٥-١٦ ی سێپتامبەری ١٩٢٠ لە هوتێلێکی ستۆکهۆڵمدا و لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا مردووە.

«وەرگێڕ»

# بلویرژەنی بۆ کێ؟

## پێکۆل موکریانی

برای «شەل و کوێری کەس نەپارێز» کاک ئەمیری حەسەن پووری ئامریکا نشین، لە ژمارەی «٤-٥»ی مامۆستای کورددا، لە نامەیەکدا دەستی کردووە، بە سکاڵا و گازەندە و پرتە و بۆڵە، بە پەلاری کوێرانە و شەقەی شەلانە، کەس ناپارێزێ و هەرچی وەبەری دێ و وەبیری دێ پەلارکوت دەکا و هەڵدەکوتێتە سەر گەورەپیاوانی کورد و شل و کوتیان دەکات.

ئەگەر کاک ئەمیر و بنەماڵەیم نەناسیبا، دەمگوت هەیاران داخوا ئەم کابرایە لەلایەن کێوە بە کرێ گیراوە، کاسەلێسی کام بەرماوەخۆرە؟! بەڵام لە کوردایەتی و کوردپەروەریی خۆی و بنەماڵەیدا گومان نییە و ناکرێ، هەر بەم گازەندەیە لەخۆڕا ئەوسا کەس تاوانبارکەم و شکان و نوقسانەکانی خەباتی گەلی کورد لەسەر ئەو و ئەو هەڵسووم.

دەزانم کاک ئەمیر لە حەیفی شکان و نوشستەکانی کورددا قینی هەڵدەستێ و لە داخان دەست لە کەس ناپارێزێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ناکرێ وەڵامی نەدەمەوە، بۆ ئەوەی کە لانی کەم، هێندێ خاڵ و وردەخاڵ بۆ مێژووی گەلەکەمان روون ببێتەوە و داوەریش سەبارەت بەقسەکانی من و گازندەی کاک ئەمیر لەسەر ئەستۆی خەڵکە و ئەوان دەبێ بۆ راستیی وتەی هەردوک لامان وەباڵ بگرن و داوەری بکەن.

کاک ئەمیر دەرهەق بە خوالێخۆشبوو مام هێمنی رەحمەتی، وێڕای هێندێ قسەی لەگوڵ کاڵتر، دەنووسێ: «مامۆستا پێی وابوو، کە جوانی تەنیا لە ئەندام و رەوت و ئامێزی ژندا دەبڕێتەوە ...»

بەڵام لە راستیدا قەت ئەمە رێبازی هێمن و بیر و کردەوەی هێمن نەبوو، ئەو «ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕ خاڵ» نەبوو، «ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەرد» بوو ...هەر لەم رووەشەوە بەشی هەرە زۆری ژیانی لە گوند و دێهاتدا بە کاروباری وەرزێری رابوارد و بەشێکی تری وەک پێشمەرگەیەک لە کەژ و چیای سەربەرز و گەردن فرازی کوردستانی عیراقدا، لە ژێر باڵی پڕ هێزی شۆڕشی کورددا بردەسەر و هەتا ژیا بۆ کورد ژیا و مردنیشی کۆستێک لە کورد بوو.

هەردوو لامان باش (هێمن) مان دەناسی، جا چۆنە و بۆ کاک ئەمیر وا بێ مرۆیانە باسی دەکا؟! باسی کەسێ کردن کە بەدرێژایی ژیانی ئۆخەی نەدی، کورد گۆتەنی: «باسی مردووان کارێکی چاک نییە مەگەر بە چاکە»، بەڵام بەداخەوە مردوو و زیندوو لە گۆپاڵی کاک ئەمیر رزگاریان نییە و دەنووسێ: «هێمن لە شیعری (ئامێزی ژن) دا گوتوویەتی:

بەڵام لە ژن خۆشەویست تر
لای من ئەتۆی ئەی ئازادی!

شتی وا سەیر لە (گۆران) نەبیسراوە... وەک شاعیرێکی کۆمۆنیست».

لێرەدا دەبێ عەرزی کاک ئەمیری بەرێز بکەم، شەل نییە و پای شکاوە. برا هەڵەت جارێ نییە و دووانە، (گۆران) ی نەمریش زۆری بە «چاوی کاڵ و قژی زەرد و لێو ئاڵ و پرشنگی نیگا کاڵ، چاوی شین و مووی زەرد ...» هەڵگوتووە، وێڕای ئەوەش خۆ نابێتە دەلیل و دەساوێژ، کە هەر شتێکی گۆران نەیگوتبێ، نابێ کەسی تر باسی بکا، ئەی رەوەندی پێگەیشتن و تەکامولی ئەدەبیات چ لێدەکەی ؟! ئاویش خۆ هەر لە جۆگەدا قەتیس ناخوا! زۆر مەبەست و شت هەیە، کە گۆران هەر بەڕامانیش بەلایاندا نەچووە، بەڵام شاعیرانی پاش وی بۆی چوون و زۆر بە وردیش شیعریان لەسەر داناوە. وەک بۆچوونەکانی عەولا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، فەرهاد شاکەلی و رۆژەن بارناس ... هتد، لەلایەکی ترەوە نازانم کاک ئەمیر چۆن زانیویە، کە گۆران «شاعیرێکی کۆمۆنیست» بووە؟! درووستە گۆران خەمخواری هەموو نەتەوەیەکی ژێردەست و چەوساوە بووە، درووستە گۆران شاعیری رەش و رووت و برسی، شوان و گاوان، هەژار و دەستکورتی شار و گوند بووە، بەڵام ئەو پتر بە دەرد و خەمی هەموو چین و توێژەکانی رەنجبەری نەتەوەکەی خۆیەوە هەژگاوە.

لە راستیدا گۆران کوردێکی رووناکبیر و دڵسووتاو بووە، بەڵام کۆمونیست بەمانای راستەقینە و کادیری نەبووە، بۆ وەدەست هێنانی مافی رەوای کورد، بۆ بووژانەوەی فەرهەنگی کورد، بۆ بەرزبوونەوەی ناوی کورد رووی لە هەموو کەلێن و قوژبنێک کردووە و دەرکی نەکوتاوی نەبواردووە، رۆژێ لە رۆژان لە ئەنکەرە و ئەستامبول بۆ کورد لاسایی ئەدەبی تورکی کردۆتەوە، رۆژێ دی لە (ئێزگەی کوردی یافا) کە لەلایەن ئینگیزەوە دامەزرابوو، بالۆرەی بۆ کورد لێدەدا و سیاسەت و رامیارییەکانی ئینگلیزی بە کوردی بۆ کورد بڵاودەکردەوە و بە شانازییەوە دەیگوڕاند «ئێرە ئێزگەی دەنگی کوردستانە» ...با رۆژێکیش لە رۆژان بە کۆمۆنیستی هەڵگوتبێ، ئەوی راستی بێ هەموو ئەو کارانەی بۆ بەرزکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەب و کورد ئەنجام دا و هەرگیز ناشبنە پەڵە بەسەر گۆرانەوە و پێم وایە ناشبنە هۆی ئەوەی، کە بڵێین گۆران ئینگلیزیی یان کۆمۆنیست بووە، بەڵکو نیشاندەری باوەڕی قووڵی کوردایەتیی (گۆران) ن و بەس !.

کاک ئەمیر ئەوجا پاش وردە بۆڵە و گازندەی زۆر و نکوولی لە زۆر راستی و گەورەکردنی وردەکارەساتی ناوخۆی کوردستان، بێ ئەوەی لە بارەی مێژووەوە پەیوەندیان پێکەوە هەبێ و باری روودانیان لە نەزەرگیرابێ باسی «بێ تفاقی و شقاقی» دەکا، باسێکی، کە جەرگی هەموو مرۆڤێکی کورد و کوردپەروەری پێ قرچە داغە، بەڵام لە جیاتی وەی، کە رێ نیشاندەربێ و چارەسازکار و رێ بۆ دۆز ببینێتەوە، کاسە و کەوچکی یەکێ بەسەر ئەوی دیدا دەشکێنێ و دەنووسێ: « ... کوژرانی سولەیمانی موعینی بەدەستی دەستەودەیارەی مەلا مستەفا هەڵە نەبوو، قەتڵ و بڕی ٧٠٠-٨٠٠ پێشمەرگە و شۆڕشگێرترین رۆڵەکانی گەلی کورد (١٩٧٥-١٩٧٨) دا بەدەستی (قیادە) هەڵە نەبوو، جاشەتی (سیا) و (میت) و (موساد) و (ساواک) ی قیادە هەڵە نەبوو، خۆفرۆشتنی کوڕانی بارزانی بە رژێمی خومەینی و یارمەتی دانی (ارتش اسلامی) و (سپاه پاسداران) بو سەرکوت کردنی گەلی کوردی ئێران هەڵە نییە، سەرکوت کردنی (یەکێتی جوتیاران) بەدەستی حیزبی دیموکراتی قاسملو (١٩٧٩) هەڵە نەبوو، کوشتنی کاک (سەلاحی بورهان) لە کوچە و کۆلانی سابلاغێدا هەڵە نەبوو ...»

کاک ئەمیر، پێش ئەوەی، وەک کوردێک، هێندێ لەو «هەڵانە» روون کەمەوە، با باسی چەند هەڵەی تریش بکەم کە تۆ لە بیر خۆت بردوونەوە ... یارمەتی وەرگرتنی حیزبی دیموکرات لە بەعسی عیراقێ هەڵە نەبوو ؟، خۆ لە باوەش هاویشتنی کۆمەڵە و کۆمەگ وەرگرتنی لە بەعس هەڵە نەبوو ؟، چەککردنی (سپای رزگاری) لە لایەن کۆمەڵەوە هەڵە نەبوو ؟، دۆستایەتی و پێکەوە بنکە دانانیان لە (هانەگەرمەڵەی هەورامان) هەڵە نییە ؟، چەپرەوی منداڵانەی کۆمەڵە و سازکردنی (حیزبی کۆمۆنیستی ئێرانی) لەلایەن سازمانێکی کوردستانییەوە هەڵە نییە ؟، هاوپەیمانی لەگەڵ (گروپی سەهەند) و (اتحاد مبارزان کمونیست) هەڵە نییە ؟، شەڕی براکوژی کۆمەڵە و دیموکرات هەڵە نییە و، قەتڵوعام و کوشتاری بێبەزەییانەی هەورامانی (نەوسوود) و زۆر شتی تر هەڵە نییە؟!. کاکە ئەگەر ئەتۆ وەک کوردێکی دڵسۆز (خانی ئاسا) دەتەوێ لە هەڵە بدوێی، دەبێ باسی هەموو لایەک بکەی، بەڵام برا گیان! ئەگەر پەردەی راستەقینە بە هەموو تاڵی و ترشییەوە لەسەر هێندێ راستی هەڵدەینەوە، دەبێ تەعەسوب و دەمارگیری وەلانێین! راستی لە هەموو شتێ چاترە. سولەیمانی موعینی چۆن کوژرا و شەهید کرا ؟!

جووڵانەوەی کورد لە ساڵی ١٩٦٦ دا قۆناغێکی تایبەتی دەپێوا، حکوومەتی عیراق زەندەقی چوو بوو، دەیویست بەهەر لەونێک بێ، خۆی لە زەبری گورچووبڕی پێشمەرگە هەتا رادەیەک قوتار بکا، فڕوفێڵی زۆری نواند، کوردی دژی کورد چەکدار کرد و هان دا، بەڵام پیلانەکانی یەک لە دوای یەک وەک بەفری زستانێ تووانەوە ... ئەو کات حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانێ، لە ژێر باڵی شۆڕش و سەرکردایەتی بارزانیی ئەمردا بوون. تاقمێک لە کادرەکانی حیزب بە بیروباوەڕێکی جیا لە حیزبەوە، - رەنگە سەرکردە کوردەکانی نەیاری بارزانیش، کە لە حکوومەتی عێراقێدا دەستیان دەڕۆیشت، لەم رێبازە فیکرییەدا نەخشیان هەبووبێ - دێنە سەر ئەم باوەڕە، کە دەبێ جووڵانەوەی چەکداری لە کوردستانی ئێرانیشدا هەڵگیرسێ - باوەڕێکی کە رژێمی عیراقێ لە خۆشیان شاگەشکە دەکرد - لە سەفەرێکی ئەوروپاشدا شەهید موهەندیس شەریف زادە لەگەڵ تاقمێک لە لایەنگیرانی (سازمانی انقلابی ایران) کە تازە لە حیزبی (تودە) جیا بووبوونەوە، ئاشنا دەبێ و لە دوواندا دێنە سەر ئەم باوەڕە، کە دەکرێ لە کوردستانی ئێرانیشدا وەک کوردستانی عێراقێ دەست بدەنە چەک. پاش گەڕانەوەی شەهید شەریف زادە بۆ عیراقێ، بڕیار سەردەگرێ و دەوڵەتی عیراقیش بڕیاری یارمەتییان پێ دەدا - بەڵام پێم وایە ئەم یارمەتییە لە قسە بەدەر نەبوو، چونکە کاتێ تەرمی شەهیدان (مەلا مەحەمەدی زەنگەنە، مەراد شێرێژ، فەقێ وەسمان و سەید فەتاحی نیزامی) و شەهیدانی تریان لە شەقامەکانی مەهاباد و شنۆ و نەغەدە و خانێ و شارەکانی تری کوردستان نێردیوان پێچ کردبوو هەتا خەڵکی بیانبینێ، چەکەکانیان هەمووی بڕنەوی کۆن و سێتیر و پێنجتیری قەدیمی بوو، لە کاتێکدا ئەگەر بەعسی عیراقی بە راستی نە بە قسە، بە کردەوە یارمەتی دابان دەبوو چەک و سیلاحی تازە و نوێیان پێ بێ - جا ئەم تاقمەیە بەناوی باڵی شۆڕشگێڕی حیزبی دیموکرات دەگەڕێنەوە کوردستانی ئێران و لە ناوچەی سەردەشت، بانە، سەقز، خانێ و مەهاباد خەریکی تێکۆشانی چەکداری دەبن، بەڵام کاک سولەیمان وەک سەرکردەی ئەم تاقمە لە (سلێمانی) دەمێنێتەوە، لەوێ رۆژنامەیەک بەناوی (رۆژ) دەردەکا.

لەم لاشەوە رژێمی شا لە ترسانا خۆی زەرد دەکا و تەواوی (ئاغاواتی) ئەم ناوچانە چەکدار دەکا و لە لایەکی ترەوە دەستە و داوێنی بارزانی دەبێ بۆ لە ناوبردنی سەرکردایەتی ئەم تاقمەیە، - بۆیە دەڵێم تاقمە، چونکە هێزە چەپەکانی کوردستان بە دیموکراتیان نازانن و دیموکراتەکانیش بە باڵی شۆڕشگێڕی خۆیانیان دەدەنە قەڵەم و دەستاوێزێکیش بۆ راستی هیچ لایەک جارێ لە دەستدا نییە - دەڵێن: لە سلێمانی شەهید موعینی لە لایەن هێزەکانی بارزانییەوە دەگیرێ و دەگوێزرێتەوە چیا. گوایە بارزانی ماوەیەکی زۆر قسەی لەگەڵ دەکا و ئامۆژگاری دەکا، کە لەم زرووفەدا ناگونجێ لە دوو پارچەی کوردستاندا شۆڕشی چەکداری هەبێ و بەرژەوەندی کورد لەم قۆناغە ناسکەدا ئەمە

هەڵناگرێ.
گوایە شەهید سولەیمان ناچێتە ژێر قسەی بارزانیی‌یەوە و تەنانەت لێشی توورە دەبێ ... هەروا گوایە بارزانی دەستووری کوشتنی دەدا ... جا ئەم کوشتنە بە سوود و قانزاج و بەرژەوەندی کورد بووە یان نە ؟! سولەیمان تاوانبارە یان بارزانی ؟! ئەمە داوەریکە بۆ کۆمەڵانی خەڵک و مێژوو.
کاک ئەمیر، کە ئەم کردەوەیەی بارزانی بە هەڵە دەزانێ، دەبێ بە بەڵگە و دەساوێزەوە باسی بکا و شی بکاتەوە، نەک گۆترەسەنی بیقەبڵێنێ.

کاک ئەمیری بەرێز پاشان باسی زۆر شتی تر دەکا، کە ئەز بەش بەحاڵی خۆم سەرەڕای ئەوەی بۆچوونەکانم لەگەڵ کاک ئەمیر یەک ناگرن، بەڵام چونکە زۆرتریان باسگەلێکن، کە بۆ سەلماندن یان ڕەتاندنیان بەڵگە و دەستاوێزم نییە، خۆ لە قەرەیان نادەم، بەتایبەت کە پێوەندیشیان بە کەسایەتی کوردەوە هەیە ئەوانیش کەسگەلێکن کە زۆربەیان زیندوون.

ئەمجار دێتە سەر ئەو باسەی کە، بۆ قیادە و کوڕانی بارزانی خۆیان هاویشتە باوەشی کۆماری ئیسلامییەوە ؟!
گومانم لەوەدا نییە، کە نووسەر بۆ خۆی وەڵامی ئەم پرسیارە لە من چێتر دەزانێ، بەڵام بۆ خۆی لێ گێل کردووین نازانم ؟!.
ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە پاش سەرکەوتنی ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانێ بەسەر ڕژێمی سەرەڕۆی شایەتیدا، نە تەنیا خەڵکی ئێرانێ خۆی، بەڵکو هی ناوچەکەش چاویان بڕیبووە ڕاپەڕین و سەرکردایەتییەکەی و پاش شەڕوشۆڕێکی کورت بڕیار وابو هێندێ مافی گەلی کورد لە کوردستانی ئێرانێ چارەسەر بکرێ و دانێ پێدا بنرێ، بۆ ئەم کارەش (هیئت نمایندگی خلق کورد – دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد) پێکهات و لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت لە سنە و مەهاباد و تارانێ چەندین جار وتووێژ کرا، بەڵام بەداخەوە قۆڵی چەپ لە ئێران و کوردستاندا جگە لە حیزبی تودە، کە لەم بارەوە سیاسەتێکی ڕوونی نەبوو، هیچ چەشنە گرینگییەکی بە خواست و ویستی کورد نەدەدا و تەنانەت خودموختاریشیان بە پرۆژەیەکی بورژوازی دەزانی و لە کاتێکدا دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی خەریکی بڕیارگرتن لەسەر گەلاڵەی شەش مادەیی بوو، ئەوان دەستیان دا خۆپیشاندان و ڕێپێوان وبڕیارنامە و بەیان دەرکردن بۆ دەرکردنی کوردەکانی عیراقێ.
لەو کاتەشدا کوردەکانی عیراق بە هەژاریی و بێدەرەتانی و تەنانەت بە سواڵ و سەدەقە لە باشوری ئێران دەژیان و کە دەڵێم بە سواڵ و سەدەقە دەژیان درۆ ناکەم، بۆخۆم ژن و منداڵیانم لە تارانێ دیوە، کە سواڵیان دەکرد، (مەلا خەلیلی مەشخەتی، خەڵکی دهۆکێ، کە قازی بوو لە شۆڕشدا، لە تەمەنی هەشتاساڵیدا لە گۆڕستانی شاری یەزدێ سواڵی دەکرد و قورعانی دەخوێند بۆ ئەوەی سکی ژن و منداڵی تێرکا).
بەلاّن لایەنی چەپ پەیتا پەیتا بەیان و بڕیارنامەیان بڵاودەکردەوە، ئەوانە نۆکەری کێ و کێ و کێن و دەبێ لە ئێرانێیان وەدەرنێن !

کوردەکانی بێ دەرەتانی عیراقیش کە هەتا دوێنێ «هەڵۆی بەرزەفڕی چیا بوون» لەوەی دەترسان کە دەوڵەتی ئێرانێ هەموویان دەست بەستە بداتەوە بە ڕژێمی عیراقێ و لەم بارەوە هێڵی چەپ هیچ چەشنە بیروباوەڕێکی کوردانە و کوردایەتی لە پێشچاو نەگرت و میوانداری و نەریتی کوردانەیان فەرامۆش کردبوو،عەزمیان جەزم کردبوو کە دەبێ دەرکرێن و دەرکرانیشیان و چوونەوە عیراقیان واتە مەرگ و کوژرانیان بە دەستی ڕژێمی بەعسی. پێم وایە هەر ئەم مەترسییەش بوو، کە سەرکردایەتییان لەگەڵ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی یەکگربوو.

کاک ئەمیر ئەوجار باسی کوژرانی سەلاحی شەمسی بورهان دەکا «کوشتنی کاک سەلاحی شەمسی بورهان لە کوچە و کۆلانی سابلاغیدا هەڵە نەبوو ...» نازانم کاک ئەمیر چۆن دەڕوانێتە ئەم دۆزە و کوژرانی کاک سەلاح بە دەسکیسی کێ دەداتە قەڵەم ؟! ئەوەی ڕاستی بێ سەلاحی شەمسی بورهان بە خۆڕایی کوژرا و فیدای خو بە زل زانیی خۆی بوو، جا چ هەڵە بێ یان نە ؟! ڕاستییەکەی ئەوەیە و هەموو خەڵکی مەهابادیش دەزانن، کە ئێوارەیەکی کاک سەلاح لە مەیخانەی (وارتان) – مەشهور بە مامە – لەگەڵ کوڕێکی گەنجی چەکدار بە ناوی جەمشیر (جەمشید) دەمەقاڵێ یان لێ پەیدا دەبێ و هەڕەشە و گوڕەشە لە یەکدی دەکەن، بۆ شەوێ جەمشیر لە کوچەیەکیدا بە کلاشینکۆف تەقەی لە کاک سەلاحی دەکا و شەهیدی دەکا، ئەو کوڕە کوژەرەش ئەو کات سەر بە هیچ داروودەستەیەکی نەبوو، وەک زۆربەی خەڵکی چەکدار بوو، چەکیش بە ئازادی لە بازاڕێدا دەکڕا و دەفرۆشرا. لە مەهابادێ چەندین مەیدانی کڕین و فرۆشتنی چەک هەبوو. پاش شەهید کرانی کاک سەلاح زۆر کۆڕ و کۆمەڵ و حیزب و داروودەستەش دژی ئەم ڕەشکوژییە بەیاننامەیان دەرکرد و ئەم کارەیان مەحکووم کرد، بەڵام ڕاستەوخۆ بەسەر هیچ لایەکیاندا دانەبڕی، کوژەریش قیت و قنج لە شاریدا دەگەڕا و دەستەی پێشمەرگەی زەحمەتکێشانیش (تاقمێکی چەکدار، کە سەر بە یەکێتی کۆمۆنیستەکان – اتحادیەء کمونیستها – بوون) و شەهید سەلاح سەرۆکایەتی دەکردن، هەر نەشیان دەوێرا توخنی کوڕەی کەون.
بەڵام ئێستا کاک ئەمیر چۆن دەڕوانێتە ئەم ڕەشکوژییە و «هەڵە» بوون و نەبوونی لە چیدا دەبینێ و دەیەوێ بەسەر کێیدا ساغ کاتەوە ؟!
کاک ئەمیر پاشان پەلامار دەباتە سەر بارزانیی ڕەحمەتی و ئامبازی هەژاری شاعیر دەبێ و بە شاعیری دەرباری بارزانیی دادەنێ. بریا، سەد بریا! کوردخودانێک با و بارزانی سەرۆکی و هەژار شاعیری دەرباری، بەڵام بە ناشکوری ناڵێم، کوا شتی وا !! ئەوە لە بەختی خەواڵو و نووستووی کورد زۆر بەدوورە. زۆرم پێ سەیرە، کە چۆن کاک ئەمیر کەس ناپارێزێ و پەلاری هەموو سەرکردەیەکی کورد، زیندوو و مردوو دەگرێتەوە، بەڵام ڕێ نیشان نادا دەبێ خەڵک چبکا ؟! و دووی کێ کەوێ ؟ کام سەرکردە و ڕێبەری پێ باشە ؟ کاکە خۆ ئاش بە فوو یان حەمام بە ... گەرم



نابن. ئاخر خۆ ڕەخنەگرتن و سەروگوێلاک شکاندن هاسانە و زۆر سووک و ساکار دەکرێ هەموو لایەکی تاوانبارکەین، دەکرێ بە هاسانی نەکوولی لە هەموو شت بکرێ، بەڵام ئەی چار چییە ؟! ئەتۆ دەفەرمووی خەڵک چبکا ؟! دەست لە سەر دەستان دانێن و چاوەڕوانی هاتنەوەتان بن. ڕاستی ئەتۆ لە ئەمەریکا چدەکەی ؟ کاریان ڕاست بێ کەسانی وەک کاک فەرهاد شەونخوونی دەکێشن و منەتی هەزار کەس و ناکەس هەڵدەگرن هەتا (مامۆستای کورد)، (هەڵوێست)، (پەیڤ)، (هیوا)، (بەربانگ)، (ڕۆژا نوێ)، (ئامانج)، (تێکۆشەر) و چی و چی تر دەردەکەن، خاڵە گیان کەسانی وەک تۆ چدەکەن ؟! ئەدی ئەتۆ بۆ کوتە کاخەزێکی بە کوردی لە چاپ نادەی، نەکا دەوڵەتی ئەمریکایە بەرگریت لێ بکا ؟! یان لێت بترسێ ؟!

دەزانم کاک ئەمیر زۆریش کوردی، بۆ کوردیش دەسووتێی، ئەو قسانەشت لە ڕووی باوەڕی پاکت بە کوردایەتییەوەیە، بەڵام وەڵڵاهی و بیللاهی و تەڵڵاهی ... کاکە بەو چەشنە قسانە، بەم جۆرە تاوان و بوختانانە، بەم کای کۆن بە با دانە و دووای کڵاوی بابردوو کەوتن دەردی کورد سووک ناکەن، دەردی ئێمە یەک نەگرتنە، «شقاقمان» زۆرە، پێویستیمان بە «تفاقە» و تفاقیش بە «شقاقی» زۆرتر پێک نایە. تۆ خوێندەوار و ڕووناکبیری کوردی لە دەرەوەی وڵات، نوێنەر و سەرکردەیەکی بۆ کورد، جا چۆن دەبێ لە جیاتی لە «تفاق» بدوێی و ڕێخۆشکەری ئەم ئاواتە بی، «شقاق» زێدەتر دەکەی و ڕێی ناهەموارتر و تۆوی چەند بەرەکی دەچێنی ؟! کاکە ڕەش و ڕووت و هەژار و شوان و گاوان، جووتیار و سەپانی دەست قەڵەشاوی کورد، بە تەواوی درێژایی مێژوو، کە دەستیان داوەتە چەک قەت قەت نە شکەستیان خواردووە، نەقەت پەلاماریان کردۆتە سەر کەس ... جگە لە پارێزگاری کارێکی تریان نەکردووە، ئەوان چاویان لە دەست و دەمی کەسگەلی سەرکردە و ڕووناکبیری وەک تۆ بووە، جا ئێستا ئەتۆ لە جیاتی ڕێ نیشاندەری یەکێتی بی لە «شقاق» دەدوێی، «تفاق» دەخەیە ژێر پێ. ئەی ئەوان دەبێ چبکەن ؟! تو خودا کاک ئەمیر با ئەوەشتان عەرزبکەم، با لە دڵمدا نەبێتە گرێ، لە نووسراوەکەت وا دەردەکەوێ، کە خۆت بە کۆمۆنیست دەزانی! بەڵام وەڵڵاهی پێم وایە فڕت بە سەرییەوە نییە، ئەتۆ ئەو وتووێژەی کاک (عەزیز محەمەد) هەر لەو ژمارەیەی «مامۆستای کورد» دا بخوێنەوە، بزانە چەند بە مشوورانە و بڕستانە باسی دۆست و دوژمنی دەکا. بێ ئەوەی قسەی ناحەزتر لە گوڵ بە هیچ کەس بڵێ، پیاو حەزدەکا هەتا دوژمنی واشی هەبێ نەک دۆست. بەڵام ئەتۆ گیانە شیر و تیر لە هەمووان دەسوی و کەس نابوێری، هەر چونکە بیروباوەڕیان لەگەڵ تۆ یەک نییە. زۆربەی سەرکردەکانی کوردی دوێنێ و ئەمڕۆ تاوانبار دەکەی هەروەک ئاوخواردنەوەی. هیوایە لە قسەی پیرێکی ئوفتادەی وەک من دڵگیر نەبی و قسەکانم بە مۆچیاری بزانی و ڕێ نیشاندەری «تفاق» بی نە «شقاق».
١٩٨٧/١٠/٣٠.

## نامە

برای خۆشەویست ...
بەبێ هیچ جۆرە دیپلۆماتییەک مامۆستای کوردم بەدڵە، لەبەر یەک شت، چونکی دیمۆکراتییە، ئەو پەڕی دیمۆکراتی. نەبوونی دیمۆکراتی لەو ڕۆژەوە کە کورد دروست بووە، لەنێو کورد خۆی، لەگەڵ بیگانە، بیگانە لەگەڵ کورد بۆتە هۆی مەینەتی. ئێمە دەبێ ئاشکرا بین، بێ پێچ و پەنا، ئەگینا ڕووداوەکانی ١٩٧٥ دووبارە و سێ بارە دەبێتەوە.
هیچ هێزێک نییە لەسەر ڕووی زەمین مافی ئەوەی هەبێ ڕێگە لە ئازادی بیروباوەڕ بگرێ. دیارە هێزە سیاسییەکان دەوری خۆیان هەیە، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانن کە ئەوان خەریکی تەنگوچەڵەمەی ڕۆژانەن، بەڵام ئێمە قسەی جوان دادەهێنین کە ئەمە هەمیشەیی‌یە و نامرێ. ئەوان دەبێ ڕێزی ئێمە بگرن چونکە ئێمە لەوان کۆنتر و لەوانیش ڕەسەنترین، ئێمە پێش ئەوانین، ئەگەر ئێمە نەبین ئەوانیش نابن.
دووبارە بۆ مامۆستای کورد، دەستت خۆش بێ، پێش ئەوەی کۆتایی بەم نامەیە بهێنم حەز دەکەم ئەوەش بڵێم – چونکە پەیوەندی بە دیمۆکراتی و ئاشکرایی‌یەوە هەیە – کە هەندێ لە بلیت لە گیرفانەکانی پاتی کۆمۆنیست لە کوردان هەرچەندە قسە دێتە سەر دەرچوونی سووپای سوور لە ئێران و ڕووخاندنی کۆمار بەسەر مێژوودا باز دەدەن. ئێمە نامانەوێ بەسەر مێژوودا باز بدەین. چاک و خراپ دەبێ بووترێ. دیارە سۆڤییەتیش دوژمنی ئێمە نییە.

**خێ.عەین**

# حەسەنپوور چۆن لە خەم دەگا ؟!

سەیوان عەلی رەزا

لە ژمارە سێی گۆڤاری «مامۆستای کورد» دا، کاک فەرهاد شاکەلی باسێکی دەربارەی مەرگی هێمنی شاعیر و بەرهەمەکانی نووسیوە. لە روانگەی خۆیەوە هەندێ لە شیعرەکانی مامۆستا هێمنی نەمری هەڵسەنگاندووە و نرخاندووە. پاشان وەک رۆشنبیرێک، کە هەست بەو بارە نالەبارەی شۆڕشی رزگاریخوازیی گەلەکەمان دەکات، بەباوەڕی خۆی چەند رێگاچارەیەکی بۆ بەرەو پێشەوە چوون و گەشەکردن و سەرکەوتنی بزووتنەوەکە دیاری کردوە و کەنارخستنی ناکۆکییەکانیشی بە ئەرکی هەمووان و هۆیەکی کاریگەری سەرکەوتن دیاری کردووە.

راستییەکەی هەر کوردێک تۆزقاڵێک دڵسۆزبێت و دڵی بە مەسەلەی گەلەکەی بسووتێ لە کاک فەرهاد تێدەگات و بە بۆچوونەکانیشی رازی دەبێ، چونکە وا پاش چەندساڵ جنێو و بوختان و یەکتری کوشتن روون بووەوە بۆ هەموو لایەک، هیچ یەکێ لە هێزەکانی کوردستان توانای لەناوبردن ئەوەی تری نییە و پاشان گریمان وا یەکێکیان توانی هەموو ئەوانی تر پاماڵ بکات! ئایە ئەمە چەند قوربانی دەوێ و کێ باجەکەی دەدات ؟! بێگومان کەس نایەوێ هەموو پارت و رێکخراوەکانی کوردستان ببنە یەک پارت، کاک فەرهادیش داوای ئەوەی لێ نەکردوون، بە کورتی و کوردی، ئەم پێشنیازی ئەوەی کردووە، کە هەموو هێزەکان بیرێک لە بزووتنەوەکە و پاشەڕۆژی گەلەکەمان بکەنەوە و تەبابن و بزانن بۆچی خەبات دەکەن و هەر هیچ نەبێ دوژمنەکان دیاری بکەن.

وتارەکە هەتا بڵێی رێکوپێکە و ئەگەر پارتەکان ئەم هەموو ساڵە بەو گیانەوە لە یەکدی نزیک ببونایەتەوە، ئەم شەڕ و یەکتر کوشتنە نەدەما و باری گەلی کوردی هەژاریش تۆزێ سووک دەبوو و ئاسۆیەکی روونی دەکەوتە بەرچاو.

لە ژمارە (٤ و ٥) ی هەمان گۆڤاردا، کاک ئەمیری حەسەن پوور پاش ئەوەی «بۆ ماوەیەک لە دڵەوە قسەی لەگەڵ کاک فەرهاد کردووە و لە شەمەنەفەر و ماشێندا چەند سەعاتێ ئەمسەروسەری شاری کردووە» خونچەی بیرەکانی پشکووتوە و وەڵامێکی کاک فەرهادی داوەتەوە، بەڵام چۆن وەڵامێک ؟!

کاک ئەمیر بە ناوی رەخنە و لێکۆڵینەوەوە، کارێکی بە هەندێ پارتی و رێکخراو کردووە، کە «رەشەبا بە دەواری شڕو سەرما بەهەتیووی نەکردووە» ناشزانم بۆ؟!

کاک فەرهاد هۆی سەرنەکەوتنی هێمنی وەک شاعیر لە هەندێ بابەتی شیعریدا بەوە داناوە، کە هێمن شیعر و سیاسەتی لە یەکدی جیانەکردووەتەوە.

هەرچەندە کاک فەرهاد مەسەلەی جیانەکردنەوەکەشی روون کردۆتەوە و نووسیویەتی: «با لێرەدا شتێک روون بکەمەوە، کە رەنگە گرنگ بێ، بۆ ئەوەی کەس نان و پیاز بەقسەکانمەوە نەخوات: ئەمن، کە دەڵێم سیاسەت، مەبەستم کاری چالاکانەی سیاسییە و لەپێش هەموو شتێکیشدا ئەندامێتی پارتی، گرۆیەکی سیاسی دەنا ... هەتا هەر بە کوردی نووسین سیاسەتە»[1].

کەچی رەخنەگر وەک ئەوەیە، ئەوەی نەخوێندبێتەوە یان نەیەوێ تێبگات، کە کاک فەرهاد مەبەستی لە سیاسەت «پارتایەتی» یە، هەر بۆیە رەخنەگر سەرتاسەری مەسەلەکەی ئاوەژوو کردووەتەوە. کاتێ کاک فەرهاد دەنووسێ: «دیسان هەر بەهۆی سیاسەتەوە، هەستی مرۆڤایەتی خۆی، هەستی دڵداری و جوان پەرستی دەشارێتەوە و نایەڵێ رێک و رەوان بیدرکێنێ»[2]. ئەمیر ئەم قسەیەی پێشوو ئاوا لێکدەداتەوە: «بەڵام نووسراوەکەت زۆر کەس دەیخوێنێتەوە و ئەو بیرەیان پێ رادەگەیەنێ، کە شیعر و سیاسەت نەک تەواو لێک جیاوازن، بەڵکو دژی یەکتریشن»[3].

نەخێر کاک ئەمیر خراپی لێ حاڵی بوویت، مەسەلەکە پارتایەتییە ... پارتایەتی، نەک سیاسەت بە شێوەیەکی گشتی ... کاک فەرهاد مەبەستی لەوەیە پارتایەتی و شیعر لێک جیاوازن، ئۆباڵ بە گەردنم زۆر چاکیشی بۆ چووە!

کەس بە هیچ شاعیرێکی کوردی نەوتووە، باسی خەباتی عادیلانەی نەتەوەکەی، ئازار و ئەشکەنجە و کارەساتی تراژیدی بێوێنەی نەتەوەکەی، وڵاتی داگیرکراو و پارچەپارچەکراوی نەکات. بە پێچەوانەوە، ئەم ئازاری نەتەوە دەربڕینە شاعیر خۆشەویست دەکا. بەڵام کاتێ فلان یان فیسار شاعیر بە باڵای فلان یا فیسار سەرکردەدا هەڵدەدەن، یان دەبنە شاعیری حیزبێک، گرۆیەک، کەسایەتی و شاعیریەتی خۆیان ون دەکەن.

بۆ ئێمەی کورد، کە وڵاتەکەمان داگیرکراوە و بەشبەش کراوە و هەڕەشەی لەناوبردنمان لێ دەکرێ، شاعیرەکانمان دەبێ ئاوێنەی ئەو هەست و ئازارەی سەرتاسەری میللەتی کورد بن و ئازارەکانی لە وشەدا هەڵرێژن ... شاعیر دەبێ، شاعیری مەسەلە و جەماوەری بەرینی خەڵکی خۆی بێ ... ئێمە خودا نەیبڕێ خاوەن دەیان پارت و رێکخراوین، هیچیشیان ئەوەندەیان نەکردووە کە خاوەنی شاعیری خۆیان بن، کەچی شاعیریشمان هەن بوونەتە شاعیری حیزب و ئەوەندەی کاک ئەمیری حەسەنپووریش حەزی پێ دەکا شیعر و پارتایەتییان تێکەڵاو کردووە، باوەڕیش ناکەم شیعرەکانیان ئەوەندە سەرکەوتووبن، کە کاک ئەمیر حەزی پێ بکات.

پاشان کاک ئەمیر دەنووسێ: «کاک فەرهاد راستییەکت پێ بڵێم هەرچی فیکرم لێ کردەوە نەمزانی مەبەستت لە کێشەی نێوان گۆرانی کۆمۆنیست و گۆرانی کوردپەروەر چییە»[4]. باوەڕم نییە کاک ئەمیر لە مەبەستی کاک فەرهاد نەگەیشتبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی بە دڵی نییە، ئارەزووی لە نان و پیازەکە بووە.

ئاشکرایە کاک فەرهاد مەبەستی لە (گۆران) ی ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عیراقە! راستییەکی وەک رۆژ ئاشکرایە، کێشەی نێوان کوردپەروەران و کۆمۆنیستان، ئەگەر ئێستاش نەبێ، جاران هەبووە (تاوانەکەشی زۆر وەخت لە ئەستۆی کۆمۆنیستەکاندا بووە)، چونکە هی وایان هەبوو کوردی هەر بە نەتەوەش نەدەزانی. بێ گومان بۆچوونێکی حیزبی وەها چەوت، با گۆران ئەندامیشی بووبێت، هەر کاری تێکردووە و هەستی ناسکی شاعیرانەی هەژاندووە، گۆرانێک کە لە دامێنی چیا و کەژی کوردستاندا پەروەردە بووە، بە کوردی نووسیویە و هەستێکی پاکی کوردانەی هەبووە، بێگومان تووشی کێشە دەبێ، کاتێ حاشا لە بوون و چارەنووسی نەتەوەکەی بکرێ. ئەمە نموونەیەکی بچووکە و لەم بابەتە نموونەی تریش زۆرن.

حەسەنپوور درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ: «گۆران وەک شاعیرێکی کۆمۆنیست ئەوەندەی «پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر» ی پێ جوان بوو، سەد ئەوەندەش سەرکەوتنی خەباتی گەلی کۆریا، یان تێکشکانی سوپای ئیمپریالیزمی فرانسەی لە (دین بین فو) دا پێ جوان بوو»[5]. وەک ئەوەی بڵێی، گۆران تەنیا وەک کۆمۆنستێک توانیبێتی شیعر بڵێ و بیربکاتەوە! ئەی بۆ وەک کوردپەروەرێک نەیتوانیبێ شیعر بڵێ ؟! ئەمیر وادەزانێ ئەوی کوردپەروەربێ، ئیدی ناتوانێ مرۆڤ دۆست بێ ؟! هەمیشەش نەتەوەپەرستی راستەقینە، مرۆڤ دۆستێکی گەورەشە. بەڵام بەداخەوە،گیروگرفتی ئێمەی کورد لەوەدایە هەر کە دوو کتێبمان خوێندەوە، ئیتر دەبێ گەلانی ترمان لە گەلەکەی خۆمان لا لە پێشتر بێ و خەباتمان لە ئەوان بۆ خۆمان پێ رەوا تر بێ، و خەباتی نیشتیمانیمان بکەینە قوربانی خەباتی چینایەتی، بە کورتی کوڕی خۆمان قوربانی کچی خەڵکی بکەین.

پاشتر کاک ئەمیر دێتە سەر مەسەلەی یەکگرتن و تەبایی لە کوردستاندا. هەرچەندە بە «دوور و درێژی زانیوە و لێی گەڕاوە»، کەچی پەلامارێکی چاکی ئەو هەوڵدانەی داوە، کە لەم سەردەمەدا دەدرێ لە پێناوی ئەو مەبەستەدا، بە باوەڕی خۆی کاک ئەمیر لایەنگری لە یەکێتی و تەبایی دەکات و «دەبێ هەوڵ بدرێ هەرچی زووتر بگرە هەر ئێستا کۆتایی بێ»[6]، بەڵام رێگاش ئاوا پیشانی کوردان دەدا، کە «هاوار بکەن، بەسە کورد کوشتن، بەسە خیانەت !»[7]. کاک ئەمیر هانی هەموو کورد دەدا، رووی دەمیان بکەنە قاسملو و قیادە و پێیان بڵێن خیانەت مەکەن بەسە ! وەکو ئەوەی ئەو دوو هێزە خایەن و بەکرێ گیراو بن و ئەوانی دی پێشکەوتنخواز و کۆمۆنیست بن، وەکو ئەوە وایە تەنیا ئەوان شەڕی براکوژییان کردبێ و هەر ئەوان پەیوەندییان لەگەڵ دوژمنان هەبێ.

ئەو کوردەی ئاگادارییەکی هەر فرەکەمی لە وەزعی کوردستان هەبێ، تۆزقاڵێک دڵسۆزی مەسەلەکە بێ و خۆی گێل نەکات دەزانێ، پارتەکانی کوردستانی عیراق لەگەڵ ئێران و ئەوانەی کوردستانی ئێران لەگەڵ عیراق پەیوەندییان هەیە. جا ئەگەر ئەمە بەخیانەت بزانین، هیچ لایەک بە پاکی نامێنێتەوە. بەڵام راستییەکەی ئاوەها لێکدانەوەیەک هەڵەیە. خودابکات پارتەکانی کوردستان ئەوەندە کارامە و لێزان بن، سوود لە ناکۆکی دوژمنان وەربگرن و بۆ خزمەتی مەسەلەکە بەکاری بێنن . ئەمە جێگەی شانازی دەبێ، کە بتوانین ئەوەندە وریابین. ئەو پارتانە دەتوانن یا نە ؟! ئەوە مێژوو و پاشەڕۆژ دەتوانن وەڵاممان بدەنەوە. دەبێ ئەوەش بڵێین، بەتەواوی خۆفرێدانە باوەشی یەکێک لەو دەوڵەتانە هەڵەیەکی کوشندەیە و لە داهاتوودا گەلی کورد باجەکەی هەر دەدات. کاک ئەمیر دەیەوێ وامان تێبگەیەنێ حەز بەوەدەکات هەرچی زووترە یەکێتی ببێ. کەچی دەشڵێ: «یەکێتی دۆست و دوژمن، یەکێتی خوێنخۆر و خوێنمژ یەکێتی نییە»»[8]. ئەمە ئەوە دەگەیێنێ، کە کاک ئەمیر نە لەگەڵ خۆی و نەلەگەڵ جەماوەری زەحمەتکێشی کوردیش راست ناکات. نازانم کێ خوێنخۆرە و کێ خوێنڕژراو ؟! هەموو پارتەکان کوشتاری یەکتریان کردووە و هەرداو هەرد و دۆڵاودۆڵ بەدووای یەکدا گەڕاون ... پاش هەموو شەڕ و پێکدادانێک، هەر لایەنەو چەند بەڵگە و بەیاننامەیەکی دەرکردووە و بەرانبەری تاوانبار کردووە و خەڵکەکەش سەری لێشێواوە و تاوانبارەکە ونە !!!

تۆزێکی پێناچێ، کاک ئەمیر «خایەنەکان» دیاری دەکات و دەڵێ: «بەپێچەوانەوە خۆفرۆشان و گەل فرۆشانی قیادە و قاسملو دەبێ مەجبوور بکرێن، دەست لە کوشتاری پێشمەرگە هەڵبگرن، ئەگەرچی ژیان و خەباتی وان بەستراوەتەوە بە خیانەت کردن»[9]. واتە هەردوو پارتی دیموکراتی هەردوو دیو خۆفرۆش و کوردفرۆشن و ئەوانی دی فریشتەی خودان و بۆ رزگارکردنی ئەو گەلە دابەزیون!!

نازانم ئەم کینە و دوژمنایەتییەی کاک ئەمیر بۆ پارتە دیموکراتەکان چییە؟! بڵێی هەر ئەوە نەبێ، کە بیست ساڵە فێری سیاسەت بووە، واتە لە ناوەڕاستی ساڵانی شەستەوە !! بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیە ئەوەیە کە دەڵێ: «بارزانی پێشمەرگەی کردووەتە سەر مەکتەبی سیاسی» نازانم مەبەستی کام مەکتەبی سیاسییە؟ ئەوەی کە کوردی فێری کوردکوشتن کرد، یان ئەوەی پێش بارزانی پەنای بردە بەر ئێران و پاشتریش عیراق؟ ئەو مەکتەبی سیاسییەی بەناوی پێشکەوتنخوازییەوە دێهاتی کوردستانی وێران دەکرد و ئەوەی پاش ئاشبەتاڵ راگەیاندنی خۆی پەنای بۆ بارەگای بارزانی برد و ئەویش عەفوی کردن و دووبارە لە ریزی

گەلدا دایناوەوە؟! دیارە کاک ئەمیر لە مەلیک مەلیکی ترە، ئەگینا هەر زوو مەکتەبی *سیاسی* خۆی حەل کرد و رەخنەی لە خۆی گرت و بلاویشی کردەوە، کە «کردەوە پێشکەوتنخوازانەکەیان» لە خزمەتی گەلی کوردا نەبووە.

ئیتر نازانم کاک ئەمیر ئەو برینە کۆنە بۆ دەکولێنێتەوە و مەبەستی چییە؟!.

لە شوێنێکی تری نامەکەیدا حەسەنپوور دەڵێ: «گەردنی مەلا مستەفا و کوڕانی ئازادکردن و بە قارەمان دانانی مەلا و هێنانەوەی کوڕەکانی بۆ ریزی گەلی کورد، کولاندنەوەی برینی هەزاران هەزار کوردی بڵسوتاو وهەزاران پێشمەرگەی کۆڵنەدەری بە فروفێڵ لە سەنگەر دەرکراوە»[10].

ئەوانەی رێز لە مێژووی خۆیان دەگرن و گەلەکەی خۆیان لە ریزی گەلاندا دادەنێن، هەمیشەش کەسایەتی قارەمانانی نەتەوەکەیان دەپارێزن و بەشێوەیەکی بابەتی قۆناغەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەیان هەڵدەسەنگێنن و لە کەموکوڕی و هەڵەکانی دەرس وەردەگرن. ناوی پیاوانی ناودariان لە دەفتەری سەرووەریدا تۆمار دەکەن.بەلام گەلەکەی ئێمە لەبەر ئەوەی تا ئێستا هیچی بە هیچ نەکردووە، ئەوەشی هەمانە دەمانەوێ رەشی بکەینەوە و نەیهێڵین. دەمانەوێ مێژووەکەمان بشێوێنین و کەلێن و کە لەبەرەکانی گەورەتر بکەین و لە قوڕێکی خەستدا نوقومی بکەین.

دەنا نازانم بارزانی بۆچی دەبێ لە قارەمانانی گەلانی تر کەمتر بێ؟ نازانم بۆ کاک ئەمیر لای وایە نابێ بارزانی بە قارەمان ناوببرێ؟! بارزانی‌یەک، کە «نزیکەی شێست ساڵ تەمەنی لە خەباتی بی وچان و کێشە و گێرە و بێنە و بەرەی سیاسەتدا گوزەراندبوو، لە بۆتەی ئەزموون قاڵ ببوو، فێڵ و تەڵەکەی ئینگیس و دەهۆ و داوی ئێرانیان و درۆ و نامەردی تورکانی باش دەناسی» ... «لە سالانی ۳۰–٤۰ دا لە خەباتدا بووبێ دژی دەوڵەتی عیراق، ئینگیز و فیداکارێکی راستەقینەی کۆمارەکەی مەهاباد بووبێ و ... لە ساڵی ۱۹٦۱ موە سەرکردایەتیی کورد بکات لە خەباتیدا»[12]. بارزانی یەک، کە بێگانەکان بە «دیاریترین سەرەکی کورد»[13] یان زانیبێ و «بە نموونەی دابنێن بۆ گەلانی خەباتگێر»[14]. بارزانی یەک ئەوە مێژووی بێ بە قارەمان نەزانینی گێلیەتییە. زۆر قارەمانی تر هەن نیو ئەوەندەشیان نەکردووە و شانازیشان پێوەدەکرێ. لەوانەیە کاک ئەمیر گلەیی ئەوە لە بارزانی بکات، کە بۆچی مارکسیست–لینیست نەبووە ؟! چاوەکەم بارزانی سەرکردەی بزووتنەوەیەکی ئازادیخوازیی نیشتمانی بوو لە جیهانبینی خۆیەوە کاری دەکرد، ئەوەشی توانی درێغی نەکرد، جا با ئەوانەی کاک ئەمیر بە سەرکردەی راستەقینەیان دەزانێ، برۆن سەدیەکی بارزانیی نەمرمان بۆ ئەنجام بدەن، ئەوسا دەیانکەینە قارەمانی خۆمان و ناویشیان دەکەینە وێردی سەرزمان.

کاک ئەمیر خەفەتی ئەوە دەخوات، کە بارزانی «هەزاران پێشمەرگەی کۆڵنەدەری بە فروفێڵ لە سەنگەر دەرکردووە» ئەوەندەی ئێمە دەزانین بارزانی خەڵکی بۆ ناو سەنگەر راکێشاوە، پاشان هەموو کەس دەبێ بزانێ پێشمەرگەیەک کۆڵنەدەربێ، هەرگیز سەنگەر چۆڵ ناکات. گوایە دەیەوی بارزانیش بەوە تاوانبار بکات کە «کوشتاری خەباتگێرانی کوردی ئێران، عیراق و تورکیا»[15] ی کردووە.

جارێ هەرچی مەسەلەی کوردی عیراقە، ئەوا یاخوا دەستی سەوز بێ، چونکە ئەوەی پێشمەرگە بووبێ لە شاخ بووە و ئەوەشی بارزانی کوشتبێتی جاش بووە و جاشیش هەر بۆ کوشتن چاکە. ئەگەر ئیمڕۆ بارزانی بە کوردکوشتن تاوانبار بکەین، دەبێ دواڕۆژیش هەمان تۆمەت بدەینە پاڵ شۆڕشەکەی ئێستامان، کە جاش دەکوژێ. رەنگە کاک ئەمیر جاشەکانی پێش ۱۹۷۰ بە تەنزیمی و باش بزانێ، ئەگەر وابێ ئیدی کەس گلەیی لێ ناکات.

لێرەدا نامەوێ چاو لە راستییەک بپۆشم، کە دەشێ لە ماوەی ١٤ ساڵ خەباتی رزگاریخوازیدا، هەندێ مرۆڤی کوردپەروەر و ئازادیخواز بە دەستی پێشمەرگە کوژرابن، ئەوەش تاوانی بێ سەروبەریی هەندێ لێپرسراوانی ئەوسەردەمە بووە و دووریش نییە کە ناکۆکی و دوژمنایەتی لەنێواندا هەبووبێت، دەنا لە سالانی ۱۹٦٦–۱۹۷۰ چەندان کەسی سەر بە مەکتەبی *سیاسی* لە بەندیخانەکانی شۆرشدا بوون و کەسیش نەیکوشتن و کاتی ئاشتبوونەوەکەی ساڵی ۱۹۷۰ بەرەڵاش کران.

بۆ مەسەلەی کوشتنی کوردی ئێرانیش، کاک ئەمیر یەخەی دەرەبەگەکانی (بانە) بگرێ چیترە وەک لەوەی بچێ بەگژ بارزانیدا، چونکە ئەوان ئەو بزووتنەوەیان کوژاندەوە (بزووتنەوەکە خۆشی لە خۆیدا بە مردوویی لە دایک بوو بوو، ئەوسەردەمەی باری کوردستانی ئێران نە لە رووی بابەتیی و نەخۆیی‌یەوە بۆ خەباتی چەکداری دەستی نەدەدا). بارزانی تاوانبارکردن لەو مەسەلەیەدا وەک بەئاسمان وەڕین وایە.

کوردەکانی کوردستانی تورکیاش باڵی چەپ و راست و دژایەتی و دووبەرەکی خۆیان، بووە هۆی لەناوچوونی هەندێ گەنجی دڵسۆز. من ناڵێم بارزانی هانی کوردی پارچەکانی تری کوردستانی دەدا، بۆ دەست دانە چەک، رەنگە ئەم کارەشی پێخۆش نەبووبێ، بەلام نەک لەبەر ئەوەی بارزانی دژی گەلی کورد و داواکانی بوو. بارزانی خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی دووروودرێژ بوو، ئەو راستییەی چاک دەزانی کە لە کاتی پەیدابوونی جووڵانەوەی چەکداردا، لە دووپارچەی کوردستاندا، رەنگە دوژمن بتوانێ لایەک دژی ئەوەی تر بەکار بهێنێ، بارزانی ئەم پاشاگەردانییەی ئیمڕۆی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی کوردی لەبەر چاوبوو. ئەو باوەڕی بە یەک لابوونەوەی خەبات هەبوو لە پارچەیەکی کوردستاندا و پاشتر پارچەکانی تر.

هاوکاری کردنی بارزانی و فیداکاریی خۆی و پێشمەرگەکانی لە کۆماری مەهاباددا، باشترین بەڵگەی دڵسۆزی و دووربینیی ئەو پێشەوا جوامێرەن. کاتێکیش سەرکردایەتی و رابەرایەتی شۆڕشی ئەیلوولی دەکرد، شۆڕشەکەی کردبووە هی هەموو کوردێکی دڵسۆز و لە هەموو پارچەکانەوە دەهاتن و رێز و قەدریشیان لێ دەگیرا.

لە کۆتایی رەخنەکەیدا حەسەنپوور بە لە خۆڕازیبوونێکی سەیرەوە روو دەکاتە کاک فەرهاد و دەڵێ: «ئەگەر دڵی پڕ هەستی شاعیرانەی تۆ، بۆ خاتری گەلی کورد و پاراستنی شەرەف و ئابڕووی رازییە ئاور و ئاو لە باڵ یەک بکا، دڵی تەئریخ بینی من ئارام ناگرێ و دەیەوێ زنجیرەی دوواکەوتویی و دەرەبەگایەتی و عەشیرەتگەری بپسێنێ»[16].

ئەمن دەڵێم دڵی شاعیرانەی کاک فەرهاد سەد جار لە دڵی حەسەنپوور تەئریخ بین ترە. مێژوو چییە؟! لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی راست و دروستە، چاوخشاندنی بابەتییە بە رابووردوودا، جیاکردنەوەی راست و درۆیە، شەن و کەوکردنی رووداوەکانی رابووردووە بە شێوەیەکی هەمە لایەنە و قووڵ و هەڵگۆزتنی ئەنجامی راست و تەواوە. چونکە بێ لە رابووردوو گەیشتن، نە لە ئێستامان تێدەگەین و نە چارەسەری گونجاویش بۆ دوواڕۆژ دەدۆزینەوە. لەم رووەوە کاک فەرهاد لە کاک ئەمیر باشتری بۆ رۆیشتووە، ئەوەتا دەڵێ: «ئەم شەڕی دووبەرەکی و چەندبەرەکییەی نێو بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد، ئەنجامگەلێکی تاڵ و خوێنین و تراژیدیی لێ پەیدا بووە، کە ئەگەر هۆشیارانە لێیان وردبیینەوە و بیریان لێ بکەینەوە، تێدەگەین، کە هەموو گەلی کورد و بزووتنەوە رزگاریخوازەکەی، هەموو نیشتمانە داگیرکراوەکەی گەیشتۆتە بەردەم دووڕیانێکی یەکجار سەیر و تەلیسماوی و ترسناک، دووڕیانێک، کە ئیدی بەبەریەوە نەماوە و دەبێ هەرچی زووە بڕیاربدەین و بڕیاری راستیش بدەین:

– یان ... رێگای مانەوە و رزگاری و سەربەرزی هەڵبژێرین.

– یان ... بەجارێ خۆمان و ناومان و نیشانمان بکەینە تۆوی دەم با ...!»

ئەم بۆچوونانە ئەنجامی تێگەیشتنی چاک و لێکدانەوەی دروستن، چاوخشاندنی مەوزووعییانەن بە رابووردوودا، تەئریخ بینەکانیش دەبێ ئاوا بیربکەنەوە!.

بەلام حەسەنپوور چونکە لە قۆناغی ئیمڕۆی بزوتنەوەی گەلەکەی بە چاکی نەگەیشتووە و نازانێ پێداویستەکانی چین، چونکە لە بۆچوونەکانیدا بێ لایەن نییە و مێژووی بزووتنەوەکەی شێواندووە، یان هەروا تێی‌گەیشتووە، پێشنیاری شەڕی براکوژیمان بۆ دەکات و دەشیەوی بیسەلمێنێ، کە ئەو شەڕە لەم قۆناغەدا هەر دەبێ ببێ و شەڕێکی پیرۆزی چینایەتییە و دەیەوێ بەشەڕی براکوژی « زنجیرەی دوواکەوتوویی و دەرەبەگایەتی و عەشیرەتگەری بپسێنێ» ... حەسەنپوور ئاوا لە خەم دەگا.

لێنینگراد

## پەراوێزەکان

١– فەرهاد شاکەلی، (مامۆستای کورد)، ژ ٣ ل ٩٩.
٢– هەمان سەرچاوە، ل ١٠٠.
٣– ئەمیری حەسەنپوور، (مامۆستای کورد)، ژ ٤–٥، ل ٣٦.
٤– هەمان سەرچاوە، ل ٣٦.
٥– هەمان سەرچاوە، ل ٣٨–٣٧.
٦– هەمان سەرچاوە، ل ٣٧.
٧– هەمان سەرچاوە.
٨– هەمان سەرچاوە.
٩– هەمان سەرچاوە.
١٠– هەمان سەرچاوە.
١١– شەرەف خانی بدلیسی، شرفنامە شرفخانی بدلیسی، وەرگێڕانی هەژار، تاران ١٩٨١، ل ٨٤١.
١٢– دانا ادم شمدت، رحلە الی الرجال الشجعان. ترجمە جرجیس فتح الله، بیروت، ص ٢١.
١٣– هەمان سەرچاوە.
١٤– Lazarev. SVENSK-KURDISK. Nr 9, 1987, 3. s 7.
١٥– ئەمیری حەسەنپوور، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦.
١٦– هەمان سەرچاوە، ل ٣٥.
١٧– فەرهاد شاکەلی، هەمان سەرچاوە، ژ ٣، ل ٩٧.

# یاره ژیکەلانەکەم

## شیعری قاسمی موئەیەدزادە

*مامۆستا سەید عەبدوڵڵای سەمەدی نامەیەکی بۆ «مامۆستای کورد» ناردووە و لە نامەکەیدا شیعرێکی کاک قاسمی موئەیەدزادەی ناردووە بۆ بڵاوکردنەوە. دەربارەی شاعیر و شیعرەکانیشی دەڵێ:*

«کاک قاسم مامۆستای زبانی ئینگلیسی دەبیرستانەکانی شاری سابلاغە و لاوێکی زۆر بەزەوقە و بە فارسی و کوردی شیعری هەیە. شیعرە تەنزەکانی لە سەر زاری گەورە و چوکەدا هەن. ئێستا شیعری تەنز کەمتر دەڵێ، زۆربەی شیعرەکانی عیرفان و فەلسەفەن و تا ئێستا بۆ هەوەڵ جار سێ شیعری فارسیم لێ بڵاوکروەتەوە ( بە شێوەی زیراکس و هەمووی هەشت جلد). هەرچەندە شیعرەکانی بەدەستی خەڵکەوە زۆرن، بەڵام جگە لەوەی من هیچی لێ بڵاونەکراوەتەوە. زۆر گۆشەگیر و بێ دەنگە ... هەرچی گوتوویەتی چ بە فارسی و چ بە کوردی لەلای من، هەم لەسەر شریت بە دەنگی خۆی و هەم بە نووسراوی – هەن. رای تایبەتیشی لەسەر شیعرەکانی دەربڕیوە و لەسەر شریت ئەویشم تۆمارکردووە. خوا یاربێ، لە کاتی پێویستدا کەڵکی لێ وەردەگرین. کاک قاسم بە شێوەی کۆن و نوێ لە هەردوو زماندا شیعری هەیە. ئەم شیعرەی ناوی «یارە ژیکەلانەکەم» ە، کە دەستاودەست زۆر بڵاوبۆتەوە، بەڵام هەمووی بەغەڵەت، تەنانەت کراوە بە گۆرانیش، خۆی دەڵێ هەڵەی زۆرە ... ئەوەش تەواو و راستەکەیەتی لە زاری خۆی. پێم خۆشە ئەگەر شیاوی «مامۆستای کورد» بوو، چاپی بکەن ...».

*«مامۆستای کورد» یش ئەم پارچە شیعرەی کاک قاسم، بەبێ هیچ دەسکارییەک بڵاودەکاتەوە و چاوەڕوانی بەرهەمی تریشییەتی.*

### یاره ژیکەلانەکەم

گوڵم
به هەر نیگایێ مەوجی چاوە مەستە جوانەکەت،
دەچێتە ناو دڵم!
هەر بە گوێی دڵم
گوێ دەگرمە گرفە گرفی شێعرە ئاگرینەکەت
شێعرە رێک و پێکەکەی
بەتاو و تینەکەت
هەر بە چاوی دڵ دەڕوانمە دیمەنی
ئەوینەکەت!
تۆ! ئەوینمی
رێک و پێک ترینە شێعری ئێستە هەڵنەبەستراوی ژینمی!
تۆ!
هەڵۆی خەیاڵی هەڵفڕینمی
هەر دەکەومە سەر هەوا،
بە هەڵفڕینەکەت
بە جازیبەی رەوەندی تێپەڕینەکەت.
شیعری باڵی چەندە رەنگی تاووسی خەیاڵ
بە خوێندنەوەی
سروودی مەرگی کۆرپە نازەنینەکەت
لادە لادە لادە لا
دە لەچکە تەسکە کەسکەکەت!
خۆشەویستەکەم!
عەزیزەکەم!
گەزیزەکەم!
تاقە رۆڵە جوانە مەرگەکەی بە هاریکورت
رۆڵە خۆشەویستەکەی تەلان و کێو و چەم،
تۆ هەزار ئایەتی،
لە کانیاوی پڕ لە ئاو و خیزەکەم.
لە کاتی تونیایەتی
بە چەشنی بیری بەرزەفڕ



بێ سنور و بێ نیهایەتی
تۆ قیامەتی.
دڵ ستێن و
دڵ رفێن و
خەو رەوێنمی.
تۆ! تەواو نوێنی عەشقی پاک و خەم رەوێنمی.
تۆ! پەل و نەمام راوەشێنی باخی بادە هێنمی.
تێکەڵاوی گۆشت و پێست و ئێسک و خوێنمی.
خوێنی خوێنەکەم!
هیچ وەبیرتە!؟
ئەو دەمەی کەکەوتمە جەغزی
کەسکە کەسکی
چاوە مەستە کەسکەکانی پڕ لە سێحر و جوانی تۆ؟
بوومە مەستی مەست و سێحری سێحری
چاوە مەستەکانی تۆ؟
دەستی خۆم بڕی!
دەستی خۆم بڕی
بە بەژنی باڵی شێعری ئاڵی
تەم نیشانی تۆ.
بۆیە کورتە دەستی ئەمن و
خوێن دەبارێ هەر لە هەوری
عاسمانی
مانی تۆ.

جوانە بووکەکە!
هەر هەنوکە دەمهەوێ
کە بێمە جێ ژوانی تۆ.
مەرگی کۆرپە نازەنینەکەت
لادە لادە لادە لا
دە لەچکە کەسکە تەسکەکەت!
ها ... تروسکەکەم!
جامی دڵ پڕی شەڕابی شەوقی شێعری شەوشەوە
بەو نیگایە پاکە مەندەیەت
وەسوەسەی دڵی پڕم هەلا هەلا کە،
ببیە شێعرەکەم.
ببیە شێعرەکەم
تاکو رۆشنایی خاتە هەوری دڵ
بروسکەکەت.
تا رەهابێ گوڵپەڕی خەیاڵی ناسکی
تاسکە تاسکی ئاسکی باسکی بسکەکەت.
لادە لادە لادە لا
دە لەچکە کەسکە تەسکەکەت!

# نامەی د. رەحیمی قازی

### کاک فەرهادی بەڕێزوخۆشەویستم

جاری یەکەم کە چاوم پێت کەوت، و بەداخەوە ماوەیەکی زۆر کورت بوو، بێ ئەوەی لە بیروباوەڕی سیاسیت شارەزا بم، وەک کوردیکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر هاتیە بەرچاوم و بە ئەرکی خۆت زانی لە وەڵاتێکی تری غەریبایەتی براکوردیکی غەریب بەسەر کەیەوە. پاش ناردنی نامە و دوو کتێبەکە (٨٧ – ٦ – ٣٠) و خوێندنەوە و موتاڵاکردنیان هەستم کرد کە لەگەڵ نوسەر و هونەرمەندیکی کورد بوومە ناسیاو و بەوەش دڵم زۆر خۆش بوو.
چەند رۆژ لەمەوپێش بۆ جاری دووهەم، بەداخەوە دیسانیش بۆ ماوەیەکی کورت، چاومان بەیەکتر کەوت، بەڵام ئەمەش بۆ باشتر شارەزابوون لە یەکتری کەم بوو. بەخوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و شی کردنەوەی ژمارەکانی «مامۆستای کورد» کە بە دیاری بۆت هێنابووم، دەربارەی کاک فەرهاد شاکەلی مەیدانێکی پان و بەرین و گەورەو رووناک و هەموو لایەکیم بۆ ئاواڵە کراوە. جا ئێستا پڕ بە دڵ و باوەڕەوە ئەتوانم بڵێم ئەتناسم و بەم ناسیاویەشم دڵخۆشم. ئەم دڵخۆشی‌یەشم لەبەر ئەمە نییە کە لەگەڵ تەواوی بیروڕایەکانت کە لە چەشنی نووسراوەکان‌را دەبینرێت، هاودەنگم، بەشکو لەبەر ئەمەیە ئەبینم و هەست ئەکەم لە ریگەی راست ئەگەرێی، ئەتەوێ خزمەت بکەی بەگەلەکەت و لەم دەرفەتەی کە هەتانە بەتەواوی و بەخێری گەلەکەت سوود وەربگری..
کاکە گیان، لام وایە ئەتۆ لەوانە نی کە چاوەڕێ بکەی بە تەنیا تاریفت بکەم، پێت دا هەڵبڵێم و نرخێکی گەورە بدەم بەو خزمەتەی کە بەهۆی دەرچواندنی ئەم گۆڤارە دەستو پێ کردووە. ئەمانە هەمووی لەجێی خۆیەتی و هەنگاوێکی گرنگ و پیرۆز و باشە. بەداخەوە ژمارەی یەک و دووم چاو پێ نەکەوتووە و رەنگە وەڵامی ریزە پرسیاریکی کە لە خوێندنەوە و موتاڵاکردنی ژمارەکانی ٤ و ٥ەوەدا بۆم هاتۆتە پێش، بەتایبەت لە ژمارەی یەکدا درابێتەوە، «عەلا کوللی حال» ئەوا چەند تێبینی- یەکی کە بەلای منەوە زۆر گرینگن، ئەخەمە بەر چاوت:

### دەربارەی‌نێوی‌گۆڤارەکە

«مامۆستای کورد» لە دوو رووەوە ئەکرێ مانای لێبدرێتەوە: یەکەم وەک مامۆستایەکی خوێندەواری و زانستی و فەرهەنگی کە لە رێگەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زانستی ڕا بەشەکانی جیاوازی زمان و ئەدەب و مێژووی گەلی کورد رووناک بکاتەوە. بەڵام بێ‌شک ئەبێ قورسایەتییەکەی بخاتە سەر مەسەلەی زمان و ئەدەب. تەنانەت ئەمەی کە لە لاپەڕەی یەکدا لە ژێر نێوی گۆڤارەکە نووسراوە «دەنگی بەشی کوردیی خوێندنگەی بەرزی مامۆستایان لە ستۆکهۆڵمە» بۆخۆی هەر ئەو مانایەی هەیە. بەڵام ئەگەر بە وردی بڕوانینە ناوەڕۆکی ئەم ژمارانە ئەبینین کە زۆر و یا بەتەواوی لەم ئەرکە دوورکەوتۆتەوە و ئەوەی کە لەو ناوەڕۆکانەدا وەبەرچاو ناکەوێت لێکۆڵینەوەی زانستییە دەربارەی مێژوو و زمان و ئەدەبی کوردی.. بەتایبەت ئەدەبی کلاسیکی کوردی کە زۆر جێگەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی زانستییە.
دووهەم مامۆستا (بەبێ «کورد» یەکەش») بە مانای رێگەنوێن، شارەزا لە هەموو شتێک، سەرۆک و ... جا لام وایە و لە نووسراوەکانی خۆشت ڕا دیارە نە تۆ و نەهاوکارەکانت لەم باوەڕەدا نین و «مامۆستای کورد» ئەرکێکی بەم چەشنەی وەئەستۆ نەگرتووە و لە حەلی ئەوڕۆکەی ژیان و مێژووی گەلی کورددا هیچ ریکخراوە و پارتێک و هیچ رۆژنامە و گۆڤارێک هەقی نییە و ناتوانێ داوایەکی وا بکات و یا باشتر بڵێین نەگەیشتوونە ئەو رادە و پلەیە کە داوایەکی وا بکەن.
بەکورتی، گۆڤارەکەتان گۆڤارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. جا وەرە هەر لەم هەڵوێستەوە چاوی پێدا بخشێنین.

### *دەربارەی ئامانج و ئەرکی «مامۆستای کورد»*

لەلاپەڕەی ٩١ ژمارە ٣دا نووسیوتە « ....تاکە ریزپەر، تاکە گۆڤارێ کە دژی هەموو جۆرە سانسووریکە و باوەڕی بێ سنوری بە ئازادی و دیموکراسی هەیە و سەربەخۆیە، گۆڤاری مامۆستای کوردە.» لە لاپەرە ٩٣ دا کاتێک کە باسی رۆژنامە و گۆڤاری ئازاد و سەربەخۆ و دیموکرات دەکەی نووسیوتە « بوێرن هەموو دەرگا و پەنجەرەکان بکەنەوە، بینە سەکۆ و پلاتفۆرم و تریبیۆنی هەموو رەنگە پێنووسێک و هەموو جۆرە بیروباوەڕێک ..».
بە نووسینی ئەم وێژراوانە ویستووتە ئەو ئەنجامە وەدەس بخەی کە «مامۆستای کورد» گۆڤارێکی بێ لایەنە و لەزۆر جێگە ئەم داوایە دووپاتە کراوەتەوە. بەڵام ئەگەر سەرنجی نووسراوەکان بدەین، دەبینین کە گۆڤارەکەتان لەو سنوورە زۆر وەدوور کەوتووە. بەر لە هەموو شتێک ئاواڵە کردنەوەی هەموو دەرگا و پەنجەرەکان و بوونی سەکۆ و پلاتفورم وتریبیۆنی هەموو رەنگە پێنووسێک و هەموو جۆرە بیروباوەڕێک ئانارشیستی و هەرج و مەرجە لە رۆژنامەگەریدا و ئەمە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ ئامانجی رۆژنامە و گۆڤارێک کە خزمەت بە گەل و پێکهێنانی یەکێتی و دۆستایەتی کۆمەڵانی گەلی کوردبێتە ئەرکی خۆی، یەک ناگرێتەوە. (بێ‌لایەنی) لە عالەمی سیاسەتدا مانایەکی نییە و هیچ رۆژنامە و گۆڤارێکی سیاسی ناتوانێ بێ‌لایەن بێت. بەلای منەوە لایەنی گۆڤارەکەی ئێوە، گەلی کوردە، یانی ئەتانەوێ خزمەت بە گەلی کورد بکەن، پێداویست و ئاواتەکانی گەل وەروبخەن و ... جا بابزانین تەواوی نوسراوەکانی ئەم چەند ژمارەیە وەڵامی ئەم ئەرکە ئەداتەوە؟ بێ شک نا، دیسانیش نا!!
کاکە فەرهاد، ئەتو سەرنووسەری گۆڤارەکەی و بەرپرسی لەسەر تەواوی ئەوانەی کە لەوێدا چاپ کراون.
کاتێک کە مەسەلەن ئەمن بە ئیشتیای خۆم نووسراوەیەک دەنووسم و بەحەق و یا بەناحەق نێوی زۆر کەسان ئەبەم و ئەتووش بێ ئەوەی نوقتەیەکی لێ کەم کەیەوە لە چاپی ئەدەی، بەمانای ئەمەیە، کە بە تەواوی لەگەڵ من رازیت و بیروباوەڕمان وەک یەک وایە. جا کەوایە بۆچ لە زۆر جێگا باسی یەکێتی و برایەتی و هاوکاری، لابردنی ناکۆکی و ناتەبایی لە نێوان پارت و ریکخراوە سیاسیەکانی کوردستان ئەکەی؟ لە چاپ دانی نامەکەی ئەمیری حەسەن پوور و باپیر لە ژمارەی ٤ و ٥ دا و کام سەنگەر؟!ی رزگار عەبدوڵڵا لە ژمارەی ٣ دا لەگەڵ ئەو بیروڕایە یەک ناییتەوە، لەم نووسراوانەدا ئەگەر هەندیک مەسایلی راست و دروستیش هەبێ، بەڵام سووکایەتی و تەشەر و بوختانیش بە تێکۆشەران، بە پارت و ریکخراوەکان، بە بزووتنەوەی گەلی کورد وەبەرچاو ئەکەوێ.. ئەتو لەلایەک، گفتوگۆ لەگەڵ کاک ئیدریس بارزانی لە چاپ ئەدەی، و لە زۆر جێگەی نووسراوەکانی تریش بە رێز و حورمەتەوە باسی مەلا مستەفای بارزانی ئەکەی، کەچی چەند لاپەڕە لەولاترەوە بەهۆی نامەکەی حەسەن پوور ئەوی جنێو و سووکایەتی و بوختانە تەحویلی بارزانی و کوڕەکانی ئەدەی و مێژووی خەباتی پارتی دیموکرات ئەخەیتە ژێرپێ و هەر لەوێدا هێرش ئەبەیتە سەر قاسملۆ و مام جەلال و لە لاپەڕەی چلدا بەهۆی رزگار عەبدووڵڵا (حسک) وەک حیزبێکی رێگر و دز و جەردە دەخەیە بەرچاو خوێندەوارانی گۆڤارەکەت. ئەمانە لە دژی نووسراوەکانی خۆتن، لە لاپەڕەی ٩٦ ژمارەی سێ‌دا. لەوێدا ئەتو بۆ پێک هێنانی یەکیەتی ریزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کاک مەسعوود ، مام جەلال و قاسملۆ و سامی و رەسووڵ مامەند و ... دەگێڕیەوە وەکۆبن و رێکەون، کەچی هەندیک لەولاترەوە بەخۆفرۆش و نیشتمان فرۆش و خاین بەنەتەوەی کوردیان نێو دەبەی!!؟ جا، کاکە، ئایە ئەمەیە ئازادی و دیموکراسی لە رۆژنامەگەریدا؟ ئەویش لە رۆژنامەگەری کوردیدا کە تازە خەریکە پێ هەڵگرێ لە مەیدانی سیاسەتدا!!.
بەتەواوی لەگەڵتام کە لە زۆر جێگە نووسیووتە: پێکهێنانی ریزەی یەکیەتی و هاوکاری بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد درووشمێکی هەرە بنچینەیی و کاریگەرە لە حەلی ئەمڕۆکەی خەباتی گەلی کورددا.
جا کەوا بوو بۆ بەلای تۆوە ئەو نووسراوانەی کە لە سەرەوە باسم کردن و هەندیک نووسراوە و چیرۆکی تریش کە لە «مامۆستای کورد»دا چاپت کردون، لە دژی ئەو بیروڕایەدا نین؟؟ ئایە ئەمانە بە مانای چاندنی تۆوی ناتەبایی و دووبەرەکی نییە لە ریزەی هێزەکانی خەباتگەری کورددا؟ رۆژنامە و گۆڤاری پێشکەوتووی کوردی لە حەلی ئەوڕۆدا ئەبێ هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ ئاوات و ئامانجی گەلەکەی بەرەو پێش بڕوا، ریگەی خەبات و بزوتنەوەکەی رووناک بکاتەوە، نەک ببێتە هۆی لێک دوورخستنەوە و ناتەبایی پێکهێنان و ...
ئەمن کە ئەوانەت بۆ دەنووسم بەو مانایە نییە کە بەتەواوی لە دژی ئەو وێژراوانەم کە لەو نووسراوانە ڕا وەبەرچاو خراون، نەخێر، لە تاکتیک و خەبات و بۆچوون و تێکۆشان و هەڵسووڕانی ریکخراوە و پارتەکانی کوردیدا چ لەرابوردوو و چ لە کاتی ئێستادا بەهەڵە چوون، درووست نەنواندنی دۆست و دوژمنی گەلی کورد، دروست تەشخیس نەدانی چۆنایەتی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کورد و کوردستان و ... زۆر وەبەرچاو دەکەوێت، بەڵام لە حەلێکیدا کە ئەم هێزانە لە کۆڕی خەبات دان و چاک یا خراپ بزووتنەوەی چەکدارانە بەرێوە ئەبەن، ئەمن و ئەتۆی نیشتمان پەروەر و خۆ بە خزمەتکارزانی گەلی لێقەوماوی کورد هەقمان نییە و نابێ ئەمن لە باکۆوە و یا ئەتۆ لە سوێدەوە بە هۆی نووسراوەکانی خۆمان هێرشیان بۆبەرین و بە نۆکەر و چڵکاوخۆری ئەم و ئەویان نێو بەرین. ئەوە نابێ ببێتە ئامانجی بنچینەیی ئێمە.
لێرەدا بەتایبەت ئامانجم نێوی ئەو سەرکردە و پیاوە مەزن و تێکۆشەرە بەناوبانگانەن کە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد شانازییان پێوەدەکات. نێوی رووناک و بەرز و پرشنگداری وەک شێخ مەحموود، قازی مەحەمەد و مستەفا بارزانی کە هەریەکەی بەنۆبەی خۆی دەورێکی باڵای بووە لە مێژووی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورددا، ئەوڕۆکە هاندەر و رێگەنوێنی تێکۆشەرانی گەلی کوردە و ئێمە لەسەرمانە بۆ ئەم هەستە خاوێن و بێگەردەی تێکۆشەرانی گەلی کورد حورمەت و بەرێزی قایل بین، ئیتر نابێ برینی‌گەل بکولێنینەوە و کای کۆن وەبا بدەین.
بەرێز: لە ژمارەی سێدا نووسراوەیەکی دە لاپەڕەیی کاک سەلاحوددینی موهتەدی و لە ژمارەی ٤ و ٥ دا نووسراوەیەکی ١١ لاپەڕەیی کاک ئەحمەدی شەریفیتان دەربارەی هونەرمەند و نووسەری لاوی کورد سوارەی ئیڵخانی زادە لەچاپ داوە (وا دیار دەکا لە ژمارەی یەکەمیشدا لەو باسەوە نووسراوەیەک چاپکراوە). ئەمە زۆر کاریکی باش و بەرێ و جێیە کە «مامۆستای کورد» نووسەران و هونەران و بوێژانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی کە تا ئێستا بە باشی نەناسراون، بە خەڵک ئەناسێنیت، زیندوویان دەکاتەوە و بێشک سوارە یەکێک بوو لە هونەرانی پێشکەواتووی سەردەمی خۆی و دەورێکی تایبەتی هەیە لە مێژووی ئەدەبی گەلەکەماندا. ئەمن لێرەدا لیکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەم دوو نووسراوەیەم بە ئامانجی خۆ دانەناوە، هەرچەند کە ریزە تێبینییەکم هەیە، بەتایبەت لەسەر نووسراوەکەی کاک ئەحمەد، لە سەرەتاکەیدا. کەم و کورتی هەرە بەرچاوی ئەم دوو نووسراوەیە

ئەوەیە کە بۆ نیشاندان و ناساندنی سوارە و شیکردنەوەی مامۆستایی و کارزانی وی لە هونەردا نموونەیەکی زۆر کەمیان لە خودی هەڵبەست و نووسراوەکانی سوارە وەبەرچاو خستوە.

بەلای منەوە دەربارەی شاعیر و نووسەرێک سێ نووسراوە لە چاپ دان لە سێ ژمارەدا یەک بەدوای یەک هێندە باش وەبەرچاو ناکەوێت و بەهەویام لەبەر نەبوونی نووسراوە و هەڵبەست و باسی دیکە نەبووە کە لاپەڕەکانی پێ پڕکەنەوە. نووسراوەکەی کاک سەلاح پڕ بە پێستی خۆیەتی و ئیتر ئەوەی تر پێویست نەبوو و لە زۆر جێگەش مەسەلەکان دووپات ئەکرێنەوە. جا بەقەولی فارسان « ئەی مەردی حیسابی» هەر لە ژمارەی سێ‌دا بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەند و مامۆستا و شاعیری گەورە و کلاسیکی کورد هێمنی نەمر هەر دوو لاپەڕەت ڕەش کردۆتەوە. لە حاڵێکدا بەلای منەوە ئەکرا تاقە ژمارەیەکی «مامۆستای کورد» بەتەواوی بۆ مامۆستا هێمن تەرخان بکرێت.

بەداخەوە لەو دوو لاپەڕەیەشدا چاکی بۆ نەچووی، هێمنی سیاسی و نیشتمان پەروەر و شۆڕشگێر لە هێمنی هونەرمەند و جوان پەرەست جیا ئەکەیەوە و سەد بەداخەوە کە دەڵەی شیعری جوان و سەرکەوتووی کەمن و بە هەموویەوە ئەگاتە بیست شیعرێک!! بەڕاستی لە نووسەر و پسپۆر و زانایەکی وەک جەنابت چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد و لە پاش زۆر بیرکردنەوە هاتمە سەر ئەو باوەڕە کە ڕەنگە جیاوازی بیروباوەڕی سیاسی کاریگەر بووبێ لەسەر ئەم وێژراوانەت، گەورەیی و سەربەرزی و خۆشەویستی و بەڕێزیی هێمنی نەمر لەنێو کۆمەلانی گەلی کورددا لەوەدایە کە، لەو ڕۆژەوە کە بە هۆی هۆنراوەکانییەوە هاتۆتە کۆڕی سیاسەت و ڕیزەی خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی گەلەکەی لە ڕێگا هەڵە نەبووە، چەوتی و ناخۆشی و دەربەدەری و بێ بەشی و ناساخی بیرۆباوەڕی نەگۆڕیوە، خزمەت بەگەل و ڕوونکردنەوە و نواندنی ڕێگەی خەبات و تێکۆشان، ئاوات و ئامانجی بووە و بڕوایەکی پتەو و دانەنراو و قووڵی بووە بەسەرکەوتن و دواڕۆژی سەربەخۆ و ڕزگاری گەلەکەی و نیشتمانەکەی. بەداخەوە هەر لەم سەدەیەدا شاعیر و نووسەری وامان هەیە کە زوو زوو جل و بیروباوەڕی خۆیان دەگۆڕن و بە قەولی مەشهوور «بەمەزەندەی ڕۆژ نان ئەخۆن ...» بەلام هێمن نا!! هێمن هەتا دوایین کاتی ژیانی لە هەمان کاتدا مرۆڤێکی کۆڵنەدەر و بەنێوی سیاسی و کۆمەلایەتیی گەلی کورد بووە.

شیعری کۆمەلایەتی و سیاسی و نیشتمانیی هێمن چ لە ڕووی ناوەڕۆک و چ لە ڕووی فۆڕم و شێوەوە گەیشتوەتە پلەیەکی بەرزی ئەوتۆ کە کەم شاعیری تری کورد پێی گەیشتووە، خۆ لە جوان پەرستی و پێدا هەڵگوتنی نیشتمان و نواندنی دیمەنی کوردەواریدا دەستێکی باڵای هەبوو و بەڕاستی وەستایەکی بێ هاوتا بوو. ئەوەش نابێ لەبەرچاو ون بێ کە هێمن تا چ ڕادەیەکی گەورە خەزێنەی بێ بنی زمانی کوردیٍ پەرە پێ داوە (لەلاپەرە ٤٥ ژمارەی ٤-٥ دا کاک ناسری ڕەزازی بە هەڵە چووە و نووسیویە «خەزێنە ئەو کانەئاوایە کە لە حەمامدایە ...»، نا ئەو کانەئاوە پێدەڵێن (خەزنە)).

کاکە فەرهاد! هەر لە نووسراوەکەی دەربارەی مامۆستا هێمن‌دا کێشەی نێوانی «گۆرانی کۆمۆنیست و گورانی کوردپەروەر و کێشەی نێوانی گورانی سیاسی و گۆرانی هونەرمەند» ت، هێناوەتە گۆڕێ.. بێشک ئەمەش جێگەی ڕەخنەیە. ئەگەر بڵێم سەرت لە کۆمۆنیستی دەرناچێ و لەگەڵ بیروباوەڕی کۆمۆنیستی شارەزا نیت، ئەوا بەهەڵە چووم و واش نییە. لێرەدا نامەوێ زۆری لەسەربڕۆم و فەلسەفەی کۆمۆنیستی شیبکەمەوە. هەر ئەوەندە دەڵێم: باشترین، پوختەترین، کاریگەرترین و قووڵترین هەستی نیشتمان پەروەری (کورد پەروەری) لە بیروباوەڕی کۆمۆنیستیدایە و مامۆستا گۆران هیچ کاتێک ئەمانەی لێک جیانەکردۆتەوە، هەرچەند کە سیاسەتیشی لە هونەرمەندی جوێ نەکردۆتەوە. لام وایە، ئەگەر بە وردی و قوڵی لە مەسەلەکە بڕوانی و بە چەشنێکی عەینی (ئۆبژێکتیڤ) شیبکەیەوە، کە بێشک تێتدا شک دەبەم و باوەڕم پێت هەیە، دەبینیە هاودەنگم لە سەر ئەو مەسەلەیە.

بەڕێز! بەداخەوە، لە چەند جێگەیەکی نووسراوەکاندا، بەئاشکرا و یا لەژێر پەردەدا، بێ ئەوەی لە جێی خۆ بێت و پێداویستێکی پێ‌هەبێت و بێ ئەوەی کە ویستبێتتان بیروباوەڕی دژی یەکێتی سۆڤیەت و دژی سۆسیالیزم بە تێکڕایی وەبەر چاو ئەکەوێت. ئەمانە وەک ڕەخنەیەک خرابێتە بەرچاو، بەلام ڕەخنە جێی خۆی هەیە و نابێ لە ڕاستەقینە بەدوور بێت. چەند نمومەیەک:

لە ژمارەی ٣ دا، لاپەڕەی ٩٤ نووسیوتە: «ئەو ڕووناکبیرە کوردانەی لە ولاتانی سۆسیالیستیش دەژین، بەهۆی سانسور و سیستێمی سیاسی ئەو ولاتانەوە، ئازادی ئەوەیان نییە بتوانن بە کردەوە بیروباوەڕی خۆیان دەرببڕن و کوردایەتییەکی سەربەست بکەن، چونکە ناتوانن خۆپیشاندان و سیمینار ڕێکبخەن، ناتوانن گۆڤار و ڕۆژنامەی خۆیان دەربکەن، ناتوانن لە ڕۆژنامەکانی ئەو ولاتانەدا و بەزمانی ئەو ولاتانە بنووسن و بلاویکەنەوە ...»

ئەگەر کەسێکی نەشارەزا ئەوانە بخوێنێتەوە پێی وادەبێ کە بەڕاستی ولاتەکانی سۆسیالیستی دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردن و لایەنگری نەتەوەی کورد نین. نووسینی دوور لە ڕاستەقینەیەکی بەم جۆرە تارادەیەک ئەتوانێت کاریگەربێت لە سەر بیروباوەڕی لاوە خوێنگەرم و تازە پێگەیشتووەکانمان کە ولاتانی سۆسیالیستی، بەتایبەتی یەکێتی سۆڤیەت بە پشتیوان و دۆستی گەلی کورد ئەزانن. نازانم لە چ ولاتێکی تری هەندەران بەقەد یەکێتی سۆڤیەت لەسەر زمان و ئەدەب و مێژو و چلۆنایەتی ئابووری و کۆمەلایەتی کورد و کوردستان کتێب و نامیلکەی زانستی بە زمانەکانی ڕووسی و ترکی و هەرمەنی و گورجی و کوردی ... لە چاپ دراوە، ئەگەر سیاییەکەی بنووسم ئەبێ ژمارەیەکی گۆڤارەکەتی بۆ تەرخان بکەیت.

ڕەنگە ئەگەر جەنابت، من و هاوڕێکانم بە ڕوناکبیری کورد دادەنێی، بەئەزەرتی دەگەیەنم کە، لە ساڵی ١٩٤٧وە هەتا ساڵی ١٩٦٣ پتر لە ١٣٠٠ ژمارەی ڕۆژنامەی «کوردستان» مان - بلاوکەرەوەی بیروباوەڕی حیزبی دیموکراتیی کوردستانی ئێران - لە یەکێتی سۆڤیەت بە زمانی کوردی لە لاپەڕەیەکدا بەچاپ گەیاندووە (خڕکراوەی ئەو ڕۆژنامەیە لامانە و ئەگەر پێویستت بوو



بۆتی دەنێرم).

نازانم کام ڕووناکبیری کورد و کام ڕێکخراوەی کوردی ویستوویەتی لە ولاتی سۆڤیەت گۆڤار یان ڕۆژنامەی کوردی چاپ بکات و یان خۆپیشاندان و سیمینارێک ڕێک بخات کە پێشیان پێ گرتبێت و نەیانهێشتبێت؟! شتی وا نەبووە.

کاکە، ئەتۆ لەسەر سەفەرەکەی خۆتان بۆ یەریڤان نووسیوتە: «... ئەگەر چی دەزگاکانی دەسەلاتدار نەیاندەهێشت ئێمە لە یەریڤان بچینە دەرەوە ... بەلام ئێمە کورداسایی سەربەخۆ لێمان دا و چووینە گوند و ئاوایییەکانی کوردستانی سۆڤییەت ...». براکەم، **ئەگەر ڕەزامەندی«دەزگاکانی دەسەلاتدار»نەبوایە ئێوە تاقمێکی دوانزە کەسیی ئەجنەبی چۆن دەتان توانی نێزیکەی سەد کیلۆمەتر لە یەریڤان دوور کەونەوە و بچنە نێو کوردەکان و بە کورداسایی چەند ڕۆژێک بە خۆشیی ڕابوێرن؟؟** بۆچی لەسەر هیچ و خۆڕایی بیرۆڕایەکی وا بلاوئەکەیەوە کە گوایا ناهێڵن کەس بچێ گوند و ئاوایییەکانی کوردستانی سۆڤیەت ببینێ! جابۆچی ئەبێ بیشارنەوە؟ چوون بۆ گوند و ئاوایییەکانی کورد ڤیزای تایبەتیی ناوێ.. لە کۆماری سۆسیالیستی هەرمەنستان بە هەموویەوە چەند دە هەزار کوردێک دەژی، کەچی ڕۆژنامە و ڕادیۆی هەیە، کوردەکان لە تەواوی یاساکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووری و فەرهەنگی وەک ئەندامی گەلانی تر بەشدارن. کە کۆماری هەرمەنستان لە ساڵێدا بەقەد بەڵکو گەلێک پتر لە تەواوی بەشەکانی تری کوردستان کتێب و نامیلکە بە زمانی کوردی لەچاپ دەدرێت. دەربارەی سەفەرەکەتان بۆ نێو کوردستانی سۆڤێت، دەبوایە باسی ئەوانەت کردبایە...

لە لاپەڕەی ٩٧دا باسی یەک پارتی و سیستێمی دیکتاتۆریت هێناوەتە گۆڕێ و بە مەسەلەی یەکێتی یەکگرتنی هێزەکانی سیاسی کوردستانەوەت بەستووە. لێرەشدا چاکی بۆ نەچوویو لێکدانەوەکەت هەڵەی تێدایە و ئەبوایە بە دوور و درێژی شی کەیەوە. سیستێمی یەک پارتی بە مانای بوونی ڕێوشوێنی دیکتاتۆری کۆمەڵێک، گرۆهێک وەیا دەستەیەکی بەتایبەت نییە. ئەبێ تێفکری دیکتاتۆری بەدەست کێوەیە. ئەگەر لە سیستێمی یەک پارتیدا دیکتاتۆری هی کۆمەلانی گەل بێ ئەوە چ زەرەرێکی بۆ گەل و ولات هەیە؟

بە پێچەوانە ئەمە هۆی سەوکەوتن و بەرەوپێش چوون و بالاگرتنی هەموو لایەکی ولات و ژیانی گەل لە هەموو ڕوویەکەوە پێک‌ئەهێنێ بۆ ئەوەش نموونەی ئاشکرا زۆرە.

بەڕێز، لە گۆڤارەکەتاندا ڕیزە چیرۆکێکی کورت لە چاپ دراوە. بەداخەوە گەلێکیان لە ڕووی ناوەڕۆکەوە یەکتر دووپاتە ئەکەنەوە، هێندێکیان بێ سەر و بەرەیە، خوێنەر چاکی لێ حاڵی نابێ، و لە ئامانجی نووسەر ناگا.

لەم چیرۆکانەدا پێوەندی مەسەلەکان لێک هەڵبڕدراون، دەور و کاریگەری و خۆگرتن و پێگەیشتنی قارەمانانی چیرۆک نیشان نەدراوە و تەواوی ئامانجەکان لەسەر بێ‌بەشی و زوڵم و زۆرداری ساغ بۆتەوە، لە حاڵێکدا ئەبوایە وێڕای ئەمە، خەبات و تێکۆشین بۆ لەنێوان بردنی زوڵم و زۆرداری و بێبەشی وەک مەبەستێکی ناوەندی لە چیرۆکەکاندا جێگیر کرابا..

کاکە فەرهاد، لە هەموو چاپەمەنی‌یەکدا بە تایبەتی لە چاپەمەنییەکی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەلایەتیدا، ئەبێ ئەدەب و بەڕێزی لە نووسیندا لەبەرچاو بگیردرێت و قسەو جنێوی پیس نەهێتە سەر نووسران. بەلام بەداخەوە لە چەند جێگەیەکی گۆڤارەکەتاندا ئەوەتان لەبەرچاو نەگرتووە (ئامانجم قسەو جنێوە پیسەکانی نێو هەڵبەستەکانی شێخ ڕەزایە و هەروەها هی عوبەیدی زاکانی بە زمانی ترکی ..).

نەهایەت، دێمەوە سەر قسەکانی خۆم کە لەسەرەتادا بۆم نووسیوی. هەنگاوێکی پیرۆز و باشتان هەڵهێناوەتەوە، کارێکی زۆر دژوار و سەخت بەلام نەجیب و پێویست و بەجێتان دەست پێ کردووە. بە هەویام لەو چەند تێبینییەی کە بۆم نووسیوی دڵمەند و دڵسارد نەبی و ئامانجم بەتەنیا باشتر بوون و پوختەتر بوونی گۆڤارەکەتانە.

**برات دکتۆر ڕەحیمی قازی**
**باکۆ - ئۆکتوبری ١٩٨٧**

گەر ڕەقیب نەبوایە کەی مابەینی ئێمە تێک دەچوو
کێر بەکوز داکی موفەتتین، گوو بەڕیش باوکی ڕەقیب

*«شێخ ڕەزای تاڵەبانی»*

## جاش هونەرمەندەکان چۆن بیر لە شۆڕشی کوردستان دەکەنەوە !

ئاشکرایە کە شۆڕشی رزگاریخوازانەی گەلە کەمان بە قۆناغێکی گرنگ و لە هەمان کاتدا ناسک و سەخت دا تێدەپەڕێ و گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا دوچاری چەوساندنەوە و کوشتن و بڕین هاتووە و بێ بەشە لە هەموو مافێکی مرۆڤایەتی و هاووڵاتی لە هەر یەکە لەو وڵاتانەی کە کوردستانی بەسەردا دابەش کراوە.

لە هەمان کاتدا ئیمڕۆ لە کوردستانی خوارودا گەلی کورد توشی هێرشێکی دڕندانەی توند و تیژ بووە و ڕژێمی بەعسی فاشیست بەردەوامە لە جێ بەجێ کردنی پلانی لەناو بردنی گەلەکەمان و شۆڕشە پێشکەوتوخوازەکەی، ڕژێم کەوتۆتە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و گازی ژەهراوی بۆ مەبەستی چۆڵ کردنی کوردستان لە گەلەکەی وە بەهەزار منداڵ و پیر و ئافرەتی بێ تاوانیان شەهید کردووە و هەزارەهاشیان ڕاگواستووە بۆ خوارو وە رۆژئاوای عیراق و لە بیابانە لمیەکاندا چادریان بۆ هەڵداون ...

هەر لەو کاتەی کە دوژمن ئەم پیلانانەی بەجێ دەهێنێ، کوردستانی ئازیزمان و هەموو نەتەوەی کورد دڵشاد و کامەرانن بەو تەبایی و یەکێتی یەی کە پێک هاتووە لە نێوان هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسیە بنچینەییەکانی کوردستانی خوارودا و میللەتەکەمان چاوەڕێ ی ئەو ڕۆژە دەکا کە هەموو پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستانی گەورە لە بەرەیەکی یەکگرتوودا کۆببنەوە و ڕوبەڕوی داگیرکەرانی کوردستان بوەستن.

ئێمە خوێندکارانی کوردستانیش لە دەرەوەی وڵات و هەموو کوردێکی بەشەرەف و دڵسۆز بەگەرمی یەوە پێشوازیمان لەم ڕێککەوتنانە کردووە و بە هەموو توانایەکمانەوە بەرگری لێ دەکەین و هەوڵ ئەدەین بە هاوکاری هەموو کوردێکی نیشتیمان پەروەر پاڵپشت و لایەنگر بۆ مەسەلەی ڕەوای گەلەکەمان پەیدا بکەین، وە ئەم کارە پیرۆزە بەلای ئێمەوە بەئەرکی سەرشانی خۆمانی نازانین و بەس، بەڵکو هەموو کوردێک پێویستە لە لای خۆیەوە بە هەر شێوەیەک بێت هاوکاری بکات لە کۆمەک و یارمەتی کۆکردنەوە بۆ لێ قەوماوانی کوردستان وە گەیاندنی دەنگی کپ کراوی شۆڕش و گەلە چەوساوەکەمان بە هەموو گەلانی جیهان و ڕونکردنەوەی ڕوی ڕاستەقینەی خەباتی گەلەکەمان بۆیان.

ئەوەی جێی سەرنج و سەرسوڕمانە ئالەم کاتە ناسکەی خەباتدا و لەم کاتی تەبایی و یەکێتی یەدا کۆمەڵێکی بەرەڵاو بێ مەسئولیەت یاخو دەرکراو لە ڕێکخراوە کوردستانییەکان بە ناوی تیپی شانۆی ئاراراتەوە کە لە ڕاستیدا دەبوایە ناویان تیپی شانۆی (بعث) بوایە گونجاوتر دەبوو لە گەڵ بەرهەمە ناهونەری و جاشایەتییەکەیاندا

کە لە ڕۆژانی ٢٢-٢٣-٢٤/ ١٩٨٧/٨/ لە ستۆکهۆڵم نواندیان و کاکی بەرەڵای دەرهێنەر و ئامادەکەری شانۆگەرێکە «فاضل جاف» تێکۆشان و هەوڵی چەند ساڵەی پێشوی بۆ دژایەتی کردنی شۆڕشی کوردستان لەو بەرهەمە خۆفرۆشانەدا کۆکردەوە و بۆ کوردانی ئاوارەی دەرخست کە چڵکاوخۆری ڕژێمن و لە خزمەتی جێ بەجێ کردنی پیلانەکانی ئەوانن ... کاکی بەرەڵای دەرهێنەر لە بیری کردووە کە مامۆستای شانۆی جیهانی (بریخت) دەفەرموێ: «شانۆ قوتابخانەی گەلە» نە قوتابخانەی فێرکردنی جاشایەتی و گاڵتەکردن بە گیانی شەهیدان و پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کە ڕۆژانە دەیان قارەمانێتی بۆ گەلەکەمان تۆماردەکەن و بە پێڵاوەکانیان سەری هەزارەها خۆفرۆشی وەکو ئەو دەشێلن. ئێمە لە کوردە ئاوارەکانی ئەم وڵاتە پرسیار دەکەین کە ئەو بەرهەمە لە خزمەتی کێدا بوو وە مەبەستی نواندنی ئالەم کاتی ئاشتی و برایەتییەدا چی یە؟. بەلای ئێمەوە هیچ گومانی تێدا نی یە کە دەستێکی دوژمنانی گەلەکەمانی تێدایە و دەیانەوێ دوبەرەکی و ناکۆکی بخەنە ڕیزەکانمانەوە و دورمان بخەنەوە لە خەباتی ڕاستەقینە و سەرەکیمان. بۆیە بە پێویستمان زانی وەکو کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات - لقی سوید هەموو کوردێکی ئاوارە ئاگادار بکەین لەو خۆفرۆشانە و بەهیچ شێوەیەک هاوکاریان لە گەڵدا نەکرێت تا پەشیمانی لەو کارە ناڕەوایەیان پیشان نەدەن.

ئێتر بۆ پێشەوە بەرەو زیاتر یەکێتی و تەبایی و ڕیسواکردنی هەموو خائین و خۆفرۆشێک.

- بژی خەباتی گەلە چەوساوەکەمان بۆ مافی چارەنوس.
- بژی یەکێتی ریزەکانی گەل.
- مردن و سەرشۆڕی بۆ خۆفرۆشان و جاش هونەرمەندەکان.

AKSA
کۆمەڵەی خوێنکارانی کوردستان
لە دەرەوەی وڵات - لقی سوید
ئەیلولی / ١٩٨٧



# هونەر و حیزب

### لەبەر ڕۆشنایی ژیڤاگۆ و گێژەندا

**رزگار عەبدوڵلا**

هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەری هۆی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ لەدایک بوونیان. هیچ هونەرێک نییە هەر لە خۆڕا لەدایک بووبێت، بێ ئەوەی هۆی فیکری، یان ئێستاتیکی نەبووبێتە هۆی ئەم لەدایک بوونەی. ئەمەش بوونی ئەو پەیوەندییە میکانیکیەی هونەر و کۆمەڵگا دەگەیەنێ کە تیایدا هەردووکیان یارمەتیی گەشە و پێشکەوتنی یەکتری دەدەن. بەڵام لە مێژووی مرۆڤدا هەمیشە ئایین تەگەرەی سەخت و هێزی ترسناک بووە لە مانەوەی ئەم پەیوەندییەدا. دوا بەدوای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سیاسیش، ئەوسا ئایین و حیزب بەردەوام لەگەڵ ئەدەب و هونەر لەم کێشەیەدا بوونە، لەوەی بۆ بەهێزکردن و گەشەی ئایدیۆلۆژی خۆیان ئەم پەیوەندییە میکانیکییەی هوونەر بەخۆیانەوە وا بەستە بکەن. ئەنتیکی گریک و ڕێنیسانس و فەرەنسای چەرخی هەژدە، سێ قۆناغی پڕ لە کارەساتی، تاقیکردنەوە و کێشەی سەختی فەلسەفە و ئەدەب و هونەرە لەگەڵ ئایین و حیزب و دەوڵەت لە مێژووی مرۆڤدا. لە سەرەتاکانی چەرخی چواردەدا چەند زمانەوانێکی گریکی هاتنە ئیتالیا و لەوێ بەرهەمەکانی ئەفلاتوون و ئەریستۆ تێلیسیان کرد بە ئیتالی و لەو سەردەمەدا لەسەر دەستی چەند فەیلەسووف و هونەرمەندێکی ئیتالی ڕێبازی ئەفلاتوونیزمی نوێ درووست بوو.(١)

مایکل ئەنجیلۆی شاعیر و هونەرمەند یە کێک بووە لە لایەنگرانی ئەم ڕێبازە. لەو سەردەمەدا گەشەی هەر ڕێبازێکی فەلسەفە و ئەدەب و هونەر لاوازکردنی دەوڵەتی دەگەیاند. دیارە لەو سەردەمەدا بەهۆی گەشەی پەیوەندیی بازرگانی وڵاتانی ئەورووپا بە یەکترییەوە بزووتنەوەی سیاسی و ئاینییش لەسەردەمەکانی پێشووی بەدەستەڵاتتر و زیاتریش گەشەی کردبوو. لە هەر وڵاتێکی ئەورووپادا زۆر حیزب و گرووپی سیاسی هاوکار لەگەڵ پیاوە ئاینییەکان وڵاتیان بەڕێوە دەبرد.

ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی کە دژ بە کڵێسە و سیاسەتی چەوسێنەرانەی حیزبەکان، چالاکی ئەدەبی و هونەرییان هەبوو، کەوتنە بەر پەلاماردانی کڵێسە و حیزبەکان. ئەگەر چی ئەم حیزبانە ڕووانینی سیاسی جیا لە یەکترییان هەبووە و زۆر جاریش تووشی شەڕ و هێرشکردنە سەر یەکتری هاتوون. بەڵام لەمەڕ ئەو نووسەر و هونەرمەندانەی کە دژ بە سیاسەتی چەوسێنەرانەی ئەوان کاریان دەکرد، ئەوە بۆ لەناوبردن و کپ کردنی دەنگی ناڕەزاییان، ڕەفتار و هەڵوێستی وەک یەکییان هەبووە. کڵێسە و حیزبە دەست ڕۆکانی ئەوسای فلۆرانسا چییان بە دانتی ١٣٢١ - ١٢٥٦ نەکرد!؟.

ئیسلامەکانیش لەو بڕوایەدان کە هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی مرۆڤ دەبێ لەپێناو پەرەسەندنی بیری ئیسلامیدا بێ.

ساڵی ١٩٢٨ لیژنەی مەرکەزیی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤییەتیش ڕایگەیاند (کە ئەدەب دەبێ لەبەرژەوەندی حیزبدا بێ)(٢) ئەم بیرکردنەوەیەی ئیسلامەکان و کۆمۆنیستەکانیش لەوە بەولاوە شتێکی تر ناگەیەنی کە هەردووکیان بە دوو چاوی جیا و لەیەک چوارچێوەدا ئەدەب و هونەر دەبینن. بەباوەڕی ئەوان هەر ئەدەب و هونەرێک لە بەرژەوەندی بیری سیاسی ئەواندا نەبێ، ئەدەب و هونەرێکی ناڕەسەنە و نابێ ڕێگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بدرێ. زیندووترین نموونەی ئەم بۆچوونە لە ئەدەبی رووسیدا تاقیکردنەوەکانی ڕۆمانی (دکتۆر ژیڤاگۆ)ی بووریس پاسترناکە ١٨٩٠ - ١٩٦٠. یەکێک لەم نموونەیەش لە هونەری کوردیدا تاقیکردنەوەکانی شانۆگەری «گێژەن»(٣) ی فاضل جافە.

پاڵەوانی ڕۆمانەکەی پاسترناک «یوریی ژیڤاگۆ» ی شاعیر و دکتۆرە. لەو رووناکبیرانەیە کە لایەنگری شۆڕشی ئۆکتۆبەرە. بەڵام جەنگ و برسییەتی و گێرەشێوێنیی سیاسەتی وڵات، خەریکە ژیان لە مرۆڤ

دەکات بە دۆزەخ. ژیڤاگۆ بۆ ئەوەی بە ئارامی و دوور لەو واقیعە تاڵە سەپێنراوە، دوور لەو سیاسەتە چەوتەی کۆمۆنیستەکان بژی، لەگەڵ ژن و منداڵەکەی بۆ چیایەکانی «ئۆراڵ» سەر هەڵدەگرێ. لەوێش دەوڵەت ناچاری دەکا لەگەڵ جەنگاوەرانی سووری بەرگری میللی هاوکاری بکا. ژیڤاگۆ باوەڕی بە حیزب و دەوڵەت نییە و دەیەوێ ئازاد بژی. لە ئەنجامدا کۆمۆنیستەکان ژن و منداڵەکانی لە «ئۆراڵ» دەردەکەن و ژیڤاگۆ بە تەنیا دەمێنێتەوە. ئەم تەنیایەی زۆر بێزاری دەکا. دوای ماوەیەک وەک مرۆڤێکی پەککەوتەی داڕزاو دەگەڕێتەوە مۆسکۆ و لەپڕ لەسەر شۆستەی شەقامێکدا دڵی دەوەستێ و دەمرێ.

ئەوەی کە پاڵەوانی ئەم ڕۆمانەی پاسترناک لە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی تری هاوچەرخی خۆی جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە بووەتە قوربانی سیاسەتی کۆمۆنیستەکان لەو هەلاو فەوزا سیاسیەیان، نەک داهێنەر و دروستکەری مێژوو. لە ساڵی ١٩٥٦ پاسترناک بەمەبەستی بڵاوکردنەوە (دکتۆر ژیڤاگۆ)ی بۆ گۆڤاری «نۆڤەی میر» نارد[٤]. بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و یەکێتی نووسەرانی ئەو کاتەش داردەست و دائیرەی دەوڵەتی بوون و ڕاستەوخۆ لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە بەڕێوە دەبران، بۆیە دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە لەگەڵ نامەیەکی دوور و درێژ ڕۆمانەکەیان بۆ پاسترناک ناردەوە. لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٧ دا ڕۆمانەکە لە شاری میلانۆی ئیتالیادا لە ژێر چاپدا بوو، کە دام و دەزگا دەوڵەتییەکانی سۆڤیەتی هەوڵی زۆریاندا لەگەڵ چاپخانەکە ڕێککەون و دکتۆر ژیڤاگۆ چاپ نەکرێ، بەڵام هەموو هەوڵ تەقەلایەکیان بێ ئەنجام بوو. کە ڕۆمانەکەش بڵاوکرایەوە، ڕەخنەگر و ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی جیهان بە شاکارێکی ئەدەبی بەرزیان ناوبرد. کەچی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی سۆڤییەت هەر باسیشیان نەکرد. نزیکەی ساڵێک دوای بڵاوبوونەوەی، واتە ساڵی ١٩٥٨، ئەکادیمیای سوێدی بڕیاری دا خەلاتی «نۆبڵ» بە پاسترناک بدات. بە بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم بڕیارە، دەوڵەتی سۆڤیەتی و هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ناڕەزاییان دەربڕی و وتاری پڕ لە جنێو و هەڕەشەیان لەسەر پاسترناک دەنووسی.

سەیر لەوەدا بوو جگە لە ئەندامانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری «نۆڤەی میر» و چەند دۆست و برادەرێکی پاسترناک نەبێ کەسێکی تر دکتۆر ژیڤاگۆی نەخوێندبۆوە. کەچی لە ١٠/٢٥/ ١٩٥٨دا ڕۆژنامەی «لیتراتوور نەیاگازیتا»[٥] نووسی ( پاسترناک شەرم و ڕووڕەشیی هەڵبژارد. پاسترناک لۆمەی وڵاتی ئێمەی کردووە و لە مێژ ساڵیشە لە بیری چووە مرۆڤ چۆن ڕاستی دەڵێ). ڕۆژنامەکان نامەی خەڵکیان بڵاودەکردەوە کە لەسەر پاسترناک دەنووسران، لە نامەیەکدا نووسرابوو:

من بەرهەمەکانی ئەو گەمژەیەم نەخوێندۆتەوە، بەڵام داوادەکەم لە سۆڤیەت دەربکرێ.

وەک وتمان یەکێتی نووسەرانیش دایرەیەکی دەوڵەتی و داردەستی کۆمۆنیستەکان بوو. ئەوەبوو ئەوانیش «پاسترناک» یان لە یەکێتی نووسەرانی سۆڤیەت دەرکرد و ناوی نووسەری سۆڤیەتیان لێ سەندەوە. ئنجا ڕاپۆرتێکی پۆلیسیانەشیان بۆ لیژنەی مەرکەزیی پارتی کۆمۆنیست نووسی. لە ڕاپۆرتەکەدا نووسیبوویان:

هاونیشتمانیی سۆڤیەتی لە « پاسترناک» ی خائین وەربگرنەوە، چونکە ئەو گەل و نیشتمانەکەی فرۆشتووە.[٦]

یەکێتی لاوانی کۆمۆنیستیش لە مۆسکۆ و زۆربەی شارەکانی تر کۆڕیان چێدە کرد و مل هوڕانە پاسترناکیان بە خۆفرۆش و دوژمنی گەل و وڵات ناودەبرد. سەرۆکی ئەم یەکێتییە لە ١٩٥٨/١٠/٢٩دا نامەیەکی بۆ لیژنەی مەرکەزی پارتی کۆمۆنیست نووسی، لە نامەکەیدا داوای دوورخستنەوەی پاسترناکی دەکرد. چەند ڕۆژێ دوای ئەمە، «پاسترناک» خۆی نامەیەکی بۆ خرۆشۆف نووسی، لە نامەکەیدا نووسیبووی:

«دوورخستنەوە بۆ من وەک مردن وایە، داواکارم چارەنووسی وام تووش نەبێت.

هەرچۆنێک بوو «پاسترناک» لە موسکۆ دوور نەخرایەوە. خۆ ئەگەر خەلاتی نۆبلی پێش ساڵی ١٩٥٣ درابوایی[٧]، ئەوە لەوانەبوو لە ناوەڕاستی گۆڕەپانی سوور لەسێدارەیان دابا. ئەگەر یەکێتی نووسەرانی سۆڤیەت و



یەکێتی لاوانی کۆمۆنیستیش و .. هتد، «پاسترناک» یان بە خایەن و دوژمن بە گەل و نیشتمان ناونەبردایە و ئەگەر ئازادی نووسین و ڕادەربڕین هەبوایە، ئەوا بێ گومان «پاسترناک» ئامادە نەدەبوو نامە بۆ خرۆشۆف بنووسێ و داوای دوورنەخستنەوەی خۆی لێ بکات.

کە لە ١٩٦٠/٥/٣٠ «پاسترناک» مرد، گۆڤار و ڕۆژنامەکانی سۆڤیەت لەم مردنەی بێدەنگ بوون و دێڕێکیشیان لەسەری نەنووسی. جگە لەچەند دۆست و برادەرێک خۆیشی نەبێ، کەسێکی تر بەشداری ناشتنی ئەم نووسەرە گەورەیەی نەکرد.

ئەم تاقیکردنەوەیەی «پاسترناک» کێشەیەکی تازەی نێوان ئەدەب و حیزب نەبوو. وەک لەسەرەوە باسمان کرد ئەنتیکی گریک و ڕێنیسانس و فەرەنسای چەرخی هەژدە سەرەتای دروست بوونی ئەم کێشەیەیە. بوونی ئەم کێشەیە لە هەر کۆمەڵگایەکدا، دواکەوتوویی بیری سیاسی حیزبەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەگەیەنێ. ئەدەب و هونەریش ئەگەر ڕاستگۆ و بوێر بن، ڕۆڵێکی چالاکیان دەبێ لە پێشکەوتنی ئەم بیرە سیاسیە دواکەوتووەدا، دوای ئەوەی سی ساڵ بڵاوکردنەوە و خوێندنەوەی «دکتۆر ژیڤاگۆ» لە سۆڤیەتدا قەدەغە بوو. ئێستا دەوڵەتی سۆڤییەتی ڕەخنە لە هەڵوێستی ڕابووردووی خۆی دەگرێ و ڕێگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی «دکتۆر ژیڤاگۆ» دەدا. تاقیکردنەوەکانی ڕۆمانی «دکتۆر ژیڤاگۆ» سنووری بیرکردنەوەی کۆمۆنیستەکانی کێشا. وەک ئەوەی کە تاقیکردنەوەکانی شانۆگەری «گێژەن»یش سنووری بیرکردنەوەی حیزبەکانی کوردستانی کێشا، ژیڤاگۆ و گێژەن ئەوە دەسەلمێنن کە کۆمۆنیستەکانی ئەو سەردەم و حیزبەکانی ئێستای کوردستان دواکەوتوون. چونکە هونەریان بۆ گەشەی بیری سیاسی خۆیان دەوێ، نەک بۆ پێشکەوتنی بیری گەل. بەڵام ئاڵۆزییەکە لێرەدایە کە حیزبەکانی کوردستان پێشکەوتنی بیری گەل لە پێشکەوتنی بیری سیاسی خۆیاندا دەبینن، نەک پێچەوانەکەی. بۆیە هەر هونەرمەندێک دژ بە بیری سیاسی ئەوان بێ، ئەوە ئەوان دژ بە بیر و پێشکەوتنی گەلیشی دەزانن. ئەمەش بۆچوونێکی چەوتی هیتلەر بوو، کە پێی وابوو: هەر کەسێک دژ بە ئەوان بێ، دژ بە هەموو ئەڵمانییەکانە و دەبێ هەوڵی لەناوبردنی بدرێ.

ئەو نووسینەی کە «ی.ن.ک.» دژ بە شانۆگەری گێژەن و دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی بە ئەکسای نووسی، بەتەواوی وەک هەڕەشە و جنێوی منداڵانەی یەکێتی لاوانی کۆمۆنیست و ڕۆژنامەکانی ئەوسای سۆڤیەتە دژ بە «پاسترناک». بۆیە شانۆگەری گێژەنیش وەک تاقیکردنەوەیەکی زیندوو لە مێژووی شانۆی کوردیدا جێگەی باس و ڕێزلێنانە. شانۆگەرییەکە باسی سێ مرۆڤی ناو کەشتییەکی لەکارکەوتووی ناو دەریایەک دەکات، چەند ڕۆژێکە هیچیان نەخواردووە و برسێتی زۆری بۆ هێناون. مرۆڤە قەڵەو و درێژەکە هەوڵ دەدەن بچووکەکە بخۆن، ئەمیش خۆی بەدەستەوە نادات. لە کۆتایی شانۆگەرییەکەشدا خۆی بەئاودا دەدا و لەدەستی ئەوان ڕزگاری دەبێ.

«پاسترناک» لە کۆتایی ڕۆمانەکەیدا ژیڤاگۆ لەسەر شۆستەی شەقامێکی مۆسکۆ دەمرێنێ، بۆ ئەوەی بەم مردنەی ژیڤاگۆ ئەوە نیشان بدا کە لەو سەردەمەدا مرۆڤ وەک ئامێری جەنگی سەیرکراوە. ئەوەی دژ بە جەنگ و سیاسەتی کۆمۆنیستەکان بووبێ چارەنووسی ناهەموارتریان تووش کردووە. بەڵام لە شانۆگەری گێژەندا مرۆڤە بچووکەکە کە ئیشارەتە بۆ گەل، خۆی لەدەست دەسەڵاتدارە سیاسییەکان ڕزگار دەکا. بەمە گەل چارەنووسی نادیار هەڵدەبژێرێ، بەڵام لە هەوڵ و تێکۆشان ناکەوێ، «فاضل جاف» یش دەیتوانی وەک «پاسترناک» مرۆڤە بچووکەکە بکاتە چەند ژەمە خواردنێکی قەڵەو و درێژەکە و پاڵەوانەکەی بمرێنێ. بەڵام ئەو ویستوویەتی مرۆڤە بچووکەکە کە ئیشارەتە بۆ گەل لە ژێر ڕکێفی سیاسییەکان ڕزگار بکا.

ئەو نەهاتووە خەبات بە پاڵەوانی شانۆگەرییەکەی بکا، دژ بە دەستەڵاتدارە سیاسیەکان، چونکە هەڵە و لادانی ئەو حیزبانە برینێکی کیمیایی تەشەنەکردووی بێ چارەیە، ئەم خۆدەربازکردنەی مرۆڤە بچووکەکە توانەوەی دەستەڵاتدارە سیاسیەکان دەگەیەنێ. چونکە حیزب بێ گەل تەنیا مۆرێکی سووری ئەستێرەداری سەر کاغەز دەبێ و هیچی تر.

گێژەن تاقیکردنەوە و بزووتنەوەیەکی فیکریی نوێیە، لە هونەری کوردیدا. ڕەنگە پێشتر شانۆگەری وەها پیشاندرابێ، کە وردە ڕەخنە و پلاری لە دەستەڵاتدارە

سیاسیەکان گرتبێ، بەڵام هیچ شانۆگەرییەکی کوردی وەک شانۆگەری گێژەن راستەوخۆ و بێ ترس ئەم نیشانەیەی نەپێکاوە، ئەمەش ئەم هەڵوێستە هونەری و فیکرییە نوێیەیە کە ئەرکی نوێتر دەدا بە هونەر و مرۆڤ، وەک ئامێری جەنگی و کارخانەکان نابینێ، هەر کەسێک بێت و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی بەکاریان بهێنێ. گێژەن ئەو ئایدۆلۆژیەتە بێگەردەیە کە جەماوەر هۆشیار دەکاتەوە و یارمەتییان دەدا لە گۆڕان و چونە ناو قۆناخێکی تری خەباتیانەوە. ئەو قۆناخی خەباتەی کە ئیتر گەل لە هەڵە و لادانی دەستەڵاتدارە سیاسیەکان بێدەنگ نەبێ. شانۆگەری گێژەن و رۆمانی دکتۆر ژیڤاگۆ ئەو راستییەمان بۆ روون دەکەنەوە کە پێویست نییە ئەدەب و هونەر شۆرشگێڕ بن، بۆ ئەوەی ئەدەب و هونەرێکی ریالیست بن، دەکرێ دژ بە شۆڕشیش بن و ریالیستیش بن.

پێم وا نییە جگە لە کۆمۆنیستەکانی ئەو سەردەم و حیزبەکانی ئێستای کوردستان کەسێکی تر هەبێ نکوولی لەوە بکا کە دکتۆر ژیڤاگۆ و گێژەن دوو بەرهەمی ئەدەبی و هونەری ریالیستن لە ناوەڕۆکدا و هەریەکەی باسی واقیعی رەش و نالەباری کۆمەڵگەیەک دەکا لە دوو سەردەمی جیادا.

مەبەستی «پاسترناک و فاضل جاف» یش سپی کردنی ئەم واقیعە رەشە بووە. کۆمۆنیستەکان «دکتۆر ژیڤاگۆ» یان بە بەرهەمێکی ئەدەبی ناڕەسەن و دژ بە گەل و وڵات ناودەبرد و حیزبەکانی کوردستانیش شانۆگەری گێژەن بە بەرهەمێکی هونەری ناڕەسەنی «دژ بە شۆڕشی کوردستان»(٨) ناودەبەن.

ئەوان وابیر لە ئەدەب و هونەری رەخنەگر دەکەنەوە، ئەم بیرکردنەوەشیان زگماکە و سنووری بیری دواکەوتوویی بیری سیاسییان دەکێشێ:

کێشەی ئەدەب و هونەری کوردی لەگەڵ رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان لەزۆر شتدایە. یەکێک لەوانە ئەوەیە، کە ئەوان شارەزاییان لە ئەدەب و هونەر نییە و دەیانەوێ رێگەشیان نیشان بدەن. ئەمەش وەک ئەوە وایە کە کوێرێک رێگا بە چاوساخێک نیشان بدا. بەڵام پێچەوانەی ئەم مەسەلەیە مانەوە و بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییە میکانیکییەی هونەرە بە کۆمەڵگاوە.

## پەراوێزەکان

1- GOTZ POCHAT. ESTETIK OCH KONSTTEORI - 1981. DEL 1. S.137.

2- TERRY EAGLETON. MAKSIXM OCH LITTERATUR - 1976. S.42.

٣- شانۆگەری گێژەن، نووسینی نووسەری پۆلۆنی مرۆژێک. کە هونەرمەند فاضل جاف ئامادەکار و دەرهێنەری شانۆیی بوو، لە ٢٢- ١٩٨٧/٩/٢٤ لە ستۆکهۆڵم و لە ١٩٨٧/١٠/١١ دوو جار لە شاری ئوپسالا پێشکەش کرا.

4-LARS ERIK BLOMKVIST - RYSK LITTERATUR EFTER STALIN. 1981. S. 56.

٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو. لاپەڕە ٥٧.

6- INGEMAR HEDENIUS - LIVETS MEN ING. 1961 S. 62.

٧- مەبەست پێش مردنی ستالین .

٨- بەیاننامە، یان راستتر جوێننامەی ئەکسا دژ بە شانۆگەری گێژەن – ئەیلوولی ١٩٨٧ .



# دۆزی کورد و هەڵوێستی شوورەوی

**کوردۆعەلی: سڕینەوەی چەند پەڵەیەک بە تەوێڵی راستییەوە.**
**بنکەی چاپەمەنیی ئازاد (سوید) – ١٩٨٧**

بایەخی کتێبەکەی کاک کوردۆ عەلی، بەلای منەوە، لە دوو خاڵدا کۆ دەکرێتەوە:

١– کردنەوەی لێدوانێک لە بابەت پەیوەندیی نێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد (وەک نموونەی گەلێکی چەوساوە و بندەست) لە لایەک و یەکێتی کۆمارە سۆسیالستەکانی سۆڤیەت و دەست و پێوەندەکانیان (کە دەکاتە پارتە کۆمونیستەکانی سەر بە شوورەوی) لە لایێکی کەوە و،

٢– بەرپەرچدانەوە و ریسواکردنی هەڵوێستی شوورەوەی و کۆمونیستەکانی دەست و پێوەندی، بە هەڵبژاردنی نموونەی رەوتار و هەڵوێست و بیرکردنەوەی کەسانێکی دەسندەخۆر کە نەخشی بەربووکی کردنیان پێ سپێردراوە.

کە دەڵێم بایەخی کتێبەکە لەو دوو خاڵەدایە مەبەستم ئەوە نییە نووسەر لە هەردوو لایەنەکەدا ئامانجی پێکاوە، ئەمەیان دەشێ قسەی لێوە بکرێ، بەڵکو تەنها باسی شێوەی لێدوانەکە و تەکنیکی بەڵگە و بەڵگەکاری و شیکردنەوەکانی دەکەم.

یەکێک لەو باسانەی لەناو خوێندەوارانی کورددا بە دەگمەن باس دەکرێ و نووسەران زۆر بە ترس و پارێزەوە بۆی دەچن، باسی مارکسیزم و یەکێتی سۆڤێتە.

ئەم ترس و پارێزە هەرگیز لەبەر پتەوی و راست و رەوایی بیری مارکسیزم یا هەڵوێستی شوورەوەی نییە، بەڵکو ئەنجامی ئەو بیرکردنەوە سیاسییە / حیزبییە تەسک و ساکارەیە کە بە ناهەق بەناو خەڵکدا بڵاوکراوەتەوە و وایان تێگەیاندوون کە سۆڤیەت دۆستی کوردە و نابێ قسەی پێبگوترێ، مەبادا دڵی گەرد بگرێ و لێمان زویر بێت و بەوەش نانمان ببڕێت. ئەم دیاردەیە ئەگەرچی لە سەرەتای سالانی چلەوە کەم تا زۆرێک بۆتە باو، بەڵام بەتایبەت لەم ١٠ – ١٢ ساڵەی دواییدا تەشەنەی کردووە. دیارە لە هەموو پارچەکانی کوردستانیشدا وەک یەک نەکەوتۆتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە سەردەمی جیاوازدا و لە لایەن خەڵکی جیاوارەوە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە پەرچ دراوەتەوە و هەوڵی پووچاندنەوەی دراوە. ئەم بۆچوون و هەوڵدانە لە رووی ناوەڕۆک و کاریگەرییانەوە دەکرێن بەسێ بەشەوە. لە خوارەوە یەک بە یەکیان دەخەینە بەر سەرنجی نرخاندنی رەخنەگرانەوە:

## ١– بۆچوونێکی رووتی سیاسی:

کەسانێ کە لەم چوارچێوەیەدا شتیان نووسیوە، تەنها بە لۆژیک (منطق) ی رێکخراوە سیاسییەکانی خۆیانەوە هاتوونەتە پێشەوە و بەڵگەکانیان سیاسی و حیزبی بوون، ئەمانەش دوو بەشن:

**ئەلف:** پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لە دوو کاتی جیاوازدا هێرشی توند و تیژی سیاسیی کردۆتە سەر حیزبی شیوعیی عیراقی بە هیوای ریشەکێشکردنی بیروباوەڕیان لە کۆمەڵگەی کوردستانی عیراق؛ جاری یەکەم سالانی ١٩٥٩-١٩٦٢ و جاری دووەم ١٩٧٣-١٩٧٥. ئەم هێرش بردنە ئەگەرچی سیاسی بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی بناخەیەکی ئایدۆلۆژی و کوردانەی نەبووە و لە سنووری تاکتیکی رۆژانە نەچۆتە دەرەوە، هەروەکو دروشمی رووتی سیاسی وەرگیراوە. لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجی سیاسیدا دەم و دووی پارتیش گۆڕاوە. هەروەها حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش سالانی ١٩٨٠-١٩٨٢ کەوتە ئیفشاکردنی حیزبی توودە و دەست و پێوەندەکانی توودە لە ناو خودی حیزبی دیموکراتدا. پاشان ئەو هێرشە کەم کرایەوە و راگیرا.

**بێ:** ماویستەکانی کوردستانی عیراق و ئێران لە سەرەتای پەیدابوونیانەوە و تا چەند ساڵ بە رێکوپێکی و بە شێوەیەکی سیاسی دژی شوورەوی و دەست و پێوەندەکانی لە ناوچەکەدا وەستان. سەرەتا لە ساڵی ١٩٦٨ ەوە ئەو باڵەی پ.د.ک. کە بە باڵی برایم ئەحمەد

/ جەلال تاڵەبانی ناسراوە ئەم ڕێبازەیان دەست پێکرد. لەوەو پاش کۆمەڵەی مارکسی - لێنینی کوردستانی عیراق (پاشان بوو بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی عیراق) و کوردەکانی ناو سەرکردایەتیی مەرکەزیی حیزبی شیوعیی عیراقی و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە سەری ڕۆیشتن. ئەمانە تەنیا دژی شوورەوی بوون و خۆیان بە پەیڕەوی مارکسیزم دادەنا، لەبەر ئەوە بە شوورەوی و کەسانی سەر بە شوورەوییان دەگوت ڕیڤیژیۆنیزم و ڕیڤیژیۆنیست. لە ڕووی سیاسییەوە ئەمانە زیاتر نێزیکی چینی ماو تسە دۆنگ و ئەڵبانیای ئەنوار خۆجە بوون و پشتیان بەوە قایم بوو کە ئەوانە نموونەی ڕاستی مارکسیزمن، بەڵام دوای مردنی ماو و ئەو گۆڕانانەی لە سیاسەتی چیندا ڕووی دا ئەمانیش بەخۆیاندا چوونەوە و زۆربەیان هەر لەسەر ئەو بیرە لاچوون. بیروباوەڕی ماویزم ئەمڕۆ لە کوردستاندا ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەماوە.

۲- بۆچوونێکی کوردانەی سادە و سافیلکە: نموونەی هەرە دیاری ئەم بۆچوونە شاعیری گەورەی کورد هەژاری موکریانییە، کە لە کۆمەڵێ شیعر و پەخشانی خۆیدا شوورەوی و حیزبی شیوعیی عیراقی ڕیسوا کردووە. بیرەکانی هەژار لە ئەزموونێکی تاڵ و تفت و هەڵسوکەوتێکی درێژخایەنەوە هەڵدەقوڵێن. ئەو ڕەخنەیەی دەکرێ لەم بۆچوونە بگیردرێت ئەوەیە هەمیشە بە شێوەیەکی سادە پێش خراوە و هەرگیز نەیتوانیوە بگاتە پلەی باس و لێکۆڵینەوەیەکی زانستی. بێجگە لە هەژار کەسانی دیکەش بۆچوونی وایان هەبووە.

## ۳-بۆچوونێکی کوردانەی زانستی:

هەندێ نووسەر و زانای کورد هەر لە سەرەتاوە شێوەیەکی دیکەیان بۆ بەرپەچدانەوەی مارکسیزم هەڵبژارد. لە لایەکەوە بە ڕیسواکردنی هەڵوێست و پراکتیکی کۆمۆنیستەکان، چ سۆڤێتی و چ هی ناوچەکە، بە تایبەتی بەرانبەر مەسەلەی نەتەوایەتی (ی کورد)، و لە لایەکی دیکەشەوە بە لێدان و هەڵوەشاندنەوە و پووچاندنەوەی بناخە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانی مارکسیزم بە بەڵگەی زانستی و لۆژیکی. مامۆستا **جەمال نەبەز** یەکەم کەس بوو، کە هەر لە سەرەتای شەستەکانەوە، ئەم ڕێگایەی گرت و تا ئێستا دەیان کاری زانستیی پێشکەش کردووە. لە سەرەتای حەفتاکانیشەوە بیریاری گەورەی کورد مامۆستا **مەسعوود محەمەد** کۆمەڵێ کاری زانستیی گرنگی بڵاوکردۆتەوە. کارەکانی مامۆستا مەسعوود نەک تەنیا لە بواری بیر و ئایدۆلۆژیدا گرانی و نرخیان هەیە، بەڵکو لە بواری زمانیشدا، بوونەتە هۆی دەوڵەمەند کردنی زمانی کوردی و بەبەرزکردنەوەی زمان تا ئاستی شیکردنەوە و موناقەشەی باسە جۆر بەجۆرەکانی فەلسەفە. ئەم کتێبەی کاک کوردۆش، لەگەڵ هەندێ سەرنجدا، دەخرێتە چوارچێوەی بۆچوونی سێیەمەوە.

کاک کوردۆ لەو ڕووەوە کە هاتووە بناخە سیاسییەکانی مارکسیزمی خستۆتە بەردەم پرسیار و ڕۆڵ و پراکسیسی شوورەوی و دەستوپێوەندەکانی سەبارەت بە دۆزی کورد ڕیسوا کردووە، تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتووە. نووسەر بە شێوەیەکی ورد و هێمنانە و زانستانە باسەکان یەکالا دەکاتەوە و لێیان دەدوێ. بەڵام لە پلەی دووهەمدا کە دێت و لە وتووێژ و موناقەشەیەکی ئاوادا یەکێکی وەکو کەریمی حیسامی بەرانبەر خۆی دادەنێ و ڕووی دەمی پرسیار و گفتوگۆی لێ دەکات، بە جارێ ئاستی زانستانە و جیددیبوونی باسەکە دەگۆڕێ و دێنێتە خوارەوە. لێرەدا، نەک بۆ لەسەرکردنەوەی کاک کوردۆ بەڵکو وەک خوێنەرێک کە دەمەوێ بە شێوەیەکی ئۆبژەکتیڤی لەم باسە بدوێم، دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێم، کە بە خوێندنەوەی سەرجەمی کتێبەکە پیاو تێدەگات کە کاک کوردۆ خۆیشی هەستی بەم لایەنە لاوازەی نووسینەکەی کردووە؛ چونکە هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی لە کن کاک کەریم ڕانەوەستێ، بەڵکو ئەوی کردووە بە پردێک و بە سەریدا پەڕیوەتەوە بۆ باسەکانی گشتی و تیۆری.

تۆ گەر بتەوێ دژی بنەما سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی بەرەی ڕۆژاوا بنووسی، چ پێویست بەوەی دەکات قسە و ئاکار و ڕەوتاری کوردێکی نۆکەری ساواک یا سیا بکەیتە ئامانجی تیرەکانت. هەروەهاش گەر بتەوێ شوورەوی و بنەما سیاسی و ئایدۆلۆژییەکانی (ئەوەندەی پێوەندیی بە کوردەوە هەبێ) ئیفشا بکەیت، ڕێگەی ڕاست ئەوەیە نموونەیەکی وەکوو عەزیز محەمەدی شیوعیی عیراقی و خالید بەگداشی سووریا وەرگریت و شیر و تیریان لێ بسوویت، نەک دەست و پێ و مووچەخۆری نەناسراو.

ڕەفتار و هەڵسوکەوتی کاک کەریمی حیسامی، بە تایبەتی لەو کاتەوەی کە چۆتە سوێد و بۆتە پەنابەر، هێندە خواروخێچە کە، نەک هەر بۆ دۆست و ئاوەڵەکانی خۆی، بەڵکو بۆ هەموو کوردێک مایەی داخ و بڕێکیش شەرمەزارییە. تا ئێستا، بە سەرەڕیشی سپییەوە، دووجاران لە فرۆشگا گەورەکانی ستۆکهۆڵمدا لە دزیدا گیراوە. هەروەها بە دەیان جار ژێرسیغارییەکانی قاوەخانەی فرۆشگای ئاهلێنس Ahlens ی خستۆتە ساکەکەی دەستییەوە و بۆ ماڵەوەی بردووە، گوایە، بە قەولی خۆی، بەو کارەی زیان بە کاپیتالیستەکان دەگەیێنێ و موویەک لە بەراز دەکاتەوە.

خۆ ئەوەی بیرەوەرییەکانی کەریمی حیسامی بخوێنێتەوە (جەوهەر ...) ی ئەوی بۆ دەردەکەوێ. دۆست و هاوڕێگەیەکی نێزیکی کاک کەریم باسی بیرەوەرییەکانی کردبوو گوتبووی: ئەوە چییە، ئەو جندەبازییەی نووسیویەتی !! هەر ئەو دۆستەی باسی ئەوەی کردبوو کە کەریم چەندین ساڵ خولامی ماڵە قازی بووە (کە ئەمە چ عەیبێکی تێدا نییە) بەڵام لە بیرەوەرییەکانیدا بە هیچ شێوەیەک بەلای وەیدا نەچووە. کەچی چکۆلەترین پاڵەوانی و جندەبازیی خۆی لە بیرماوە.

نووسەر لە شتێکی دیکەشدا کورتی هێناوە. ئەو هاتووە سەرتاسەری کتێبەکەی خۆی بۆ وەرامدانەوەی وتارێکی کاک کەریمی حیسامی تەرخان کردووە و هەر بەو پێیەش ئیفشاکردنەکەی شوورەویی بەستۆتەوە بە هەڵوێستی وانەوە لە بەرانبەر کۆماری خودموختاری کوردستان لە مەهاباد. ڕاستە، باسکردنی هەڵوێستی ناجوانمەردانەی شوورەوی لە سەردەمەکانی جۆربەجۆری مێژووی کورددا بە یەک کتێب و چەند کتێبیان نابڕێتەوە، بەڵان تەنها باسکردنی کۆماری مەهاباد و دابڕینیشی لە دەیان هەڵوێستی وێچووی پێش و پاشی ڕووخانی کۆمار، خوێنەر لە تاریکیدا دەهێڵێتەوە.

کاک کوردۆ عەلی ویستوویەتی بەو کتێبەی چەند پەڵەیەک بسڕێتەوە. ڕاستییەکەی ئەوڕۆ لە شوورەوی، بە سایەی میخاییل گۆربەچۆڤەوە، گەلێ لە پەڵە ڕەشەکانی تەوێڵی ئەو سیستێمە دەخرێنە بەر چاوان، بەڵام لەمەڕ مەسەلەی گەلی کورد، ئێستاش مەتەقیان لە دەم دەرنەهاتووە. پەڵەی نێو چاوانی کاک کەریمی حیسامیش تازە لێی ڕاهاتووە. ئیدی ئەوە لای وی بووە بە خوو. یەکێک ٢٥ - ٣٠ ساڵی ژیانی بە خزمەتکاریی بەردەگای «حەجەکە» و بێگانە پەرستی ڕابواردبێ و جۆرەها ڕاوەژێشکی پێکرابێ و «دێوجامەی ڕاوی بیری کوردی و مرۆڤی کورد» بووبێ، تازە زۆر ئەستەمە داوای «هەڵوێستی ئەخلاقی» لێبکرێت. ئەمە نەقڵی مام خدری نۆکەری حەمەداغاکەی موکریان وەبیردێنێتەوە، تازە بە سەری پیری دەستی پێ لە بەرماوخواردن هەڵنەدەگیرا.

جارێکی دیکەش دەمەوێ ئەوە جەخت بکەم کە کردنەوەی دەرکەی باس و موناقەشە و وتووێژی ئایدۆلۆژی و فەلسەفە، بە کوردی، ئەنجامەکەی هەرچییەک بێت، ئەو خێروبێرەی تێدایە کە لە مێشکی خوێنەری کورددا پرسیار دروست دەکات و بەوەش هێزێکی ئەوتۆی خۆپاراستنی دەداتێ، کە بەئاسانی نە دزرێ و بەتالان نەبرێ.

کەمال

ئەسپەکەت دەرکرد لە دەستم وادرێغ بۆ ئەسپەکوێت
سنگەکەی مارە (کەریمخان) پێم بڵێ بیکوتە کوێت

**«شێخ ڕەزای تاڵەبانی»**

## بەرهەمێکی دووڕەگ

شێرکۆ بێکەس: داڵ - چیرۆکە شیعر -
چاپخانەی شەهید جەمال تاهیر (سوێد) - ١٩٨٧

داڵ دوا کۆمەڵە شیعری کاک شێرکۆ بێکەس و یەکەمین کۆمەڵەی چاپکراوێتی لە دەرەوەی وڵات، بەڵام چیرۆکە شیعرەکە لە کوردستان نووسراوەتەوە، نەک لە دەرەوە. شێرکۆ ئەوە ساڵێ پترە وڵاتی بەجێهێشتووە. هاوینی پار خەڵاتی کلووبی (پێن) ی سوێدی وەرگرت کە بۆ یادی توخۆلسکی دانراوە.

کورت توخۆلسکی (١٨٩٠ - ١٩٣٥) ڕووناکبیرێکی جوولەکەی ئەڵمانی بوو. ساڵی ١٩٣٣ ڕای کرد و پەنای هێنایە بەر سوێد. بەڵام لە سوێد نەیتوانی نووسینەکانی چاپ بکات و هەستی بە تەنیایی دەکرد، لە داخا لە ساڵی ١٩٣٥ خۆی کوشت. خەڵاتی توخۆلسکی، کە نێزیکەی ٧٠ هەزار کرۆنی سوێدییە، وا بۆ جاری سێهەمە دەدرێ بە نووسەرێک کە بە هۆی ڕاونانی سیاسییەوە لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی بژی (بەڵام نەک لە سوێد). ئەگەرچی شێرکۆ لە دەرەوەی کوردستان نەدەژیا، بەڵام لەبەر چەند هۆیەکی سیاسی خەڵاتەکەی پێ درا.

داڵەکەی کاک شێرکۆ لەو ماوەیەدا کە لەشاخ، لای یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو، نووسراوە.

شێرکۆ لەوساوە کە خۆی بەو ڕێکخراوەوە بەستەوە و بوو بە (شاعیرێکی حیزبی و مولتەزیم) چەند کۆمەڵە شیعر و نووسینی جیاوازی بڵاوکردۆتەوە، لەپێشا بەناوی «جوامێر»ەوە و پاشان بە ناوی ڕاستەقینەی خۆیەوە. دەزووی پێکەوەگرێدانی هەموو بەرهەمەکانی ئەو ماوەیە، پشتگیریکردنێکی بێ ئەملاولای یەکێتی و پیاهەڵدانی شەهید و پێشمەرگە و سەرکردەکانێتی (تەنانەت کۆنە سەرکردەکانیشی). بارتەقای ئەوەش پاشگەز بوونەوە لە زۆر هەڵوێست و بیروڕای جارانی خۆی و هەڵوێست وەرگرتن لە هەموو هێزە سیاسییەکانی تری کوردستان. ئەمەی دەیڵێم چوارچێوەی گشتیی بەرهەمەکانی دەگرێتەوە. ئەگینا چ ناوەڕۆک و چ فۆرم باسێکی دوور و درێژی گەرەکە و لەم کورتە نووسینەدا، کە بۆ پێشکەشکردنی داڵ تەرخان کراوە، جێی نابێتەوە.

ئەم شەش حەوت ساڵەی دوایی، وەک چۆن قۆناخێکی نوێیە لە ژیانی سیاسی و شەخسیی شێرکۆدا، هەروەهاش قۆناخێکی نوێیە لە هونەرەکەیدا. ئەو ناڕاستگۆیی‌یەی لە بەرهەمەکانی ئەم ماوەیەدا دەردەکەوێ و ئەو نارەسەنییە هونەرییەی بەسەریدا زاڵە، خوێنەری ووردبین و وشیار دەخاتە بەردەم هەندێ پرسیار و گومان: تۆ بڵێی شێرکۆ لە قۆناخەکانی دیکەی ژیانیشیدا هەر وای کردبێ و شیعری بۆ ناودەرکردن و ڕازی کردنی دڵ و بیرو سیاسەتی ئەم و ئەو نووسیبێ؟! لەو ڕۆژەوە کە شێرکۆ بێکەس بۆ (ی. ن. ک.) دەنووسێ، ئەو هێزە لە ڕووی سیاسی و عەسکەرییەوە و لە سەنگەر گۆڕکێ و پەیوەندییاندا، کۆمەڵێ گۆڕانی ڕیشەیی و سەیر و پەرگرانەیان بەسەردا هاتووە؛ ماوەیەک خۆشکردنی ئاگری شەڕی براکوژی و هەوڵی لەناوبردنی هەموو هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانی عێراق، دواتر وتووێژ لەگەڵ ڕژێمی بەعس‌دا و یارمەتی دانیان بۆ سەرکوتکردن و خەساندنی ڕاپەڕینی لاوان و خوێندکارانی ناو شارەکان، دوای ئەوساش چوونە باوەشی ئێران و بوونە سووری بەرلەشکری پاسداران و هەڵگرتنی دروشمی کوردستانێتی. ئەم گۆڕانانە ئەوەندە بەپەلە و چاوەڕوان نەکراو بوون، مەگەر هەر یەکێکی وەکو کاک شێرکۆ توانیبێتی پێ‌بەپێی بڕوا و ئاگای لێ بێ و خۆی لەگەڵدا بگونجێنێ. ئەویش، ئۆباڵت بە ئەستۆم، ئەمەی چاک ئەنجام داوە.

ئەم هەڵوێست وەرگرتنە ڕەنگ‌تۆخانەی شێرکۆ بەوە نەبڕاوەتەوە کە کابرا، لەبەر هەر هۆیەک بووبێ، بیروباوەڕی خۆی گۆڕیوە و دەستەمۆکردنی سیاسیی قەبووڵ کردووە، بەڵکوو وەک هونەرمەندێکیش ئەمەی زۆر لەسەر کەوتووە، باج و خەراجێکی زۆری داوە و سزای خۆی وەرگرتووە. بێگومان داڕمانی لەوە گەورەتر و ترسناکتریش لەپێشە، مەگەر ...!!. بەخوێندنەوەی شیعر



و نووسینەکانی ئەم ساڵانە ئەم قسەیەمان بۆ ساغ دەبێتەوە. نموونەی هەرە دیاری پاشەکشێ و داڕمانی هونەری لای شێرکۆ کەشکۆڵەکانێتی.

داڵ، کە بەرهەمی ئەم قۆناخەیە، چیرۆکە شیعرێکی دوور و درێژی ٨٦ لاپەڕەیی‌یە. کورتەی باسەکە ئەوەیە پۆلیسێکی عەرەبی باشووری عێراق (عاشوور حەمدان) دەبێتە بەعسی. دەینێرنە کوردستان و دەیکەنە لێپرسراوێکی گەورە. پاشان مەفرەزەیەک پێشمەرگە لەناو شاردا دەیگرن و دەیبەن بۆ ناوچەی ڕزگارکراو. لە کۆتاییدا شاعیر «لە ژێر کەپرەکەیەوە» چاوی لێیە عاشوور و کۆمەڵێ عەسکەر و جاشی تری گیراو کاردەکەن و «گڵ و بەرد دەکێشن».

دارشتنی چیرۆکەکە و گواستنەوەی ڕووداو، بەرووداو، لە نێوان شوێن و کاتی جیاوازدا کوت و مت بۆ کورتە چیرۆک دەست دەدات نەک شیعر، بەتایبەتیش شیعرێکی درێژ. سەرەڕای ئەوەش خوێندنەوەی دەروونی پاڵەوانی (ڕاستییەکەی داڵی) چیرۆکەکە ئەوەندەی تر تێکستەکە بەلای کورتە چیرۆکدا دەبا و لە شیعری دوور دەخاتەوە.

زمانی چیرۆکە شیعرەکە، وەکوو زمانی زۆربەی بەرهەمەکانی شێرکۆ، دوو لایەنی هەیە: لە لایێکەوە ئەو وشە و دەربڕینانەی لە ئیختیاریدان لەنێو سنوورێکی تەنگەبەردا دەسووڕێنەوە و هەر بۆیەش شاعیر ناچارە بەسەد جۆریان دەکارخات. لەلایەکی تریشەوە لەناو کۆمەڵێ وێنە و نیگاری پلە جیاوازدا، لەناکاو هەندێ وێنەی جوانی شاعیرانە سەردەردێنن و سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن. لە ئاستێکی تایبەتدا داڵ لە شیعرەکانی دیکەی ئەو قۆناخەی شێرکۆ جیاوازە؛ ئەو زۆر لەخۆکردن و وەستاکارییە ناشاعیرانەیەی لە شیعری دیکەی شێرکۆدا هەیە، لەم داڵەدا بەدی ناکرێ. لێرە شاعیر هەستی تایبەتی کەسایەتیی خۆی دەرنابڕێ، هەر لەبەر ئەمەش، تارمایی ئەو سانسۆرە سیاسی - هونەرییەی بۆی دانراوە (یا بۆ خۆی داناوە) ڕەویوەتەوە و زمانی هونەر چاکتر هاتۆتە گۆ.

ل. کۆچەر

## تۆ ناوی بنێ

ئەستێرەکان پۆل پۆل هەڵدێن
بەڵام ئەوانەی ڕادەخوشێن
بە ئەنگوستان دەژمێردرێن.
ئێمەش هەموو پۆل پۆل هاتین
بەڵام، شەوێک
بۆخۆم بیستم لە ئەستێران:
«ئەو کوردانە بە ئەنگوستان ناژمێردرێن!»

ئاشتی
تورکیا-١١-١٩٨٧

# دوو کۆمەڵە شیعر و چەند سەرنجێک

بەمۆ

ئاشکرایە لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا جم وجۆڵێکی نوێخوازی لە ئەدەبی کوردیدا پەیدا بوو. هەرچەندە لە سەرەتادا، وەک هەموو دیاردەیەکی کولتووریی نوێ، تابووری ڕووبەڕوو وەستان و دژانی ئەم سەرهەڵدانە زۆر و هەمەچەشنە بوون، بەڵام لەبەر ئەوەی دیاردەکە ڕەسەن بوو، وەڵامدەرەوەی کۆمەڵێک پرسیاری قووت بووەوە بوو، بۆیە لە ژیانی ئەدەبیماندا ڕێگای خۆی کردەوە و گەشەی سەند و تائێستەش هەر لە بەرەوپێشەوە چوون و خەملێندایە. ئەو کەسانەش، کە دوای ئەو نەوە پێشەنگە دێن و دەست دەدەنەخامە و دەیانەوێ شوێن پێی خۆیان لە دنیای ئەدەبدا بکەنەوە، زۆربەیان لەو سەرەتایەوە دەستپێدەکەن و بەو شێواز و گیانەشەوە دەنووسن. بێگومان ڕەوتی بەرەوپێشەوە چوون چ لەنێوان ئەوانی پێشتر و چ لە ناو ئەوانەی بە ماوەیەک دواتر ئەم ڕێبازەیان گرتووە، چون یەک نییە. زۆر دەنگ هەبوون تەکیونەتەوە و کپ بوون، هەندێک بەرەو پێشەوە چوون، ئیتر ئەم پرۆسێسە هێشتا بەردەوامە.

پێش ماوەیەک دوو شاعیری لاو، **عەبدوڵلا قەرەداغی** و **مارف عومەر گوڵ**، کە لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە دەستیان داوەتە نووسین، دوو کۆمەڵە شیعر: *«لە پەرستگای چاوەکانی نیشتماندا نوێژێکی دی»*[1] و *«خۆری زیندان»*[2] یان بەچاپ گەیاند.

لەم وتارۆکەیەدا دەمەوێ دەربارەیان هەندێ سەرنج و بیروڕای راگوزاری دەرببڕم.

بۆیەشە نەمکردە دوو وتار، چونکە زۆر بابەتی هاوبەش و جەمسەر، بەرهەمەکانیان پێکەوە گرێدەدا، پێویستیان بە هەمان پێشەکی دووپات کردنەوە دەبوو.

ڕوانگەی بیر و پاشخانی کولتووریێ ئەم دوو شاعیرە لە مەسەلە گشتییەکاندا زۆر لەیەک نزیکن – دوو لاوی کوردن، یەکێکیان چەند ساڵێکە بە کەژمەوەیە و ئەوەی تریان خراوەتە زیندان و دوایی داویەتە شاخ، هەردووکیان هەڵوێستیان لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەکەیاندایە، ئەمەش چراوگێکی ڕووناکی بەخشمان دەداتە دەست، بۆ ئەوەی لە ڕاستگۆیی هەڵوێست و بەرهەمیان بگەین و لە تاریکیی تێکستەکانیشدا چێو نەوەشێنین. پێویستە ئەوەش بوترێ، کە هەر شاعیرە و بەهرە و ڕێچکەی ژیانی داهێنانی خۆی گرتۆتەبەر.

## *لە پەرستگای چاوەکانی نیشتماندا نوێژێکی دی*

عەبدوڵڵا قەرەداغی کۆلیجی فەلسەفەی تەواوکردووە، ئەمەش بۆتە یەکێک لە سەرچاوە ڕۆشنبیرییەکانی و وەک لە شیعرەکانیشیەوە دەردەکەوێ، شارەزاییەکی لە ئەدەبی فارسی و شیعرەکانی مەولانای ڕۆمی (۱۲۰۷-۱۲۷۳) و حافزی شیرازی (۱۳۲۵-۱۳۸۹) دا هەیە، بێگومان ئاگاداری فۆلکلۆر و ئەدەبی کلاسیکی کوردیشە ... ئەم سەرچاوانە ڕوانگەیەکی ڕوون و ئاشکرایان بۆ شاعیر سازکردووە تا بتوانێ ژان و ئەندێشەی کارەساتی چارەنووسی نەتەوەکەی؛ ئەو چەوسانەوە لە ناهەمواریدا بێ وێنەیەی تووشی بووە، لە چوارچێوەیەکی شیعریدا دەرببڕێ. چ جۆرە دەربڕینێک؟! ئەوەی جاروبار دەگاتە سۆزێکی سۆفییانەی گەرم.

«نیشتمان» کلیلی کردنەوەی دنیای شیعری (قەرەداغی) یە. «نیشتمان» ڕەنگە کچە هاوڕێی شاعیر، دڵداری بێ، بەڵام لە دووا پلەشدا ئاوێنەیەکە، کوردستانی نیشتمانی تێدا تیشکدەداتەوە. دووری و لێک دابڕانی شاعیر و دڵدارەکەی، وەک حاڵەتی سووتانێکی ئەبەدی وەهایە، ئەم پەیوەندییە دوولایەن و دووپلانەی تاقی کردنەوەی شاعیر – واتە چارەنووسی کەسی و هی نەتەوە، بەشێوەیەکی ئۆرگانی و چڕ و سەرکەوتوو لە شیعرەکانی قەرەداغی دا تێک ئاڵاون و هەستیان پێدەکرێت.

هەر ئەم قووڵبوونەوە و دووربینی و چاوتیژیی شاعیرانەیە، وای لێکردووە، کە نەکەوێتە داوی خۆ بە پاشکۆی ڕووداوی ڕۆژانەی سیاسیدا هەڵواسین و گەوهەری مەسەلە گەورەکە لەبیرکردن. لە کۆپلێتە شیعرێکیدا، بە چاو کراوەییەکی پڕ نامۆیی و ئاخێکی تاڵەوە لەم چارەنووسە دەدوێ:

باش دەزانین هەیت،  
بەڵام، کە دێین و کاروانی ڕەنجمان سەراب و بایە،  
ئارەقە و گەردی سەدان ساڵەی ڕێ،  
دەبێتە قوڕ و چاومان سواخ دەدات،  
سەرکز بە بەردەم چیای سەرکەشی شکۆتدا دەڕۆین ...

۱. «!»، ل ۸۳.

ئەم خەمی ژێر لێو و خۆخواردنەوەیە، وەک هارمۆنیای پەڵمەی گریانێکی گینگڵ خواردوو، جارجار دانامرکێ و بانگ لێدەدات:

دەم دەکەیتەوە!  
هاوارت هەموو ئەستوونەکانی ئاسمان دەردێنێ،  
بەڵام هێشتایش کەس،  
لە شێوە و ڕەنگ و بۆنی تۆ ناگات،

۱. «بەرە و نامۆیی»، ل ۳.

ئەم سەرەتا فیکرییە پتەوە و لە کرۆکی مەسەلە گەیشتنە، وای لێکردووە کە بڵێ:

هاو خوێن، مێژوومان مێژووی گریانە،  
مێژووی نامۆیی و شکەست و برین،  
هاوخوێنم ئەگەر لە ناڵەم دەگەی،  
ئەو دەستتەم بەرێ!  
هەتا دیواری ژەنگ و شکەستی ئاخ نەڕووخێنین  
ویستی نووستوومان قەت ڕاناپەڕێ ...

۱. «سەرەتا»، ل ۸۷.

هەر لەم بوارەدا دنیامان بۆ ناکات بە «شامی شەریف» و وەک هەموو شاعیرێکی هەڵوێست ڕاست، زاری ڕەخنەی ناچێتە کلیلە ... شاعیری ڕاستگۆ و دڵدار، ئەگەر بچێتە پاڵ هەر بەرەیەکیش، ئەگەر بە ئەوینەوە لەگەڵی بێ، قەت رووی نازی تەواوی نەداتێ و پێش خەڵکی تر لە چەوتییەکانی بێدەنگ نابێت و وەک ئەم دەڵێ:

دووکەڵی گومان وا قانگی داوین،  
سەد چاومان هەبێت،  
حوشترێکیشی پێ بەدی ناکەین

۱. «!»، ل ۸۳.

شکۆ و پیرۆزی تەنیا بۆ نەتەوە و مەسەلەکەیەتی، لەبەردەم ئەم «گیانی کوللی» یەدا شاعیر دڵدارێکی دڵسۆزە و بە گیانێکی عاشقانەوە، لە دنیای چاو کرانەوەی خۆیدا مەولەوی واتەنی: چون دێوانەی شۆر ئازیز نەسەردا – شەتاو سەر هۆرگرت وەدەشت و دەردا»[3] ئەمیش ڕێدەکا و بۆ نیشتمان دەسترێ، (نیشتمان) ی کچە هاوڕێ و لە دووا پلەشدا کوردستان... خۆی واتەنی: «لە ئامێزی نیشتمانی خۆتدا نەبێت، هیچ ئاگرێک تینی گەرمیی بە هەناسەی ساردت نادات». ۱. ل ٤.

شاعیر لەم کەف و کوڵی سەرەتا و قووڵبوونەوەی دواییەدا، هەندێ لە قۆناغی ئەو ژان و ئەندێشەیەی – کە ڕایەڵەی تێدا دەکات – دەبڕێت و تەمی ئەو دووری و لێک دابڕانە بۆ ماوەیەک دەڕەوێتەوە و ئەمیش دەگاتە جۆرە بەرچاوڕوونی و جۆشێکی بە دیدار شادبوون، لەگەڵ دڵدارەکەیدا دەکەوێتە گفتوگۆ و ئامێزان و «خۆ» ی لەبیردەکا و لە بوونی «ئەو» دا دەتوێتەوە:

گیانم ڕێچکەی سەدان ساڵەی جودابیمان دەبڕێت و  
لە کوێستانی بێوەریدا،  
چەتری نەگبەتی هەڵدەدات،  
ئاخ نیشتمان!  
گرێ کوێرەی تەمەنی پڕ گریانم تۆیت،  
تۆ دڵۆپی خوێنی دڵمیت، دەڕژێیتە ناو تاسەمەوە و  
نەک هەر تاسەم،  
هەموو بوونم لە چوارچێوەی بوونی تۆدا دەتوێتەوە!

۱. «گەڕان بەدووای»، ل ۲۵.

هەر جارە و لە وێنەیەکی تازەدا ئەم هەست و ئەندێشەیەی دادەڕێژێ، دنیاکە وردەکاتەوە، بۆ دەرخستنی لایەنە هەمەچەشنەکانی جوانیی «گیانی بەرز» ...:

مانگیش وا هات،
تێر و پڕە و گەش و شەرمن،
هات بۆ نوێژ و
لە رووی دەشتی فراوانی شکۆی تۆدا ...

١. «راچەنینی بووژانەوە»، ل ١٩.

فۆرمی شیعرەکانی قەرەداغی بە رەمز، وێنە، مەنەلۆگ، دیالۆگ، کێشی جیا جیا و تێکەڵ کردنیان، زمانێکی باش ... هتد دەوڵەمەندە. کامانەن ئەو رەمزانەی شاعیر بەکاریان دێنێ؟

هەندێکیان هی ناو کتێبن، واتە تەئسیری خوێندنەوەن، وەک: پرۆمیۆس، ئۆدیب، تەروادە ... هتد، کە لە ئەفسانەی یۆنانییەوە وەری‌گرتوون و هەوڵی کورداندنی داون. زۆربەشیان فۆلکلۆرین و هەندێکیان لە زۆر بەکارهێناندا سواون: فەرهاد، شیرین، ئەهریمەن ... هتد»

جارجارە شاعیر توانیویەتی وێنەی جوانیان لێ دروست بکا: «سەرهەڵدانی (فەرهاد) یکی بیدارم دیت، ئەڵقەی بووکێنی (شیرین) ی لە دەستدا بوو». ١. ل ١٨.

شاعیر هەندێ رەمزی تری لە ژیانی رۆژانەی خەڵک هەڵبژاردووە و توانیویەتی گیانێکی شیعرییان بەبەردا بکات و جێ پەنجەی خۆییان پێوە دیاری بکات، بۆ نموونە: کانیی سوێر، کرم ... دەڵێ:

دەستتان کانیی هەمیشەیی سوێری و مەرگە،
لە بارینی بەفری سووری خوێنی هەزاران مرۆڤدا،
پێکهاتووە،
شۆڕبۆتەوە بۆ جەرگی خاک ...

١. «کانییە سوێرەکان»، ل ٦٤.

یان لە شیعری «کرم» دا، کە رەمزە بۆ داگیرکەرانی کوردستان، دەڵێ:

دنیام بەسەردا بهێنێت،
هەر دڵۆپە فرمێسکێکیش لە چاومدا بەدی ناکەیت،
خەنجەر لە دڵما بڕوێنێت،
ئازار لەنێو هەناومدا بەدی ناکەیت،
...
مردنی تۆ دەکەم بەسەرمەشقی زاران،
ئەی پیسترین بوونەوەری ئەم زەمینە،
ئەی دوا کرم!

١. «کرم»، ل ٦٧-٦٨.

دێڕی یەکەمی ئەم شیعرە، شیعرێکی «نازم حیکمەت» مان وەبیردێنێتەوە، کە دەڵێ: «ئەگەر لە سێدارەشم بدەن، دەبێ بێهودە! لە چاوە شینەکانی (نازم) دا بە دووای ترسدا بگەڕێن»» ...

شاعیر ئەو کارەساتی قەلاچۆکردن و کوشت و بڕ و وێرانکارییەی کوردستانی گرتۆتەوە، ئەوەندەی لە دەسەڵات و وزەی شیعرییدا بێت، بە وێنەی جوراوجۆری کاریگەر – خستوونیەتە روو:

نەڕەی شێرانی لانە رووخاو و
جگەر پڕ زامی نێزەی نامۆیی و سیما گۆڕینە

١، ل ٩٣.

یان:

من هەواڵی تۆم لە پۆستی دەربەدەریی لانەوازان کۆکردەوە،
لە هاواری تاسێنراوی ساوایانی ئەو گوندانەی وێران‌کران،
لە رەشماڵی جێهێڵراوی دەم رەشەبا،
لە ئاگر و لە با و بۆران ...

١، ل ١١٥.

یان:

بە قەد گریەی ساوایەکی دەربەدەری فەیلی تەنیام

١، ل ١١٦.

یان:

(شنەی) دوو ساڵەیش،
لە شیرینەخەوی پاش نیوەشەودا، پەلکێش دەکرێت و
لەگەڵ هەزاران منداڵی دیکە،
ئاوارە دەبێت ...

١، ل ٧٢.

هەندێ لە شیعرەکانی قەرەداغی مەنەلۆگی شاعیرانەن، ئەو شاعیرەی ئازار و ئومێدی نەتەوەکەی هەڵگرتووە، پاڵەوانەکانیش وەک خۆی کوردن، بۆ ئازادی لە شار، زیندان، یا لە شاخدا تێدەکۆشن، پاڵەوانەکانیشی: «مەحموود، دارا، خالید و دەیانی ترن، زۆریشیان



شەرەفی شەهیدبوونیان پێبڕاوە. لە شیعرێکدا بۆ «ژیان» دەڵێ:

کە پەنجەرەت دەکردەوە،
قرچەی سووتانی کامە دڵ بەرەو بورکانی دەبردیت؟!
کە ئازاری شارت بەسەر دەکردەوە،
ناڵە و هاواری کامە کەس بەرەو زریانی دەبردیت؟!
ئەی کچۆڵەی تاسەکانی «باوەگوڕگوڕ» ! ...

١، «ئەوانەی ئێشکی گڕدەگرن»، ل ٥٢.

لایەنی دیار و سەرکەوتووی شێوازی شیعری قەرەداغی وێنەیە. توانیویەتی گەلێ وێنەی تازە و شیرینمان بۆ بکێشێ و ئەمەش دەمارێکی گرنگی شیعرە.. شاعیر نەک هەر لە سەرچاوەی رۆشنبیرییەوە، بەڵکو لە دەوروبەری ژیانی خۆی، لە سروشتی کوردەواری بۆ دەربڕینی ئازار و ئاواتی لە: «هەڵۆ، شاخ، بەفر، زریان، کوێستان، سەهۆڵ، هێشوو، مەل، کانی ... هتد» وێنەی دروست کردووە. بۆ نموونە «چاوی هەڵۆ» ی وەک رەمزی وردبینی و هێز و لێهاتوویی، چەند جارێک بەکارهێناوە:

چاوم، چاوی هەڵۆیەکە تیژ و وردبین — ١، ل ١١

لەو کاتەدا هەڵۆی تیژبینی چاوانت،
لە دەشتایی رۆژگارێکی پشکوتوودا،
بۆ چۆلەکەی گچکەی گیانی من بگەڕێ

١. ل ٢١.

یان کاتێ خۆی لە ئاست ئەڤینە مەزنەکەدا بچووک دەبینێ، هەمان بەراورددەکا و هەست‌پێ‌کراو و مەعنەوی تێکەڵ دەکات و وێنەیەکی لێ پێکدێنێ:

ئەو چاوانەی تۆ
هەڵۆی گیانێکی گەورە و بەرین،
منیش چۆلەکەی پەڕ و باڵ کراو، لانەنەدیوم ...

١، ل ٤٦

هەر لەم بابەتی تێکەڵ کردنەدا، وێنەیەکی ئاوا نیگارئامێزی نەخشاندووە:
من دەوەستم تا رەزبەرێ،
سۆزی گیانم هێشووی هەموو خۆشەویستیم
شۆڕکاتەوە ...

١، ل٣٩

جاروبار بەچەند ئیستیعارە و بەراوردێک (لێکچواندن) تابلۆی ئەلیگۆریمان (مەجاز) بۆ درووست دەکات:

رەشەبای گشت دەربەندێکی سەنگەساری رایماڵیم و،
گڕەی هەموو گەرمیانێکی کینە و گورزی نامرۆڤان،
بەرەو سووکی و بیابانی ساختەی بردم

١، ل ٣٨.

یان:

وام لە کلکەی کوێستانێکی گرژ و مۆندا،
بەفری دووری و پەژارەی تۆ،
چەند ساڵێکە
هەر دەبارێ و ناتوێتەوە

١، ل ١٧.

شاعیر رمزی میتۆلۆگی «ئەفسانەیی» شی بۆ وێنە دروست کردن بەکارهێناوە، دەڵێ:

وەکو سیمرخ
بیست و شەش جار باڵم لە داری یادت دا ...

کۆمەڵێ وێنەی تری سەرکەوتووی هەن، کە زیاتر شوێن دەستی نیگارکێشیان پێوە دیارە، جۆرە وێنەیەکن، کە کار لە ئەندامەکانی هەستی مرۆڤ دەکەن و زووش لە بەرچاوی خوێنەردا بەرجەستەدەبن، ئەمەش خەسیەتێکی ئیستێستێیکی وێنەی شیعری سەرکەوتووە، بۆ نموونە: «دڵی ساوای پەڕەسێلکەی بەر بارانت لە نێو مستدا هەڵگرتووە، گومان بوغچەی ئاوارەیی گرێ داوێت، دەرۆی ل ٩٠؛ لاپەڕەکانی دەفتەری پرسەی ساڵانی پێشوو، گوڵی ئازاری تازە دەمکردوون ل ١٠٥؛ واتە تەوێڵم کانییەکی زۆر گچکەیە و ئارەقەی گەرمی دا دەدات ل ٢٣؛ شەونمی سەنگینی ئەم شەوە درێژەی غەریبی ل ٢٩؛ ئیدی تاسەی چکۆلەم چۆن نەبێتە بانگ ل ١٣؛ شەو دواچرکەی کەڵەمێردی دەخواتەوە، دەشتی چۆڵ و تینووی ناخم گەش و پاراو دەبێتەوە ل ٣٢ ... هتد».

لەم بەرهەمەدا ناوی (ئێلزا) ی ژنی شاعیری فەرەنسایی (ئاراگۆن) دێت ل ١٦. هەرچەندە لە وێنەیەکی تەقلیدی و ساکاردا، بەلام هەڵبژاردنی ناونیشانی کۆمەڵە شیعرەکە و وشەی «نیشتمان» بە هەردوو مەوداکەیەوە و دووبارە– بوونەوەی وەک شادەماری بە خووە گرێدەری هەموو

هۆنراوەکان، تەئسیری بەرهەمەکانی ئاراگۆن: «ئیلزا و چاوەکانی ئیلزا، شیتی ئیلزا «شانۆگەرییە» ... ی پێوەدیارە. بێگومان ئیلزا لە شیعرەکانی ئاراگۆندا تەنیا ئافرەتێکی هاوسەر نییە، بەڵکو ڕەمزێکە بۆ ئیدیال و دنیای فکریی شاعیر. قەرەداغیش لەگەڵ ئەو تاقیکردنەوە بە بەراورد کەمەی خۆیدا، توانیویەتی ئەگەر بە تەئسیری (ئاراگۆن) یشەوە بێت، لەم گۆشەنیگایەوە سیمایەکی کوردانە و خۆیی بداتە شیعرەکانی.

لە شیعرەکانیدا وێنەی تەقلیدی سۆفیانەشی هەیە، بۆ نموونە:

کاتێک تیری ناوت دڵم دادەبێژێ،
تێدەگەیت خۆت هەر خۆت پێکا و

١، ل ٣٩.

لە وێنەیەکی تریشیدا هەست بە تەئسیری دێرە شیعرێکی مەولەوی تاوەگۆزیی مەزن دەکەین، قەرەداغی دەڵێ:

لە پەنای ئەم هەورە تەنک و دڵگیرەدا،
خەرمانەی مانگ
بەقەد تیشکی نیونیگای تۆ فراوانە و،

١، ل ١٣.

مەولەوی دەڵێ:

گۆشەی سیماڵ هۆرداو دیاو ۆ،
چون مانگ نە گۆشەی هەوری سیاوە،[٤]

لە کۆتایی شیعری «نوێژێکی دی ...» ل ٢٩ تەعبیری «دێم و دێم ...» چەند جارێک دووبارە دەبێتەوە، هەروەها لە شیعری «چەند هەسوونێک لە ...» دا دەڵێ: «ئەی ئەو کەسەی لە نێو دڵم و لە مێشکم و لە چاومدایت» ل ١٦. خشەی بە ئاستەمی پەڕەمووچی دوو شیعری مامۆستا هێمنی مۆکریانیيان پێوە دیارە. ئەڵبەتە یەکەمیان شیعری: «ناڵەی جودایی» ە[٥] و دووەمیان هی شیعری: «سنوور»[٦]

قەرەداغی تەنیا پشتی بە بەهرە نەبەستووە و بایەخێکی هۆشمەندانەی بە سەنعەتەکەی داوە، بۆیە ستروکتورەی (بنیە) هۆنراوەکانی گونجاون و دینامیکین و تۆکمەن.

جاروبار بە چەند شیعرێکی بچکۆلە هۆنراوەیەکی درێژی نووسیوە، کە وەک پاژی سەرجەمێکن، بۆ نموونە شیعری «ئەوانەی ئێشکی گڕدەگرن» ل ٥٢-٥٦. هەندێکیان بە کات: «ئێوارە بوو، ل ٥؛ دوێ شەوێ، ل ١٠٩» دەست پێدەکەن.

شیعرەکانی بە پرۆسێسی کامڵی خۆیاندا دەڕۆن، ئاوا دەست پێدەکەن و گەشەدەکەن دوایی شاعیر بە چەند وێنەیەک کلیلیان دەدا. شاعیر ڕاناوی کەسی سێی تاک بە کار دێنێ و زۆرتر هەر دەنگی شاعیر خۆیەتی، شایانی باسە لە شیعری کلاسیکیشدا ئەم بازدانە لە قسەکەرەوە بۆ (غائیب) هەیە. ئەمەش ڕاستەوخۆیی هات و هاوار و تێقریواندن نییە، بە پێچەوانەوە قەرەداغی زیرەکانە خۆی لە قەرەی مۆدەی: «ئازیزەکەم ، بەفیزەکەم و خۆشەویستم ...» نەداوە، کە سەردەمێ لە شیعری نوێی کوردیدا زۆر باویان بوو.

روونە ئەم شیعرانە ئازادن، قافیە تیایاندا ئەوەندە ڕەچاو نەکراوە، بەڵام کێشەکانیان هەمە جۆرن و ئەمەش خەسیەتێکی تری زەیرەکیی شاعیرن. لە سەرجەمی (٤٤) هۆنراوە (٢٠) یان کێشی چوار بڕگەیی و (٢٠) یان کێشی پێنج بڕگەیی (٣) کێشی تێکەڵی سێ بڕگەیی + چوار بڕگەیی و کێشێکی چوار بڕگەیی + پێنج بڕگەیین.

زمانەکەی قەرەداغی کوردییە و بە زاراوە و وشەی دیالێکتیکە جیاجیاکانی زمانەکەمان دەوڵەمەندە، بەڵام لە هەندێ شوێندا گرێ و گۆڵی زمان و ڕێنووس بەدی دەکرێن، بۆ نموونە:

* باڵە فڕێی لێ دەنیشت و دادەمرکا. ل ٧. واتە دادەمرکایەوە.

* دووبارەبوو، سێبارەبوو، دەبارەبوو ... ل ٧. واتە: دووبارە دەبووەوە.

* ووردەگیانێک بێنێتەوە بۆ پەنجەی من، ل ١٧، ٢٠. واتە: گیان بەبەردا هاتنەوە یان بەبەردا کردنەوە.

* لەگەڵ هەموو هەنگاوێکم. ل ٢٣. پێم وایە دەبێ: لەگەڵ هەموو هەنگاوێکمدا بێ.

چنگەکڕێ بە شاخێکدا هەڵدەزەنم و . ل ٢٣. واتە: بە چنگەکڕێ ... هەڵدەزنێم و.

* چ ون بونێک ئامانجیشی لەخشت بردووم. ل ٢٧. واتە: لەخشتە بردووم.



* لە ئازاری سەختم مەدوو. ل ٦٧. واتە مەدوێ! ... هتد

زۆرجار دوو «یێ» دەنووسێت، کە بە یەکێکیان کار مەیسەر دەبێ، بۆ نموونە: بێزارییدا ل ١٣، بێدەنگییدا ل ١٤ ... هتد

ئەگەر شاعیر بە گوێرەی چێژی زمانی کوردی شتی نوێی گونجاوی دابتاشیایە، ئەوسا مەسەلەکە بە پێچەوانە دەبوو، بەڵام ئەمانە لای من گرێ و گۆڵن.

ڕاستییەکەی دووای بە وردی خوێندنەوەی ئەم شیعرانەی قەرەداغی، بەهرەی ڕەسەنیمان بۆ دەردەکەوێ، ئەگەر زمانەکەی پاراوتر بکات و حسابی سەختتر لە ڕووی هونەری شیعرەوە لەگەڵ خۆی بکات، ئەوسا بەبەڵگەی ئەم دیوانەی، دەتوانرێت بوترێت، کە لە داهاتوودا شاعیر جێگەی شایانی خۆی لە ڕیزی پێشەوەی شاعیرانی کوردی ئیمڕۆدا دەکاتەوە و بەرهەمی ناسکتر و ناوازەترمان پێشکەش دەکات.

## خۆری زیندان

«هێلانەی نوغرۆ - ١٩٨٥» یەکەم بەرهەمی شیعریی چاپکراوی مارف عومەر گوڵە. شاعیر بەسەرەتایەکی دڵخۆشکەرەوە هاتە مەیدان و هەر ئەوسا چاوەڕوانی هەنگاوی باشتری لێدەکرا. وا «خۆری زیندان» یشی بڵاوبوویەوە. بەشێک لە شیعرەکانی ئەمجارەی لە زیندان و بەشی دووەمی «دنیای سپی» لە کەژ نووسراون.

شایانی باسە نموونەی ئەدەبی زیندان لای کورد هەیە. شیعرە ناودارەکەی (بێکەس) ی نەمر، «ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیرکەوتەوە ...»؛ «ئازادی خوای کوردین ئێمە ...» ی (هەردی) و چەند شیعرێکی (گۆران): «تاوانم کرد گەل پێوەنام ...، لە زیندانا چواردەی تەمووز ... هتد» بەڵگەی ئەم قسەیەن. هەرچەندە شیعری «تاوانم کرد ...» مەنەلۆگی زاتیی مرۆڤێکە بە ناهەق گیراوە، بەڵام شیعرەکانی تر دەربڕی هەستی نەبەزانەی تێکۆشەرانێکن، کە ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجەی زیندان بوونەتەوە. ڕاستییەکەشی تا ئێستە وەک پێویستە، ئەندێشە و ژانی گوزەرانی زیندان لە ئەدەبدا، چ لە شیعردا و چ لە پەخشاندا بە چاکی دەرنەبڕاوە و ڕەنگی نەداوەتەوە.

مارفیش بەم تاقیکردنەوە تاڵەدا تێپەڕیوە و ویستویەتی هەست و ئازاری ئەو ڕۆژەسەختانە دەرببڕێ. تاسنوورێکیش هەوڵەکەی سەرکەوتووە، بێگومان دوای قووڵبوونەوە و بەرەوپێشەوە چوون و مشت وماڵ کردنی کەرەسەی هونەریی خۆی، دوور نییە لە داهاتوودا ئەم ئەزموونە کارامانە تر دەرببڕێ.

شاعیر بەگیانی مرۆڤێکی نەبەزی خاوەن مەسەلەوە، کە ژیان و چارەنووسی خۆی بە نەتەوەکەیەوە گرێ داوە، ڕووبەڕووی جەلادە فاشییەکان بووەتەوە، هەرچەندە ئەشکەنجە و ئازار تا سەر ئێسقان ڕۆیشتوون، بەڵام ئەم چۆکی نەداوە و گەیشتۆتە ئەو دووڕیانەی، کە لە نێوانی ژیان و هەڵوێستدا مرۆڤ دەبێ یەکێکیان هەڵبژێرێ. مارف بە هۆشیارییەوە هەڵوێستی هەڵبژاردووە، دەڵێ:

چۆن بتوانم تەنیا باسی یەک ڕۆژ دیلی
بنووسمەوە بەهۆنراوە،
کچۆڵانی سەر گۆی زەوی بیکەن بە وێرد،
بڵێن ئەوەی شیعرێ بڵێ بۆ نیشتمان
هەتا دەمرێ سەوداسەری خۆرەتاوە

٢. «خۆرەتاو»، ل ١١.

شاعیر ئەو شۆڕبوونەوەیەی بۆ ناو قووڵایی ئازارەکانی خۆی، بە هۆی چەند وێنەیەکی بەرجەستە و بەرچاوەوە دەردەبڕێ. دەیەوێ هەموو دیمەنی تاڵی ئەو ئازار و لێدانە بکاتە تابلۆیەکی ڕەشی سەرجەمی زیندان و بە شیعری نیگار ئامێز و کسپە لە دڵ هەڵسێنەر ئەو ساتە سەختانە دەرببڕێ ... دەڵێ:

چاوی دەبێ بەگۆمی خوێن،
جەستەی دەبێ بە کراسێ ئاودامان مۆر،
دەستی دەبێ بە درەختێکی چەماوە،
ئەوەی یەک ڕۆژ چاوبەستی کەن،
هەتا دەمرێ بیری لەلای خۆرەتاوە ...

«خۆرەتاو»، ل ١٢

ئەمەش چەند نموونەیەکی تری ئەو وێنە وردکێشراوانەی ژیانی زیندانن: «سەری دەبێ بە دووکەڵی نائومێدی، یا دەبێتە خۆری ئومێد، بەڕووی دەشت و دەرا دەچێ، ژێرپێی دەبێ بە گڕێکی هەمیشەیی. ل ١٤، پەنجەی وەکوو گوڵە نێرگز، کە هەڵکێشرێ لە کێڵگەی تەڕ. ل١٥، چاو ئەبڕێتە ئاسۆی گەشی سبەینانی شەوگاری خۆی. ل ٢١، جەستەم وەک خەرمانی داگیرساو جارجارێ بڵێسەی هەڵدەستا، جارجارێ وەک گڕی دامرکاو دەبوو بە خۆڵەمێش، نەیەکێ، نەدووانن، نەسیانن، گەلەگورگ تێم بەربوون. ل٢٥».

بەشی دووەمی شیعرەکانی «دنیای سپی» باسی ژیانی پێشمەرگایەتییە، بێگومان ئەمە هەڵوێستی دوای لە زیندان بەربوونیەتی، لە رووی بۆچوونی فیکرییەوە هەر بەردەوامیی رێبازی پێشووی هەڵبژێردراویەتی. لەم رووەوە دەڵێ:

هەر لەوێ هاتم،
دەمزانی دڵم لەژێرپێی ئەسپی سەفەردا دەگری،
دەمزانی چاوم،
هەردو و کەلی سەخت لەگەڵ خۆی دێنێ،
ئاگری قینی نێوان ئەم و ئەو
هەزارانی وەک من دەسووتێنێ ...
هەر لەوێ هاتم،
کەپری گڕتێچوو، گوندی وێرانە،
لووتکەی تەم گرتووی ئەم نیشتمانە ...
لە تاو شالاوی ژەندرمەی دوژمن،
گشتیان ئالانە سەری پرکێشەی گەلێکی وەک من...

٢ «باران»، ل٥٦

پاڵەوانەکانی شیعری ئەمیش وەکو هی قەرەداغی، پێشمەرگەن، شەهیدن، دەفتەری هۆنراوەی ئەمیش بووەتە رۆژژمێری ژیانی رۆژانەی پێشمەرگە. شاعیر سەرکەوتووانە دەگەڕێ و هەندێ لادیمەنی ئەو دنیایەمان پیشان دەدات. لە بەراورد « لێکچواندن»ێکی زیرەکانەدا ئەم وێنە بەرچاوانەمان بۆ دەکێشێ:

وەک پشکۆی کوانووی
لەدەور ئاڵاوی وەرزی بەفرانبار،
کوردستان سوورە ..
ئێمەش لە وەرزی سەرما و سۆڵەدا،
بەدەوری تەرمی شەهیدەکانا،
ئەڵقە دەبەستین...

یان وێنەیەکی تری ئەو ژیانە وەک نیگارکێشێ بێگومان بە وشە، سیما و بالاّ و ئالأیی پێشمەرگەیەکمان دەهێنێتە پێش چاو...

ئاخۆ ئێستا پێشمەرگەیەک لە کوێوە بێ،
تا ئەژنۆی تەڕ، پەنجەی سڕ بوو،
گوێچکە و لووتی سوورەوە بوو،
نامەیەکی بچکۆلانەی بۆ من پێ‌بێ

٢. «دونیای سپی»، ل ٦٠

کارەساتی دیمەنی گوندی لەلایەن دوژمنی فاشییەوە چۆڵکراو و خاکی وێرانکراو و بەگازی ژەهراوی رشێنراو، لە هەندێ هۆنراوەیدا دەنگیان داوەتەوە، دەڵێ:

گوندی سوتاوی،
پاش ئاوەدانیی بەرچاوی خۆتان نەبینیوە،
ئاژەڵی ژەهر گرتوتان نەبینیوە،
دووکەڵی سەر رەز و باغی دووای تاریکی
چاوی خۆتان نەبینیوە...

٢. «چاوی جاران» ل ١٠٦

یان دەڵێ:
سووپای داگیرکەر کلاوی رەشی تەعریبی لەسەر لووتکەی شاخ ناوە.
ل١٠٣

شاعیر ویستویەتی هەندێ ناوی دیاری مێژووی نەتەوەکەمان، وەکو هی:
«ئەحمەد موختار جاف، حوزنی موکریانی، ... هتد» بکاتە رەمز و گیانێکی شیعرییان بەبەردا بکات، بەڵام بەلای منەوە، لەم هەوڵەیدا سەرنەکەوتووە. جگە لە تەئسیری ئاشکرای فۆلکلۆر و زاراوەکانی، جاریکیش دێڕە شیعرێکی بەکارهێناوە. ل١٧.
مارفیش کێشی جیاجیای لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە. لە (٤٢) هۆنراوە، (٢٩)یان کێشی چوار بڕگەیی و (٩)یان پێنج بڕگەیی و (٣)یان سێ بڕگەیین. لە یەکێکیشیاندا کێشی چوار بڕگەیی و سیانیی ئامێتە کردووە. شایانی باسە، جگە لە چەند شیعرێکی درێژ،



هۆنراوەکانی مارف زۆرتر کورتن، لای قەرەداغی بە پێچەوانەوەیە، زیاتر هۆنراوەی درێژ و مام ناوەندی هەن و هی کورتی کەمترن.
لای مارف رەوانیی زمان هەست پێ دەکرێ، ئەمەش ئامێرێکی گرنگی کەرەسەی شیعرە، بەڵام هێمانێ گرێ و گۆڵی زمانی ناوبەناو ماوە، بۆ نموونە دەڵێ:
* بەدیار ئێسکی لەشی خۆمدا. ل ٥ واتە لەشی خۆمەوە.
* ئەوەی بە رووی سبەینێدا پێ بکەنێ، ل١٣ دیسانەوە بە رووی سبەینێوە... هتد. لە هەندێ شوێندا «دا» نانووسێت، یان نموونەی هەڵەی باوی تری رێنووسی لەم جۆرەی هەیە، بێگومان لەم رووەوە رای جیاواز هەن، ئاخۆ لە شیعردا، یان بە شێوەیەکی گشتی، بنووسرێن یان نە؟. من ئێستا لام وایە تەنانەت لە شیعریشدا ئەگەر پێداویستی داهێنان نەیسەپێنێ، دەبێ بنووسرێن.
مارف بەم زمانە سەرجەم رەوانەیەوە، ئەگەر تقاق و کەرەسەی هونەریی تری شیعر سازتر بکات و بەهرەی زاخاو بداتەوە، بەرهەمی چاکترمان پێشکەش دەکات.

## پەراوێزەکان:

١- عەبدوڵلا قەرەداغی. لە پەرستگای چاوەکانی نیشتماندا نوێژێکی دی، کوردستان ١٩٨٧، (دواتر -١-).
٢- مارف عومەر گوڵ. خۆری زیندان، کوردستان ١٩٨٧، (دواتر -٢-).
٣- مەولەوی. دیوانی مەولەوی، لێکۆڵینەوە و لەسەر نووسینی مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس، بەغدا، ١٩٦١، ل ٤٦٧.
٤- هەمان سەرچاوە، ل ٣٦٩.
٥- هێمن «ناڵەی جودایی» «شیعر» ، بەغدا، ١٩٧٩،
٦- هێمن «تاریک و روون»، بنکەی پێشەوا، ١٩٧٤.

تا ئەوەندەی هونەرکار لە باوەڕی بێخەوشەوە هونەرەکەی خۆی بکاتە خزمەتکاری ئیلتیزامەکەی چ ئیعتیرازێکم نییە، لەوە بەولاوە دوو رەخنەی یەکجار گەورە یەخەگیری هونەرکاری مولتەزیم دەبێ:
رەخنەی یەکەم لەوەدایە، کە گومان لە دڵیدا پەیدا بێت و بەزۆرەملێی ترسنۆکانە گومانەکە بەباوەڕی ساختە کپ بکا.

رەخنەی دووەم ئەوەیە، کە رێ بدات بە دەسەلاّتی لە خۆی گەورەتر خۆهەڵقوتێنێ لە کارە هونەراویەکەی، ئیتر بە خاترانە سەوز بە قاوەیی بگۆڕێت و لە درێژی و کورتیی ئەندامی پەیکەرەکانی زیاد و کەم بکاتەوە و پلەی هەڵپە و دڵگەرمی مۆسیقاکەی بە پێی ئارەزووی لە خۆ گەورەتران خواروژوور ببات...
هەڵبەت لێرەشدا نامەوێ داوای قارەمانەتی لێبکەم و بڵێم دەبێ مل بداتە یاخیگەری بێجێ و بێباکانە: من ئەوەندە دەڵێم دەبێ حورمەتی هونەرەکە و بیروڕاکەی خۆی بەوەدا بگرێ، کە لە خۆوە بەرەوپیری توانەوەی ئیرادە و سوانەوەی زاتییەوە نەچێت و خۆشامەدی لە (بەردەستایەتی) خۆی و (دەسەلاّتداریەتی) چاوسوورکەرەوە نەکات، بەخۆڕاییش نەبێتە کوتەکی دەستان دژی هونەرکاری ئازاد و خاوەن زاتی بەهێز و پێز، لەمەشدا شتێکی ئەوتۆم داوانەکردووە لە نرخی (هونەر) بەزیاد بگیرێت.

مەسعوود محەمەد
«مرۆڤ و دەوروبەر»
بەرگی یەکەم، ل ١١٤-١١٥.

# بانگەوازێک

لە کاتێکدا کە ئەم بانگەوازەی برایانی کۆمیتە بلاودەکەینەوە، دەمانەوێ سەرنجی خوێنەرانی گۆڤارەکەمان بۆ ئەوە رابکێشین کە بلاوکردنەوەی بانگەوازەکە هەرگیز ئەوە ناگەیێنێ کە ئێمە پشتگیریی بیروباوەڕ و هەلوێستی جاران یا ئێستای مەلا بەختیار و هاوڕێکانی دەکەین. بەلام لەبەر ئەوەی گرتنی ئەوان لەبەر بیروباوەڕەکەیانە، ئێمە، لە پێناوی سەرکەوتنی دیموکراسی و ئازادیی بیردا، خۆمان بە بەرپرسیار دەزانین کە لێی بێدەنگ نەبین.

«مامۆستای کورد»

وا پتر لە دوو ساڵە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سێ پێشمەرگەی تێکۆشەر – مەلا بەختیار و شێخ عەلی و مامۆستا پشکۆی لە بەندیخانەکانی خۆی توند کردووە.
ئاشکرایە کە ئەم خەباتکەرانە کەسانێک بوون، کە دەورێکی بالایان لە دامەزراندنی کۆمەڵە و شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا هەبووە. رەنگە پێویستی بەوە نەبێ ئەم سێ جوامێرە بە جەماوەری هەراوی خەڵکی کوردستان بناسێنین، چونکە خۆیان ناسراون و دەیان لاپەڕەی سەروەری و ئازایەتییان هەیە و چەندین لە کەسوکاریان شەرەفی شەهیدبوونیان پێبڕدراوە.
بێگومان زۆربەی خەڵک ئاگاداری ئەو جیاوازیی بیروراوهەلوێستەیە، کە لەسەر کۆمەڵێ مەسەلەی فیکری و بۆچوونی سیاسی، ریزەکانی یەکێتی نیشتیمانی و بەتایبەتیش کۆمەڵەی رەنجدەرانی گرتبوو، کە بە پێویستی نازانین لێرەدا درێژە بەم باسە بدەین. ئەم جیاوازی و لێک ترازانە سیاسییە، لە کاتی وتووێژی یەکێتی لەگەڵ رژێمی بەعسی فاشیدا گەیشتە لووتکە و دووای شەڕهەڵگیرسانەوەش تەقییەوە.
پوختەی مەسەلەکەش ئەوەبوو، کە کۆمەڵێک لە رابەران و ئەندامانی کۆمەڵە هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەی، کە چیدی ناتوانن لە ریزەکانی کۆمەڵە و ی.ن.ک. دا درێژە بە خەباتی خۆیان بدەن و دەیانویست لە رێکخستنێکی دیدا خۆیان کۆبکەنەوە و خەبات بکەن دژی رژێم.
بۆ ئەم مەبەستەش لە مانگی ١٠/١٩٨٥ دا ئەو سێ هاوڕێیە دەچنە سەرکردایەتی ی.ن.ک. و لەگەڵ سکرتێری گشتی یەکێتی و هی کۆمەڵەشدا دەکەونە گفتوگۆ و بەو پەڕی راشکاوییەوە نیاز و هەلوێستی خۆیان دەخەنە روو. هەردوو سکرتێر بە سەرزارەکی رەزامەندی خۆیان پێشان دەدەن و ستایشی ئەم راستگۆیی‌یەیان دەکەن و پێیان دەڵێن، کە پاش ماوەیەکی تر و بەرەسمی و یەکجاری بیروڕای سەرکردایەتییان پێ رادەگەیەنن. بەلام راگەیاندنەکە بەوە شکایەوە، کە لە ١٩٨٥/١١/١ دا کاک شێخ عەلی و لە ١٩٨٥/١١/٢ دا مەلا بەختیار و مامۆستا پشکۆ و پێشمەرگەکانیان چەک دەکەن و دەیانگرن، کۆمەڵێکی زۆریش لە لایەنگران و پێشمەرگەکانی ئەم رێبازە تووشی راونان و ئازاردان بوون.
لە کاتێکدا، کە وا تەبایی و ئاشت بوونەوە و دەنگوباسی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی خەریکە هیوایەک دەبەخشێتە جەماوەری ئەشکەنجە و ئازاردیدەی نەتەوەکەمان و هەموو لایەنەکانیش لە بلاوکراوە و چاپەمەنییەکانی خۆیاندا باسی سەربەستی و ئازادی بیروباوەڕ، لە خاکی رزگارکراوی کوردستاندا دەکەن و خۆیان لە دەست ئیرهاب و شالاوی دڕندانەی دەوڵەتە فاشییەکەی عیراق، پەنا بۆ دەزگا و رێکخراوە دەوڵەتییە مرۆڤدۆستەکانی جیهان دەبەن و ناڕەزایی دەردەبڕن، بەڵێ لە بار و زروفێکی ئاوادا، مایەی دڵگرانی و ناڕەزایی و مەخابنە، کە خۆشیان پێشمەرگەکانی هاوسەنگەری دوێنێ یان لەسەر جیاوازیی بۆ چوون و بیروڕا لە زیندان توند دەکەن. هەر بەوشێوەیەش «پەشیمان نامە» یەکیان بە ناوی ئەم سێ تێکۆشەرەوە بلاوکردۆتەوە، کە ئەمەش خۆی نابێ رەفتاری هێزێکی سیاسی کوردستانی بێت، کە ئامانجی رزگاریی نەتەوەیی‌یە.
ئەگەر ئەم سێ هاوڕێیە خیانەتیان دەرهەق وڵات و نەتەوە و پێشمەرگە کردوە، با سەرکردایەتی ی.ن.ک. لە بەیاننامە و دەزگای راگەیاندنی خۆیدا بۆ جەماوەری بخاتە روو، ئەگەر وایە با بدرێنە دادگایەکی ئاشکرا و ئازاد تا ئەوانیش بتوانن داکۆکی لە هەلوێستی خۆیان بکەن. ئەمە هەر ئەو پەندەی میللەتانی ترمان وەبیردێنێتەوە، کە دەڵێ: «شۆڕش سەری رۆڵەکانی خۆی دەخوا».
پەنا بردنە بەر زۆر و ئیرهاب لە دژی کەسانی تێکۆشەر و ئازادیخوان، لە دژی هاوسەنگەر و هاوڕێیانی دوێنێ، هەر کێ یەک بیکات نیشانەیەکی بەد و بە پەند بووە و کردەوەی کەسانێک نییە، کە باس لە نەتەوە و خاک رزگارکردن بکەن، ئەوەندەی مانای هێز و دەسەلات سەپاندنە ئەوەندەی مانای رەوایی و لەسەر حەق بوونی ئەو کەس و لایەنانە نییە، کە ئەم جۆرە کارە دەکەن. بەڵکو ترسە لە بەرانبەر، ترسە لە ئازادی بیرکردنەوە، ترسە لە جەماوەر و لە راستیشدا باوەڕ بەخۆ نەبوونە ...
ئێمەی کەسانی خاوەنی ئەم هەلوێستە، هەلوێستی داکۆکی کردن لەو هاوڕێیانە و هەوڵدان بۆ ئازاد کردنیان، رووی دەم دەکەینە جەماوەری هەراوی گەل، هاوار لە پێشمەرگە قوربانیدەر و تێکۆشەرەکانی کوردستان و هەموو رێکخراو و حیزبە کوردستانییەکان و ئازادیخوازانی ناوچەکە دەکەین، کەدەنگی نارەزایی خۆیان هەلبڕن و داوا لە سەرکردایەتی ی.ن.ک. بکەن، کە ئەو هاوڕێیانە ئازاد بکات.
دەسا، ئەگەر راستە ئازادی بیر هەیە، با لە پراکتیکدا خەلک بیبینێ. دەبا ئازادکردنی ئەم سێ هاوڕێیەش ببێتە نیشانەیەکی تری ئەو تەبایی و ئاشت بوونەوە کوردستانییەی، کە هیوادارین بەردەوام و بەربەخش بێ .

کۆمیتەی ئازادکردنی
مەلا بەختیار و هاوڕێکانی
ئاڵمانیای رۆژاوا



# هەڵەبجە،
# هیرۆشیمای کوردستان

گەلێ جار، لەم دوورەولاتییە، کۆڕ دەبەستین و کۆدەبینەوە و رازی ئەوینی نیشتمان و دەردی دابڕان بۆ یەکدی دەردەبڕین.
گەلێ جار فرمێسکی وەفا و دڵسۆزی بۆ شەهیدبوونی ئەم پێشمەرگە، لە سەنگەری جوامێریدا، و تیربارانکردنی ئەو تێکۆشەر، لە تاریکە شەوی زیندانی داگیرکەراندا، هەڵدەڕێژین. خەم دەخۆین و دەگرین و بەڵێنی بەردەوامبوون و بەربەرەکانێ دەدەین... بەلام ئەم جارە و ئەم بەهارە، گریان و خەم و فرمێسکمان بۆ شەهیدبوونی شارێکە. ئەم جارە بۆ برینێکی بە سوێ، بۆ ژانێکی بێ ئامان، بۆ جێتیرێکی بێ هەتوان کسپە لە جەرگ و دڵمانەوە هەڵدەستێ. ئەم جارە بۆ شاری جوانەمەرگ، بۆ شاری شەهید، بۆ شاری سەربڕاوی هەڵەبجەیە شین دەگێڕین. دەی، ساتوخوا، با بێ شەرم، گریانی پەنگخواردووی دووهەزار ساڵەمان لە هەناو ئازادکەین، بانگ هەڵدەین و **سیروانی سروشکمان با بکا هاژە لەسەردا.**

وامان دەزانی هەڵەبجە هەر بە ناو و باسی **عادیلە خانم و تایەربەگ** و **ئەحمەد موختار جاف** و **گۆران** بەناوبانگ دەبێت و دەناسرێ. نەمانزانی رۆژێک دێت لەمسەر تا ئەو سەری دنیا هەڵەبجە دەبێتە نیشانەی خوێن و مەرگ و شەهیدبوون، ژێردەستی و زۆرلێکراوی و ئاوارەبوون.
وامان دەزانی هەر ئێمەی کورد هەڵەبجە دەناسین و دەزانین لە سێبەری چیا سەربەرزەکانی هەوراماندا راکشاوە و چاوەشینەکانی لێک ناون و خەون بە ئازادی و رزگاربوونەوە دەبینێت... نەمانزانی رۆژێک دێت ئینگلیز و ئەمریکایی، سوێدی و نۆروێژی و دانمارکی و فینی، ئەڵمانی و فەرانسەیی و ژاپۆنی، هەموو دەبنە ئاشنای برینە سوورەکەی سەرسینگی رۆژهەلات.
– *ئەرێ برا، تۆ خەڵکی کوێی ؟!*
– *کوردستان.*
– *کوردستان ؟! لەکام بەشی دنیایە ؟!*
– *لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست.*
– *هەڵەبجەش لە رۆژهەلاتی نێوەڕاست بوو...؟!*

ماوەی پەنجا ساڵە، ئەمە دووەمین جارە دنیا ناومان دەبیستێ و دەمانناسێ... ماوەی پەنجا ساڵە، بەهۆی دوو ناوەوە، دوو ناوی کورتەوە، خەڵکی ئەم گێتییە پڕ لە ژاوەژاوە ئێمەیان ناسیوە؛ یەکێکیان **بارزانی** بوو... ئەم جارەشیان... وەی چارەڕەش خۆمان، وەی باوان وێران خۆمان، ئەم جارەشیان **هەڵەبجە**... ئەویان نیشانەی خەبات و هەڵمەت و قارەمانی، ئەمیان نیشانەی ژێردەستی و زۆرلێکراوی. ئەویان نیشانەی هێز و هێرش و راماڵین، ئەمیان نیشانەی بێدەسەلاتی و کلۆلی و کەوتن...
وتمان سەردەمی ئیپرەس و گێرنیکا و هیرۆشیما و ناگازاکی بەسەرچوو، ئیتر کەس ناوێرێ پێ وا لار دابنێ. نەمانزانی ئەم سەدەی بیستەمە ئەوەندە کورددۆستە، بەجێمان ناهێڵێ تا ناوی شارێکی

کوردستانیش لە دەفتەرە گوڵڕەنگەکەیدا دەنووسێ.
وتمان کەمالیست و نازیستەکان لەناوچوون، ئەمەریکا لە سەرەمەرگدایە و رووسیش تووشی ئەریتیریا و ئەفغانستان بووە. نەمانزانی داگیرکەرانی عارەب تۆڵەی ئابرووی تکاوی خۆیان، تۆڵەی شەرەفی ژێرپێخراوی خۆیان، تۆڵەی سەرشۆڕیی و بەزینی خۆیان لە ژن و منداڵ و پیرەمێردی کوردی بێچارە دەکەنەوە...

هۆ گەلی کورد، هۆ نەتەوە کلۆڵ و سەربەرزەکەی رۆژهەلأت...
هۆ سوارە شیکەکەی چیای زاگرۆس، هۆ کوردی مرۆڤ دۆستی ئاشتیخوازی بێولأت...
نە خەم بخۆ و نە فرمێسک هەڵوەرێنە... هەموو جیهانت لە پشتە و هەموو گەلانی ئەم دنیا پانوپۆڕە، بە شەووڕۆژ، بۆ تۆ دەگرین...
**ئەوە ئەورووپا:** ناوەندی شارستانی و هۆش و بیر و تەکنەلۆژی...
**ئەوە ئەمریکای یەکگرتوو:** پارێزەری مافی مرۆڤ و ئازادی...
**ئەوە سۆڤیەت:** قەلأی بەرزی سۆسیالیزم، دۆستی گەلانی بندەست و مەکۆی تازەی ئایدۆلۆژی...

هۆ لاوە بالأبەرزەکانی کوردستان، کچانی قژکاڵ و پرشنگی نیگا کاڵ...
هۆ نەوەی شۆڕشگێڕی چەپ و راست ...
ورتەورتی چیتانە و مشتومڕ بۆچی دەکەن... هەرچی بیروباوەڕ و هێڵی سیاسی و ئایدۆلۆژی و فەلسەفەی ئەم سەردەمە هەیە سەریان لە قوڕ ناوە بۆ هەڵەبجە.
هەرچی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕ و چەپ و چەپخوازی ئەم سەرزەمینە هەن، هەموو پرسەیان بۆ شاری هەڵەبجە داناوە:
**سۆڤیەت:** پێنج کارخانەی تۆپ و تفەنگ و تانک دروستکردنیان ناوناوە هەڵەبجە و رۆژنامەی **پراڤدا** ژمارەیەکی تایبەتی دەردەکات.
**چین:** کۆشکی فەرهەنگی شاری بێیژینگیان ناوناوە هەڵەبجە.
**ئەلبانیا:** بەناوی هەڵەبجەوە تیپێکی مۆسیقایان دامەزراندووە.
**یاسر عەرەفات و جۆرج حەبەش:** جامانەیان لە خوم ناوە و ناوی ئۆردوگایەکیان کردۆتە هەڵەبجە...
**حافز ئەسەد:** ناوی لەشکری سەد و بیستەمی گۆڕی و کردی بەهەڵەبجە،
**کۆلۆنێل قەززافی:** تازەترین چاپخانەی لیبیای ناوناوە هەڵەبجە و چاپی چلهەمی کتێبی سەوز لەوێ دەکات.

هۆ منداڵە ئێسکسووک و خۆشینەدیوەکانی هەڵەبجە، هۆ ژنە کۆستکەوتووەکان، پیرەمێردانی دەربەدەر... مەگرین و مەکڕووزێنەوە، لە چیتان کەمە، دەبڵێن لەچیتان کەمە:
* ئەگەر گەلانی دنیا یەک سەرۆکیان هەیە، ئەوەتا، خوانەیبڕێ، ئێمە یەک دەرزەنمان هەیە...
* ئەگەر ولأتان دووسێ پارتییان هەیە، خۆشی لە خۆمان، ئێمە دیموکرات و نیشتیمانی، نەتەوەیی و کۆمونیست، ئیسلامی و سۆسیالیست، گەل و شۆڕش و زۆری دیکەشمان هەن...

ئەم بەهارە، وەرزی مەرگ و بۆمبی گاز و خاکی وێران چاوەڕوانی هەڵەبجە بوو.
ئەم بەهارە دەشت و لاڕێ و گوێچەم و لاپاڵ بوون بە دەخمە، هەموو ولأتی گوڵعومەریان کردە گۆڕستان.
ئەم بەهارە دوا بەهار و دوا نەورۆز و دوا وەرزی تەمەنی هەڵەبجە بوو.

هۆ خەڵکی ئاوارەی هەڵەبجە، خەڵکی بێ شار، خەڵکێ کە **جاران** هەڵەبجەیی بوون...
هەڵەبجەیییەکانی بێ هەڵەبجە! دڵ لە دڵ مەدەن و نیگەران مەبن...
شارتان بۆچییە و بازاڕ و مزگەوت و قەیسەری چین...؟!
فەرموون هەمووتان وەرن، لە بارەگای **نەتەوە یەکگرتووەکان** جێگەتان بۆ دانراوە.
فەرموون لە خانووی **سپی میوان** بن.
فەرموون لە **میوانخانەی دۆستایەتی و سۆسیالیزم،** هەموو بیست هەنگاوێ لەولای کرێملەن و ئارامگەی حەزرەتی لینینەوە، دابەزن.



ئەم جارە شارێکتان بۆ دادەمەزرێنن وەکو بەهەشت وابێ... سەرمایەدار و سۆسیالیستەکان، دیموکرات و نا دیموکراتەکان، لایەنگر و بێلایەنەکان، پرۆلیتاریای هەموو دنیا، گەلانی دنیای سێهەم و چوارەم ... هەموو، هەر هەموو، قۆڵی لێ هەڵدەماڵن و دێنە هاناتانەوە و شارێکتان بۆ دروست دەکەن، سەد ئەوەندەی هەڵەبجەکەی جارانی خۆتان جوان و دڵگیر بێ. ناوی بنێن **نیووهەڵەبجە** وەک **نیوویۆرک** و **نیوودەلهی**... نا، نا بیکەنە **هەڵەبجەگراد**، وەکو **لینینگراد** و **ستالینگراد.**
خۆتان هیچ مەکەن، هەر تەماشا بکەن. کە تەواو بوو، فەرموون یەک یەک وەرنە پێشێ، کلیلی ماڵەکانتان وەرگرن و پیرۆزتان بێ. حەزدەکەن ئاوارە و لێقەوماوەکانی **قەلأدزێ** و **بانە** و **قەسری شیرین** و **زنوەش** بانگ بکەن، با لاتان میوان بن.

نابەزین و نابەزین...
ئەدی بەزین چۆنە ؟! ئەی تێشکان و ماڵوێرانی و فەوتان ئەمە نەبێ کامەیە ؟!
نابەزین و نابەزین...
چاک بەزین و خراپ تێشکاین... ئەوە نییە پۆستاڵی داگیرکەرانی **عارەب** و **فارس** و **تورک** ئاوڕوومان پێشێل دەکات ؟! ئەوە نییە چەکمەی دوژمنان سەربەرزی و پاڵەوانی و شانازی و هەموو کەش و فشێکمان پێپەست دەکات ؟!

ئەمەیە ئەنجامی کوردایەتیی بەرگریکار، کوردایەتیی براپچووکی کردنی پێشکەوتنخوازانە، ئەمەیە ئەنجامی کوردایەتیی سەلار...

کوردایەتی ئەسپێکی ئاگرینە، مەیکەنە دابەستەیەکی تەمەڵ و تەوەزەل. مەیکەنە بارگیری کۆلکێشانی دەراوسێ بەرێزەکان. بەری بدەن، با شەووڕۆژ چوارناڵە غاربکات و بحیلکێنێ...
کوردایەتی پڵنگێکە بێچووی دزراوە، مەیکەنە مەڕی بێدەسەلأت، رێگەی بدەن، با چنگ و کەڵپەی بە خوێنی دزەکان سوور بکات، با تۆڵە بستێنێ...
کوردایەتی شێرێکی برینداره، مەیبەنە لای بەیتاڵ و دوکتۆر، بەرەلأی کەن، با بنەڕێنێ و هەڵمەت ببات، بکوژێ و برووخێنێ...!!

هەیاس

# MAMOSTAY KURD

NR. 6 * SPRING 1988

EDITOR-IN-CHIEF : FERHAD SHAKELY

ADDRESS :

MAMOSTAY KURD
BOX 615
191 26 SOLLENTUNA ,
SWEDEN.